**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٤

**١٩٩٢ ــ بەرگی چوارەم**

---

چاپی یەکەم ١٩٩٨

# پێڕست:

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٩) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٠/١١/١٩٩٢ ——— ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٠) چوارشەممە ڕێکەوتی ١١/١١/١٩٩٢ ——— ل٢٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥١) پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٢/١١/١٩٩٢ ——— ل٥٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٢) شەممە ڕێکەوتی ٢١/١١/١٩٩٢ ——— ل٩٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٣) یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٢/١١/١٩٩٢ ——— ل١١٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٤) دووشەممە ڕێکەوتی ٢٣/١١/١٩٩٢ ——— ل١٣٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٥) سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٤/١١/١٩٩٢ ——— ل١٦٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٦) پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٦/١١/١٩٩٢ ——— ل١٩٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٧) شەممە ڕێکەوتی ٢٨/١١/١٩٩٢ ——— ل٢١١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٨) یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٩/١١/١٩٩٢ ——— ل٢٦٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٩) سێ شەممە ڕێکەوتی ١/١٢/١٩٩٢ ——— ل٣١٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦٠) دووشەممە ڕێکەوتی ٧/١٢/١٩٩٢ ——— ل٣٢٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦١) سێ شەممە ڕێکەوتی ٨/١٢/١٩٩٢ ——— ل٣٨١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦٢) چوارشەممە ڕێکەوتی ٩/١٢/١٩٩٢ ——— ل٤٢٣

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی بەڕێز عەبدولکەریم کردی بەراستی ئێمە بەشتێکی باشی دەزانین، ئێستا هەمووومان دەزانین باری بازاڕ لەچی دایە، لەو رایەشین کە چەند بڕوامان بە (میکانیزمی) بازاڕ هەبێت دوور کەوینەوە لەو قەرزەی کە جاران هەبووە لە رژێمەوە بووەتە هۆی رووداني کارەسات، ماوەیەکە بازاڕی کوردستان بوویتە لیبرالیەت، بەڵام پێویستە لەم کاتەدا چاودێریەکی تەواو هەبێت لەسەر جۆری ئەو شتانەی کە دەهێنرێن بۆ کوردستان، تەنیا خواردەمەنی و جلوبەرگی پێویست بهێنن، بەرای من حکومەت خۆی کەلوپەلی خواردەمەنی بهێنێ بە نرخێکی گونجاو بیفرۆشێتەوە.

پێشنیارەکەی بەڕێز عەبدولکەریم بەم جۆرەیە کە لیژنەکانی پەرلەمان کۆبوونەوە بکەن بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە، بەرای من زیاتر تەرکیز بکرێت لەسەر لیژنەی دارایی.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکە حەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر مەسەلەی ئەمەنی بەرای من لیژنەی کاروباری ناوخۆش بەشدار بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە ئەوەیە کە لیژنەی دارایی و لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان لیکۆڵینەوە بکەن لەسەر بابەتی نرخ و، هێنانی کەلوپەلی خواردەمەی بۆ کوردستان.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من باشترە هەر پێشنیارێک گفتوگۆی لەسەر تەواو بێت، پاشان ئاراستەی لیژنەکان بکرێن.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەم بابەتە پەیوەندیی بەهەموو کەسێکەوە هەیە هەموو کەسێک ئاگای لە کێشەکە هەیەو، بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەو پێشنیارە باشترە بدرێت بە لیژنەی دارایی و، لیژنەی ناوخۆ بۆ گەڵاڵە کردنی پاشان بدرێت بە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم پێشنیارەی بەڕێز (عەبدولکەریم کاکە حەمە) وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکە پەسند کرا.

ئێستا دەگەڕێینەوە سەر بەرچاوخستنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ (وەزیری داد):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە وەزارەتی داد پرۆژەی ئەم یاسایەمان داناوە کە ناوی یاسای دەسەڵاتی دادوەرییە (السلطة

القضائية)و، خەڵكی پسپۆڕ پێی هەڵساون، ئەم یاسایە مادەی سیاسی تێدا نییە، بەڵكو مادەكانی لایەنی تەكنیكی و ڕێكخستنی ئیشوكاری وەزارەتی داد دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێزت كاتی خۆی لەگەڵ لیژنەی یاسادا باسی ئەو تێبینییانەت كردووە، گومان لەوەدا نییە كە ئەو شتانەیان ڕەچاو كردووە.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنها بابەتێك هەیە جێگای گفتوگۆیە لەم یاسایەدا ئەویش ئەوەیە ئایا وەزیر هەڵدەسێت بە ئەركی سەرۆكایەتی كردنی دادگای پێداچوونە كە دادگایەكی باڵایە لەهەرێمی كوردستاندا؟، یان سەرۆكی دادگای پێداچوونە هەڵدەسێت بە سەرۆكایەتی كردنی ئەو ئەنجوومەنەی كەپێ ی دەگوترێت ئەنجوومەنی دادوەری (المجلس القضائي)، بەرای ئێمە دەسەلات بدرێتە وەزارەت دادو، لەناو وەزارتدا (مـحـاور) دروست نەبێت، چونكە بەدروست بوونی مـەحـاور لە ناوەزارەتدا ئیشوكار بەباشی بەڕێوە ناچێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بێگومان ئێمە دوو پرۆژەی ئەو یاسایەمان لەبەر دەستدایە جگە لە پرۆژەی حكومەتی عێراقی ساڵی (١٩٦٣) كە وەك سەر چاوەیەك لەلایەن وەزارەتی دادەوە بۆمان هاتووە، بەرای ئێمە ڕێكوپێكترین پرۆژە بوو، بۆیە ئەوەشمان كردوەتە بنچینەیەك بۆ یاسایەك كە ئێستا ئێوە بریاری لەسەر دەدەن.

سەبارەت بە رای لیژنەی یاسا هیچ شیرازەی پرۆژەكەمان نەگۆڕیوە ماددەكان وەكو خۆیەتی، كاتێك دەچینە سەر گفتۆگۆ كردنی مادەكان ئەو تێبینییانەی كەهەمانە پێشكەشی دەكەین، ئینجا ئەگەر تێبینییەكە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند بوو دەنگی لەسەر دەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی پرۆژەكەی وەزارەتی داد كە ئێمە هەموارمان كردووە بەو شێوەیە:

استنادا الی احكام فقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون المجلس الوطني قانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢، وبناءاً علی ما عرضه وزير عدل، ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ (          ) اصدار القانون الاتي:

قانون رقم (          ) لسنة ١٩٩٢ قانون السلطة القضائية لاقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشەکیەی کە لە پرۆژەی وەزارەتی دادەوە هاتووە ئێمە لە لیژنەی یاسادا گۆڕیمان، چونکە هەموو یاساکان دەبێت یەک پێشەکیان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم پێشەکییە؟. نییە؟. کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەو پێشەکییەی خوێنرایەوە وەکو خۆی وەبگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الاولى: المحاكم مستقلة لا سلطان عليها لغير القانون ولا يجوز لأية سلطة او شخص التدخل في استقلال القضاء او التدخل في شؤون العدالة.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموو دەستورەکانی جیهاندا دەگوترێت (القضاء مستقلة) نەک (المحاكم مستقلة)، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم مادەکە بەم شێوەیە بێت: (القضاء مستقلة لا سلطان عليه لغير القانون... الخ)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری داد هیچ تێبینییەکت هەیە لەسەر ئەو پێشنیارە کە وشەی (المحاكم) بگۆڕدرێت بۆ (القضاء)؟.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە دەستور نییە، بەڵکو یاسایەکی تایبەتییە بۆ رێکخستنی کاروباری دادگاکان، لەبەر ئەوە پێویستە ناوی دادگا بێت لەم یاسایەدا، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لەگەڵ رای وەزیری دادم، بڵێین (محاکم) باشترە لەوەی بڵێین (القضاء)، لەبەرئەوەی یەکەم: دەستورمان نییەو، نازانین کەی دایدەنێین.

دووەم: مەسەلەی دادگاکان زۆر گرنگە لە ژیانی کۆمەڵاندا، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی وەزیری داد فەرمووی زۆر راستە، چونکە قەزا (مەبدەئە)، بەڵام دادگاکان قەزییەی ترە، پاشانیش وشەی (قضاء) لەدواوە هاتووەو، بابەتەکەی شاردراوەتەوە، لەبەر ئەوە وشەی (محاکم) لە جێی خۆیدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پێشنیارەکەی بەڕێز حازم دام، چونکە وشەی (قضاء) فراوانترە لە (محاكم).

سەبارەت داڕشتنی مادەکەش پێویستە بگوترێت (القضاء مستقل لا سلطان عليه لغير القانون ولا يجوز لأي سلطة او الشخص التدخل في مسوءوليته وفي استقلاليته)، چونکە لە بنەڕەتدا باسی سەربەخۆیی قەزا کراوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(القضاء سلطة مستقلة) لە دەستوردا دێت، بەڵام لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری پێویستە وشەی (محاكم) بێت، چونکە ئەم یاسایە تایبەتە بە ڕێکخستنی دادگاکان، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من بەس بگوترێت (القضاء مستقل لاسلطان عليه لغير القانون)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو را هەیە دەربارەی ئەم مادەیە یەکێکیان دەڵێ مادەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە وەک خۆی بمێنێتەوە؟.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماوەتان نەدا بە لیژنەی یاسا، بۆ ئەوەی بزانین ئەوان رایان چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە لیژنەی یاسادا بەڕێز شێروان رای خۆی دەربڕی.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەقورئاندا دەڵێت: (واذا حكمتم بين الناس فاحكموا بالعدل) وشەی (حكمتم) نەک

(قـضـيـتم)، لەبەر ئەوە رای پەرلەمان وایە کە وشـەی (محـاکم) دابنرێت لەم یاسـایە، هەروەها دەستەواژەی (المحاکم مستقله.. ) دەستوریە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

من پێموایە ئەمە کارێکی یاساییە، لەبەر ئەوە نابێ بە تەنیا بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی جێی بهێڵین، بەڵکو دەبێت ئەندامانی لیژنەی یاسا، لەگەڵ وەزیری داد گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی لەسەر بکەن و، بگەنە رایەکی یەکگرتوو پاشان لێرە دەنگدانی لەسەر بکرێ، سوپاس. . . . .

**بەڕێز جـــێگری ســـــەرۆکی ئەنجـــوومـــــەن:**

جگە لە بەڕێز عەبدولخالق کە رای دا ئەوانی دیکە کە قسەیان کرد هەمووی ئەندامانی لیژنەی یاسا بوون، ئەگەر ئێمە لێرەدا هەموو یاسایەک دوابخەین بۆ ئەوەی یاساییەکان رێک بکەون لە نێوان خۆیاندا، ئێمە ناتوانین هیچ یاسایەک پەسند بکەین، لەبەر ئەوە ئەمڕۆ لێرەدا وەزیری داد لەگەڵ لیژنەی یاسادا دەتوانن مەسەلەکە یەکلا بکەنەوە.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

من مـەبەسـتم ئەوە نیـیـە واز لە کـۆبوونەوەکـە بێنین، بەڵام من دەبینم ئەندامـانی لیـژنەی یاسـا هەریەکەیان رایەکی تایبەتی خۆی هەیە، پێشنیارەکەی من ئەوەیە کە ئەندامەکانی لیژنەی یاسا لە نێواندا خۆیان رێک بکەون، یەک را بدرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـــەرۆکی ئەنجـــوومـــــەن:**

بەڕێز فـرەنسـۆ من پـێشنیـارەکـەت تێنەگـەیشـتـووم، ئایا مـەبەسـتت ئەوەیە کە ئەم کۆبوونەوەیە دوابخەین بۆ ئەوەی لە دەرەوە ئەندامـانی لیژنەی یاسا رێک بکەون، یاخود هەر لە ئەنجـامی ئەم گفتوگۆیەدا بگەنە رایەک؟ لێرەدا ئەندامانی لیژنەی یاسا دوو رایان هەیە، بەشێکیـان دەڵێن لەبەر ئەوەی ئەمە یاسای دەسەڵاتی دادوەرییە وشەی (القـضـاء) فراوانترەو، پێویسـتـە دابنرێت، بەشەکەی تر لەگەڵ بەڕێز وەزیری داد یەک رایان هەیە کە وشەی (المحاکم) دابنرێت، چونکە ئەم یاسایە بۆ رێکخستنی کاروباری دادگاکانە.

**بەڕێز ئەیاد حـــــاجی نـامـق مـــــەجـــــیــــــد:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

زۆر جار مـرۆڤ کە وەسفی شـتێک دەکـات لە مەسـەلەیەکی تایبەتەوە دەچێت بۆ مـەسـەلەیەکی گشتی، یان بە پێچەوانەوە، لێرە وەزیری داد فەرمووی (المحاکم المستقلة)، لەبەر ئـەوەی ئەو یاسایە یاسایەکی تایبەتە، لێرە لە مەسەلەیەکی تایبەتی بۆ مەسەلەیەکی گشتی چووە، دوای ئـەوە دەڵـێـت: (عدم التدخل في شـؤون القـضـاء)، دەشێت لە گشتیـەوە بۆ تایبەت بچێت مەسەلەکە یەک شتە، سوپاس.

**بەڕێز حــازم مــەحــمــود ئەحــمــەد یوســفی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن.**

ئەمە یاسای دەسەڵاتی دادوەرییە نەک دەسەڵاتی دادگاکان، لەبەر ئەوە دەستەواژەی (القضاء مستقل) راستتر و فراوانترە لەم یاسادا، وەکو دەزانین ئێمە سێ دەسەڵاتمان هەیە کە ئەمانەن (دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی راپەڕاندن، دەسەڵاتی دادوەری)، ئێمە ئەو یاسایە لێرە دادەنێین بۆ ئەوەی سەربەخۆییەک بدەین بە دەسەڵاتی دادوەری، سوپاس.

**بەڕێز عــەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن.**

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ قسەکانی بەڕێز فرەنسۆ، بەراستی ئەمە بابەتێکی سیاسی و یاساییە، لەبەر ئەوەی من پیاوێکی سیاسیم بەندیخانەو دادگام زۆر دیووە، بەرای من ئەو بابەتە پەیوەندیی بە دادگاکانەوە هەیە، چونکە چۆن دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە، دەبێت دادگاکانیش سەربەخۆ بن، بەتایبەتی ئەمڕۆ لە کوردستاندا حزبەکان زۆر دەست لە **کاروباری دادگاکان** وەردەدەن، سوپاس.

**بەڕێز ســـەعـــیـــد مـــحـــمـــد ســـەدیق هروری:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن.**

زۆر ئەنجوومەن و لیژنە هەیە دەسەڵاتی دادوەرییان پێدەدرێ، بەڵام **دادگاش نین کەواتە ئەوانە** سەربەخۆ نابن، بۆیە ئەگەر بگوترێت (القضاء مستقل لا سلطان علیە) **گونجاوتر دەبێت، سوپاس.**

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد شـەریف تاهیـر مـسـتـەفـا:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن.**

هەندێک تێبینیم هەیە لەسەر قسەکانی بەڕێز حەسەن کە دەڵێت لە قورئاندا هاتووە: (اذا حکمتم بین الناس فاحکموا بالعدل) راستە ئەو دەقە باسی حوکمی کردووە نەک دادوەری، بەڵام ئەمە دەقێکی گشتییە بۆ هەموو کەسێکە کە حوکم بکات خوا پێی گوتووە کە بە دادوەری حوکم بکات، جا حوکمەکە چ ئیداری بێت، یان سیاسی بێت، لەپاشاندا پێغەمبەر لە روونکردنەوەدا (تفسیر) کردوویەتی بە قەزا (قاضیان في الجنة، وقاضیان في النار) وشەی (قازی) بەکار هێناوە لە جیاتی (حاکم)، بەرای من لەم یاسایەدا وشەی (المحاکم) بەکاربهێنرێت، چونکە دەقەکانی قورئان گشتییە بۆ هەموو کەسێکە، سوپاس.

**بەڕێــز جـــێـگری ســـــەرۆکی ئـەنجـــوومــــەن:**

ئێستا دوو را هەیە بۆ مادەی یەکەم:

یەکەمیان دەڵێ مادەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە کەم بەم شێوەیە: المحاکم مستقلة لا سلطان علیها لغیر القانون، ولا یجوز لایة سلطة او شخص التدخل في استقلال القضاء او التدخل في شؤون العدالة) دووەم: پێشنیار کراوە کە مادەکە بەم شێوەیە بێت: (القضاء مستقل لا سلطان علیه

لغير القانون، ولا يجوز لاي شخص او سلطة التدخل في استقلال القضاء وشوءون المحاكم).
ئێستا مادە یەک دەخەینە دەنگدانەوە:
کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادەی یەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ .. بە زۆربەی دەنگ مادە (١) پەسەند کرا.
کەواتە وشەی (المحاکم) دەمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية (تصدر الاحكام وتنفذ باسم الشعب).

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم لە جیاتی (باسم الشعب) (باسم الله) دابنرێت.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (٢) کێ لەگەڵ ئەوەدایە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ بەزۆربەی دەنگ مادە (٢) وەکو خۆی پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة (تسري ولاية المحاكم على جميع الاشخاص الطبيعية، والمعنوية بما في ذلك الحكومة، و تختص بالفصل في المنازعات والجرائم كافة الا ما استثني بنص خاص).

**بەڕێز حازم محمود ئەحمەد یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم هەیە لەسەر دەستەواژەی (الا ما استثني بنص خاص)، چونکە ئەمە تەنیا لە یاسایی عێراق هەیە لە هیچ شوێنێکی دیکەدا نییەو، ئێمەش دەبێ بەپێی دەستور یاسا دابنێت، چونکە ئەگەر بڵێین (الا ما استثنی بنص خاص) هەموو ڕۆژێک دەتوانین یاسایەک دەربکەین کە لەگەڵ ئەم یاسادایە ناکۆک بێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە رای بەڕێز حازم دەکەم، چونکە یاسا تەنیا بە یاسایەکی تر هەموار دەکرێ، ئینجا هەر یاسایەکی ناکۆک هات شوێنی ئەم یاسایە دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە باشترە ئەم برگەی (الا ما استثني بنص خاص) تێدا نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز عــەدنان مــحــەمــەد نەقــشــبندیی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

ئێمـە لە لیژنەی یاسـادا تێبینیمـان هەبوو لە سـەر ئەم مـادەیە، بەڵام ئەمـە رای وەزیری داد بوو، لەبەر ئەوە ئێمە لە لیژنەدا بە تێکڕا کۆک بووین لەسەر ئەوەی دەستی لێ نەدەین، سوپاس.

**بەڕێز مــەعــروف رەئـووف خـضــر/ وەزیری داد:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

ئەو دەقـە پێـویسـتـە هەبێت لەم یاسایەدا، چونکە لە بەرژەوەندی میللەتی ئێمەیە، زۆر جـار وا پێویست دەکات یاسا ئیسـتسنای تێدا بێت، چونکە تاکە کەس بڕیار نادات، بەڵکو پەرلەمـان بڕیار دەدات کە نوێنەری میللەتە، سوپاس.

**بەڕێز جــــێـگری ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

زۆر جار لە دەستورەکانی عێراقیدا هەتا لە سەردەمی مەلەکی و، پاش ئەوانی تریش، یاساکان هەمـوو مافێکی تێدا هاتووە، بەڵام پاشان بە دەقێکی تایبەتی بەستراونەتەوە، لەبەر ئەوە بەرای من ئـەو ئیـسـتـسنایە لە بەرژەوەندیی دەسـەڵاتی ڕاپەڕاندنە (تنفـیـذی)و، کـەم کـردنەوەیـە لە مافەکانی کە لەم یاسایەدا باس کراون.

**بەڕێــز جــــــەمـــــــیـل عــــــەبدی سندی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

ئەم دەقـە زۆر پێـویسـتـە، چونکە هەندێ داوای تایبـەتی هەیە لە خـوێندنی باڵادا وەکـو کـەوتنی قـوتابی و، دەرەکردنی قـوتابی نابێت دادگا دەست لەم جۆرە داوایانە وەردات، لەبەر ئەوە ئەم دەقە (الا ما استثني بنص خاص) زۆر پێویستە بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێــز فــــــرنــــســـو تـۆمــــــا هــەریری:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

من پێـمـوایە ئەگـەر ئەو دەقـە وەکـو خـۆی بمێنێـتـەوە ڕێگاخـۆش دەکـات بۆ دەست تێـوەردان لە کاروباری دادوەری (قضاء)، سوپاس.

**بەڕێــز ئـەیـاد حــــاجی نامـق مــــەجــــیــــد:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

ئەگەر ئەم دەقە وەکو خۆی بمێنێتەوە (الا ما استثني بنص خاص ) هەر خۆی بەرهەڵسـتـە بۆ مـادەیەکی ئەو یاسایە، واتە ئێمە دەستکاری لەسەربەخۆبەتی دادوەری (قضاء) دەکەین، لەبەر ئەوەی دادوەری خـۆی سەربەخـۆیە، بەڵام ئیسـتـسنا لە یاسـادا بێت دادوەری ئەو سـەربەخـۆییەی نامێنێت، من تێبینیەکی ترم هەیە، بۆ نموونە یاسای سزادانی عێراقی کە ئێستا بەکاردێ هەتا سبـەی ئەگـەر نیزامی فـیدرالیش بچەسـپێت لە کـوردستـاندا ئەو یاسایە لەسەر هەمـوو عـێراق بەکوردو عەرەبەوە دەسەپێت، بەڵام ئێستا ئێمە کار بەیاسای عێراقی دەکەین کە ئیستسنای

تێدایە، ئەمەش زەرەر بە میللەتەکەمان دەگەیەنێت، چونکە بەم شێوەیە دەستکاری لە کاروباری دادوەری دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا مادە کە بەم شێوەیە بێت : (تسري ولاية المحاكم على جميع الاشخاص الطبيعية، والمعنوية بما في ذلك الحكومة وتختص بالفصل في المنازعات والجرائم كافة) مادەکە تەنیا ئەوەندە بێت (الا مااستثني بنص خاص) الغاء بکرێت.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادە (٣) ئەم دەستەواژەی لێ لاببرێت (الا ما استثنى بنص خاص) ئەوەی دیکە وکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٣) پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: (ليس للمحكمة ان تنظر في كل ما يعتبر من اعمال السيادة).

**بەڕێز حازم محمود ئەحمەد یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا (اعمال السيادە) لە پرۆژەی وەزارەتی داد هاتووە، من پرسیارێکم هەیە ئایا (اعمال السيادة)لە دەسەڵاتی کێیە؟، ئایا دەسەڵاتی دادگایە، یان دادوەرە؟، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان بۆ چوونم هەیە دەربارەی: (كل مايعتبر من اعمال سيادة) ئەم (سیادەیە) لە دەسەڵاتی کێیە؟، لەوانەیە دادوەرێک بێت بە پێی ئارەزووی خۆی ئەم مەسەلەیە لێک بداتەوەو، بڕیاری لێ بدات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا دەکەم لە وەزیری داد ئەم مادەیە روون بکاتەوە، مەبەست چییە لە: (ليس للمحكمة ان تنظر في كل ما يعتبر من اعمال سيادة)؟.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێک کار هەیە دەوڵەت پێ ی هەڵدەستێت پێی دەگوترێت کاروباری سەروەری (اعمال سیادة) بۆ نموونە کۆمەڵێکی سیاسی بە کارێکی تیرۆر هەڵدەستن، دەوڵەت هەڵدەستێت بە چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیەو، ئیجرائات بەرامبەر ئەم تیرۆرستانە وەردەگرێت، ئێمە دەبێت بەو چاوە تەماشا بکەین کێ ئەوە حوکم دەکات؟، لە کوردستاندا یەک سەرچاوەی حوکمان هەیە

ئەویش ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانە، دەبێت ئێمە ئەوەش بزانین کە یاسا بۆ ڕۆژێک و، دوو ڕۆژ دانانێین، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەندامانی بەڕێز پرسیاریان کرد کە کێ کاروباری سەروەری دیاری دەکات؟، خۆی هەمیشە کاروباری سەروەری بەپێی دەستور دەکرێت، بۆ نموونە، ئەگەر حکومەت حاڵەتی شەڕی ڕاگەیاند ئەنجامی ئەم شەڕە چی دەبێت زەرەر بەخەڵک دەکەوێت، هیچ کەسێک مافی ئەوەیان نییە داواکاری لەسەر سەرۆکی وڵات، یان سەرۆک وەزیران بکەن و بڵێین (اضافة لوظيفتة)، چونکە ئەمە لە کاروباری سەروەرییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ڕاگەیاندنی شەڕ وەکو ئەوەی سەدام لەسەر کوێت کردی، کێ دەبێت دادگایی بکات؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە کە باسی یاسا دەکەین وەکو بنەمایەکی گشتی باسی دەکەین کە شەڕ لە کاروباری سەروەرییە، بەڵام سەدام و نیزامەکەی لە هەموو نیزامێک بەدەرەو، هیچ یاسایەک نایگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک عەدنان بەڕێزت دەڵێی شەڕ لە کاروباری سەروەرییە، بەڵام پرسیارەکەی من ئەوەیە کێ بۆی هەیە ڕاگەیاندنی شەڕ بکات و؟، کێ دادگایی ئەو کەسە دەکات کە ڕاگەیاندنی شەڕی کردووە؟.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەم بڕگەیە پەسند نەکرێ باشە، لەبەرئەوەی ئەمە شتێکی ترسناکە لەسەر دیموکراتی و سەربەخۆیی دادگاکان و، دادگاکان بەرپرسن بەرامبەر هەموو کێشەکانی شەڕو ئاشتی، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەک ئاشکرایە کاری سیاسی لەهەموو دەوڵەتێکدا مومارەسە دەکرێ، وەکو لیژنەی یاسا باسی کرد بە پێی دەستور دیاری دەکرێ کە بابەتی شەڕ هاتە گۆڕێ مەسەلەکە ئەوە نییە سەرۆک وەزیران، یان ئەو کەسەی ڕاگەیاندنی شەڕی کردووە لێپرسینەوە لەگەڵیدا بکرێ، بەس دادگا بۆ خەڵکی دەردەبڕێ کە زەرەرمەندە لەو شەڕ، بۆ نموونە یەکێک داوا لەسەر ئەوە دەکات کە فڕۆکەیەکی ئێرانی لە خانووەکەی داوە، دادگا بڕیاری قەرەبوونی بۆ دەدات، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە هەندێک کاروباری سەروەری هەیە پێویست دەکات کە دادگا نەیانبینێ لەبەر ئەوەی مەسەلەکە لە بارودۆخێکی تایبەتیدا ڕوو دەدات، بەڵام بەو شێوەیە ڕەهاییەی ئەو مادە پێی هاتووە من لەگەڵیدا نیم پێویست دەکات نەختێ پەیوەست بێ دەبێت بڵێین: ( اعمال السيادة بعد اقرارها من قبل البرلمان) هەر شتێک پەرلەمان بڕیاری لەسەردا تەنها حکومەت بەخۆی نەبێ لێرە دادگا کە سەیری شت دەکات لە ئەنجامی (مسؤلية تقصيرية)، بەپرسییەکە هەر ئەوە نییە کە ترتیب دەکات لە ئەنجامی ئەوەی خەڵکێکیان لاداوە لە شوێنی خۆیدا، یاخود شەڕ قەوماوە لێرەدا حکومەت بەرپرس دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاروباری سەروەری بەپێی دەستور دیاری دەکرێت و، دەوڵەت پێی هەڵدەستێت، بەڵام بەرپرس نابێت بەرامبەر دادگا، بەڵکو پەرلەمان لێی دەپرسێتەوە وەکو ڕاگەیاندنی شەڕ، یاخود ڕێککەوتنامەی ئاشتی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا پاش ئەم گفتوگۆیە مادە (٤) دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادەی (٤) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٤) پەسەند کرا. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: (لغة المحاكم كردية الأ اذا نص القانون على خلاف ذلك و للمحكمة ان تسمع اقوال الخصوم او الشهود الذين يجهلونها بوا سطة المترجم بعد تحليفة اليمين).

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا ڕامان وایە بکرێتە، (مترجم محلف).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟.

**بەڕێز حازم مەحمود ئەحمەد یوسفی.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە لەڕووی سیاسییەوە دروست نییە من لە ناو پەرلەماندا ئەو قسەیە بکەم، بەڵام چەند دادوەرێک هەیە لە دادگادا هەتا ئێستا نازانن بڕیار بە کوردی بنووسن بە تایبەتی دادوەرە بادینییەکان، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادەکەدا ئاماژە بە وەرگێڕی سوێندخۆر هاتووە، هەرچەندە دادوەرەکانی ناوچەی دهۆک دەتوانن بە کرمانجی بنووسن، لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی ئەو مادەیە ئەوانەی نازانن بە کرمانجی بنووسن، دەتوانن وەرگێڕ بۆ خۆیان دابنێن، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(لغة المحاكم كوردية الأ اذا نص القانون على خلاف ذلك)، بەرای من ئەم برگەیە هیچ پێویست نییە، چونکە هیچ یاسایەک نییە بتوانێ زمانی دادگاکان بگۆڕێ و، هەروەها دابین کردنی پێداویستییەکانی تێگەیشتن دەبێت لەلایەن دادگاکانەوە بێت، چونکە هەر کەسێک سەربەستە لە بەرامبەر دادگا بەو زمانەی کە دەیزانێ قسە بکات، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئوف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم دەستەواژەیە لە هەموو یاساکانی ناوەڕاستی رۆژهەڵاتدا هەیە، لە کوردستاندا زمانی کوردی زمانێکی رەسمییە لە هەموو دادگاکاندا، دەتوانرێتیش بەهەر زمانێک دادگایی بکرێت، ئەگەر زمانێکی دیکە لە دوا رۆژدا جێگای زمانی کوردی بگرێتەوە پێویستمان بەو دەقە دەبێت: (الا اذا نص القانون على خلاف ذلك).

ئێمە ئێستا لە دادگاکاندا بەکوردی قسە دەکەین تەنها نووسینەکە بە عەرەبییە و، ئەوەی ئەو برادەرە فەرمووی راستە زۆر دادوەر هەیە لە نووسینی کوردیدا باش نینە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وەک سیاسەتمەدارێک رام وایە ئەم دەقە بمێنێتەوە، چونکە لەو بڕوایەدام کە رۆژێک نایەت ئێمە یاسایەکی وا دەربکەین کە بڵێین زمانی دادگاکانمان عەرەبییە، یاخود تورکمانیە. . . .

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەوەی کاکەڕەش گوتی تارادەیەکی زۆر راستە، ئەو مادەیە خۆی لە دەقە عەرەبییەکە وەرگیراوە کە دەڵێ: (لغة المحاكم عربية الأ اذا نص القانون على خلاف ذلك)، لەبەرئەوە من پشتگیری رایەکەی بەڕێز کاکەڕەش دەکەم کە ئەم دەقە نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەم دەقە (لغة المحاكم كوردية الأ اذا نص القانون على خلاف ذلك) لابیرێت و بکرێت بە: (لغة المحاكم كوردية وللمحاكم ان تسمع اقوال الخصوم او الشهود بواسطة مترجم بعد حلفه اليمين). کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم دەقە؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەکە بەم شێوەیە دەبێت:

المادة الخامسة: (لغة المحاكم الكوردية، وللمحكمة ان تسمع اقوال الخصوم أو الشهود الذين يجهلونها بواسطة مترجم بعد حلفة اليمين).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە (٥) وەکو بەڕێز ئەیاد خوێندیەوە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٥) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة السادسة: تكون جلسات المحاكم علنية الا اذا قررت المحكمة جعلها سرية مراعاة لاداب او محافظة على النظام العام ويكون تقييم الحكم في كل الاحوال علنية.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، ئێمە لە لیژنەی یاسادا رامان وایە لە جیاتی (ويكون تقييم الحكم في الاحوال علنية) بکرێتە (ويكون تدوين الحكم في جميع الاحوال علنية)، هەروەها پێشنیار دەکەین کە مادەکە بەم شێوەیە بێت: (ويفهم وينطق الحكم علنا)، سوپاس.

**بەڕێز حازم مەحمود ئەحمەد یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری لە رای لیژنەی یاسا دەکەم کە مادەکە بەو شێوەیە بێت: (ويفهم منطوق الحكم علنا) و، لەجیاتی (ويكون تقيم الحكم في كل الاحوال علنية) بکرێتە (بان يتلى)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە (٦) بەم شێوەیە (تكون جلسات المحاكم علنية الا اذا قررت المحكمة جعلها سرية مراعاة للاداب او المحافظة على نظام العام ويكون تفهم الحكم في كل الاحوال علنية) کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٦) وەکو وەربگیرێ؟..

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەقە ئەسڵییەکەی مادە (٦) خرایە دەنگدانەوە، بەڵام لیژنەی یاسا پێشنیاری هەموارکردنێکی کرد نەخرایە دەنگدانەوە، من داوا دەکەم کە پێشنیارەکەی لیژنەی یاساش بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە ناتوانین لەیەک کاتدا دوو دەق بخەینە دەنگدانەوە، یەکەم جار دەقی یەکەم دەخەینە

دەنگدانەوە، پاشان دەقی دووەم، لیژنەی یاسا دەتوانێ روونکردنەوەی زیاتر بدات دەربارەی ئەم مەسەلەیە.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە دوو وشەمان بەکار هێناوە (يفهم و يتلى)، وشەی (يتلى) روونە بۆ هەموو کەسێک بەکار دێت کە گوێی لێیە، بەڵام (يفهم) تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە کە کەڕولاڵن، بۆ چوونەکەی ئێمە بەم شێوەیە بوو، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

من مەبەستم ئەوەیە روونکردنەوە بکەن لەسەر پێشنیارەکەی بەڕێز فرەنسۆ کە دەڵێ هەردوو دەق بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بێگومان دەنگدان و رێکخستنی دەنگدان ئیشی بەڕێزتانە، کە مادەیەک خرایە روو رەزامەندی لەسەر وەرگیرا مانای ئەوەیە مادەکەی دیکە دەبا، بەڵام مەبەستی بەڕێز فرەنسۆ ئەوە بوو کە ئەندامەکان ئاگادار بن دەنگدان لەسەر کام مادە درا؟، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

تا ئێستا وا پێڕەو کراوە کە مادەیەک خرایە دەنگدانەوەو پەسەند کرا، ئیتر مادەکەی تر ناخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حـــســـێن عـــارف عـــەبدولڕەحـــمـــان:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

زۆر جار ئەو هەڵەیە دووبارە دەبێتەوە، خۆی لەکاتی پێشنیاری کردنی هەموارکردنێک لەسەر مادەیەک، پێویستە یەکەم جار پێشنیاری هەموارکردنەکە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر مادەکە هەموار نەکرا، ئەو کاتە مادەکە وەکو خۆی دەخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام ئێمە تاکو ئێستا بە پێچەوانە رۆیشتووین، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

لە مادەی پێنجەمدا هەموارکردنەکە یەکەم جار خرایە دەنگدانەوە.

**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێستا کێشەکە لەسەر داڕشتنە بەرای من وشەی(علي) زیاد بکەین لەمادەکەدا کێشەکە چارەسەر دەبێ، واتە مادەکە بەم شێوەیە بێت: (تكون جلسات المحاكم علنية الا اذا قررت

المحكمة جعلها سرية، مراعاة للاداب او المحافظة على نظام العام على ان يكون تفهيم الحكم في كل الاحوال علنية).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا مادەکە دەخەینە دەنگدانەوە، هەر ئەندامێک تێبینی هەیە لەسەر داڕشتنەکەی پاشان بیدات بە لیژنەی یاسا بۆ ئەوەی دایبڕێژێتەوە.

جا کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادەی (٦)ە وەربگیرێ و، تێبینی داڕشتن بدرێ بە لیژنەی یاسا؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٦) پەسند کرا، پاشان لیژنەی یاسا بەپێی تێبینییەکانی ئەندامان دایدەڕێژێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادةالسابعة: لاتنظر المحاكم في القضايا المدنية والاحوال الشخصية خلال عطلة المحاكم مالم تكن مستعجلة وتعطل المرافعات فيها من اليوم الاول من شهر تموز الى الاول من شهر ايلول من كل سنة. وتعين القضايا المستعجلة لهذا الغرض ببيان يصدره وزير العدل.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لە فراکسیۆنی پارتی یاساکەی وەرنەگرتووە تکایە دەست بەرز بکاتەوە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بێگومانم مەلا هادی یاساکەی وەرگرتووە، چونکە یەک دووجاری تریش وەریگرتووە، دابەشی نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێش چەند رۆژێک چەند دانەیەک لە یاساکە لە ژوورەکەم دانرابوو، بەڵام ئەمە گۆڕا، ئەمەی کە ئێستا دەخوێنرێتەوە ئەمە نییە کەلەوێ بووە، سوپاس.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمڕۆ کاک نەجمەدین هاتە ژوورەوە بەڕێز ئەیاد پێی گوت، ئەگەر دابەشتان نەکرد بێ دابەشی بکەن، گوتم ناهەموومان وەرمانگرتووە.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم تێبینییەکەی بەڕێز فرەنسۆ، هیچ هۆیەک نییە کە کوتلەی سەوز وەریانگرتووە، بەڵام کوتلەی زەرد وەریانەگرتووە، دەبێ شتێک هەبێت؟!.

**بەڕێز بارزان خـالیـد عـەزیز:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

ئەمرۆ و سبەینێ کاک نەجمەدین هاتە لای ئێمە ئەم دانە کۆنانەی بۆ ئێمە هێناوە، دڵنیاشم کاک نەجمەدین هیچ کەم تەرخەمی نییە، لەوانەیە کەموکوورییەکی دیکە هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز حـەسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

بۆ ئەوەی بەڕێز وەزیری داد رانەگرین و، کارەکەشمان رانەوەستێت، پێشنیار دەکەم هەر دوو ئەندام لەسەر یەک دانەی یاساکە بەشداری بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

ئێستا ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەدایە پێشنیارەکەی بەڕێز حەسەن بەرزنجی وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

المادة السابعة: (لا تنظر المحاكم في القضايا المدنية، والاحوال الشخصية خلال عطلة المحاكم مالم تكن مستعجلة وتعطل المرافعات فيها من اليوم الاول من شهر الايلول من كل سنة وتعين القضايا المستعجلة لهذا الغرض ببيان يصدره وزير العدل).

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

بەرای من لە کاتی پشووی دادگاکاندا کێشەی نوێ وەرنەگیرێ، بەڵام کۆنەکان یەکلا بکرێنەوە، چونکە زۆر لەسەریەک دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم دەقەکە بەم شێوەیە بێت: (لاتنظر المحاکم في القضايا المدنية والاحوال المدنية الجديدة).

**بەڕێز بەخـتـیـار حـەیدەر عـوسـمـان:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

یەکەم: من پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز کاکەڕەش دەکەم.

دووەم: بەرای من ماوەی (٢) مانگ زۆرە بۆ پشووی دادگاکان، چونکە کێشەیەکی زۆر لە دادگاکان هەیە، پێشنیار دەکەم ماوەی پشوودانی دادگاکان بکرێت بە یەک مانگ، بۆ ئەوەی داوا کۆنەکان یەکلا بکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز مـەعـروف رەئـووف خـضـر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

ئێمە پێشتر روونمان کردووەکە یاسا بۆ رۆژێک و دوو رۆژ دانانرێت، ئێمە ئێستا لە بارودۆخێکی

تایبەتی داین کە داواکان زۆر کەڵەکە بووە لەسەر یەک، بەڵام لە دوا ڕۆژدا هەر پێویستە ئەو ماوەیە بکرێتە پشوو، چونکە دادوەرەکان ماندوو دەبن و، پێویستیان بە پشوودان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لە لیژنەی یاسادا رامان وایە کە دوومانگ پشوو بۆ دادگاکان زۆرە، بەتایبەتی لەم بارودۆخەی ئێستا ئێمە لیی دەژین، بۆیە پێشنیار دەکەین کە پشووەکە تەنیا مانگێک بێت، تاوەکو داوا کۆنەکان، بڕوات جگە لەو خاڵانەی کە لە یاساکەدا هاتوون کە بەپەلەنە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو بەڕێز وەزیری داد گوتی ئەم یاسایە تەنیا بۆ ئەمڕۆ دانەنراوە، بەڵام دەبێ دەقەکە بە رەهایی دانەنێین، بەڵکو بە شێوەیەک دایبنێین کە وەزیری داد بتوانێ دوو مانگەکە کەم بکاتەوە، بێگومان ئەم پێشنیارە دەگونجێ لەگەڵ یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، کە ئەویش پشوودانەکەی دوومانگە، بەڵام پەرلەمان بۆی هەیە تەنیا مانگێک بکاتە پشوو.

ئێستا ئەگەر هیچ تێبینی نییە لەسەر ئەم رایە دەیخەینە دەنگدانەوە کە پشووی دادگاکان (٢) مانگ بێت، لە هەمان کاتدا دەقەکە مرونەی تێدا بێت کە وەزیر بتوانێ ماوەی پشووەکە کەم بکاتەوە؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەو پێشنیارەی بەڕێزت، من دەقێکی پێشنیارکراوم هەیە کە مادەکە بە برگە بێت بەم شێوەیە:

فقرة ١ـ لاتنظر المحاكم..... .

فقرة ٢ـ لوزير العدل تقليص مدة العطلة لفترة لا تزيد على (٣٠) يوما عند الضرورة القصوى، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٧) ببێت بە دوو برگە وەکو بەڕێز ئەیاد خوێندیەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا. کەواتە مادە (٧) دەبێت بە دوو برگە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێک هەبوو دەربارەی داواکاری تازە، بەڵام باس نەکرا مادەکە خرایە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە دەتوانرێ بکرێ بە بڕگەیەک، ئەگەر جەنابی وەزیر لاری نەبێت.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەبەست لە دانانی ئەم پشوودانە ئەمەیە کە دادوەر ماندوو نەبێت، چونکە حوکمدان وەکو هیچ کارێک نییەو، کاتێک دادوەر حوکم دەدات دەبێ لە حاڵەتی تورەیی نەبێت و، تەندروستی باش بێت و، ماندوو نەبێ، بۆ ئەوەی بتوانێ تەرازووی حەق رابگرێ، لەم ماوەیەدا کەش وهەوای ئێمە گونجاو نابێ بۆ حوکمدان، چونکە دادوەر ماندووە، لەبەر ئەمەیە ئەم پشووە دانراوە، ئەگەر بێتو داوا کۆنەکان لەم ماوەیەدا بکرێن ئەمە مانای ئەمەیە کە ئامانجی دانانی ئەم مادەیە نەما، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان پشووی دادگاکان وەکو پشووی قوتابخانەکان نییە کە بڵێین دەرگای پێوە بدرێ و بچنە ماڵەوە، بەڵگەش بۆ ئەمە داوا بە پەلەکان راناگیرێ، ئینجا بەرای لیژنە ی یاسا داوا کۆنەکان رانەگیرێ تەنیا دادگاکان داوای نوێ وەرنەگرن لە بەرواری دەست پێکردنی پشووی دادگا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز حەسەن رایەکەت زۆر روون نەبوو.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رایەکەی من روونە، من دەڵێم داوا کۆنەکانیش بڕوات و یەکلا بکرێنەوە تەنها داوا نوێیەکان وەرنەگیرێن (لا تنظر المحاكم في القضايا المدنية والاحوال الشخصية الجديدة خلال عطلةالمحاكم مالم تكن مستعجلة، وتعطل) واتا (جديدة) زیاد بکرێت.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم مادەیە دەنگدانی لە سەر کرا، ئەگەر بکرێت بەبڕگەیەک وەک پێشنیار پێشکەش بکرێت.

**بەڕێز حازم مەحمود ئەحمەد یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راستە لەکاتی پشوودانەدا دەرگای دادگاکان داناخرێن، بەڵام کە دادوەر ناچار بێ داوا کۆنەکان لەکاتی پشوودا ببینێ، ئەمە چۆن پشوودانێکە؟، لەبەرئەوەی ژمارەی داوا کۆنەکان زۆرە من پشتگیری لە رای وەزیری داد دەکەم کە داوا کۆنەکانیش رابگیرێن تەنیا سەربری داوا بەپەلەکان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم مادەیەی، ئێمە دەنگدانمان لەسەری کرد ناتوانین جارێکی تر بگەڕێینەوە سەری.

دەربارەی ئەو بەڕێزانانەی کە گوتیان یاساکەمان بە دەست نەگەیشتووە، من دەمەوێ روونی بکەمەوە کە ئەمە هەڵەی سەرۆکایەتی نییە، بەڵکو ئەمە پەیوەندیی بە فراکسیۆنی زەردەوە هەیە، وەکو بەڕێز بارزان بە سووربوونەوە دەڵێ: «وەرمان نەگرتووە»، بەراستی ئەمە بارێکی ناخۆش لەناو پەرلەماندا دروست دەکات و، ئەمە دوو جارە شتی وا روو دەدات لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز بارزان خالید عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕەخنە لەخۆمان دەگرین کە هەڵەی مەلا هادی بوو، چونکە چووین ژوورەکەمان پشکنی دیتمان زۆر دانەی یاساکە لە ژووری ئەودا بوو، ئەمە یەک.

دوو، من فەرمانبەری کاروباری ئەنجوومەنم ئاگادار کردەوە کە لەمەودوا هەموو شێتک بداتە کارگێڕی نوێی فراکسیۆنی زەرد، چونکە ئێستا مەلا هادی کارگێڕی فراکسیۆن نییەو، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا شتە کۆنەکانی لێ وەرگرنەوە.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لێرە نەبووین کە یاساکەیان لە ژوورەکە داناوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

الباب الثانی: (التشکیلات القضائیه). الفصل الاول. (انواع المحاکم).

المادةالثامنة: (تتکون المحاکم المدنیة من):

١ـ محکمة التمییز . ٢ـ محاکم الاستئناف . ٣ـ محاکم البداءة. ٤ـ محاکم الاحوال الشخصیة. ٥ـ محاکم الجنایات. ٦ـ محاکم الجنح. ٧ـ محاکم الاحداث. ٨ـ محاکم العمل. ٩ـ محاکم التحقیق.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، ئەگەر ماوە هەبێ، ئێمە تێبینییەکی بچووکمان هەیە وەک لیژنەی یاسا دەمانەوێ پرسیارێک لە ڕێگای سەرۆکایەتییەوە ئاراستەی وەزیری داد بکرێ سەبارەت بە دادگاکانی گومرگی، لە عێراقدا سێ جۆر دادگای گومرگی هەیە، ئێمەش ئەمڕۆ پێویستیمان بەم جۆرە دادگایانە هەیە، ئایا چۆن دەتوانین لێکی بدەین لەگەڵ ئەم دادگایانەدا.

**بەڕێز مەعروف رەئوف خضر/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە دەتوانین دادگا لە ڕێگای پەرلەمانەوە پێک بێنین، ئەگەر یاسای گومرگ پەسند بکرێ لە

پەرلەمـاندا بەپێی ئەم یاسـایە دەتوانین داگـای گـومـرگی پێک بێنین، بەڵام ئێسـتـا دادگـای سەرەتایی (بداءە) تەماشای ئەم جۆرە داوایانە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جـێـگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

واتا بەشێوەیەکی گـشـتی دادگـای گـومـرگی پەیوەندیی بە وەزارەتی دادەوە هەیە، ئەگـەر پەیوەندیی هەیە بۆ وەکو دادگای هەرزەکاران (احداث) زیاد ناکرێت؟.

**بەڕێز مـەعـروف رەئووف خـضـر/ وەزیری داد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

هەندێک دادگا هەیە تایبەتییە تەنیا دادوەرەکەی سەربە وەزارەتی دادە، سوپاس.

**بەڕێز حـازم مـەحـمـود ئەحـمـەد یوسـفی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لێرەدا مەبەست لە (محاكم المدنية) چییە؟، ئایا بۆ ئەوەیە لە دادگای سەربازی جیا بکرێتەوە، سوپاس .

**بەڕێز مـەعـروف رەئووف خـضـر/ وەزیری داد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

مەبەست لەدادگای شارستـانی (مـحـاكم المدنيـة) ئەوەیە کە جیـاوازی هەبێت لەگەڵ دادگای سەربازی و، دادگای تایبەتی تر.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لەبەر ئەوەی یاسایەکی تایبەتی نییە بابەتی کرێکارانی چارەسەر کردبێ، بەرای من پێویست نـاکـات دادگـای (کـار) لەم یاسـادا هەبێت، هەر کـاتێک یاسـایەک دانرا بۆ کـرێکـاران لەپەرلەمانەوە، ئەو کاتە دادگایەکی کار (عمل) دروست بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئێستا کێشەی کار زۆرە نەک بەس لە کەرتی گشتی، بەڵکو لە کەرتی تایبەتیش، لەبەر ئەوە دادگای کار پێویستە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیـاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

سەبارەت بە پێکهاتنی دادگـای کـار لای هەمـوو لایەک روونە کـاتی خـۆی هەمـوو کـرێکارانی عـێـراق کـران بە فـەرمانـبەر، یەکەم شت کـاتی خـۆی لایەنی مـادی زیاتر لێک دراوە،چونکە دەرماڵەی (مـەترسی) لە کرێکاران وەرگـیـراوە، هەروەها بیـروڕایەکی وەها هەبوو کە عـێـراق کۆمەڵگایەکی چینایەتی نییە، لەسەر ئەو بنەمایە بەعس ئەم بڕیارەی دەرکرد، بەڵام ئێستا ئێمە

دەتوانین ئەو بڕیارەی پێشووی حکومەتی عێراق هەڵبوەشێنینەوە یاخود ڕاییگرین و، کار بە یاسای کاری پێشمەرگە بکەین، ئەوەش بەرای من زۆر پێویستە، چونکە کێشەی کارمان زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٨) وەک خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٨) وەکو خۆی پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثاني: (اختصاصات المحاكم).

الفرع لاول: محكمة التمييز:

المادة التاسعة: (هي الهيئة القضائية العليا التي تمارس الرقابة القضائية على جميع المحاكم مالم ينص القانون على خلاف ذلك وتتألف من رئيس وثلاث نواب لرئيس وحكام لايقل عددهم عن (٧) سبعة ويكون مقرها في اربيل). ئەو بڕگەی سەرەوە (مالم ينص القانون على خلاف ذلك) بە تێکڕا ڕای لیژنەی یاسا ئەوەیە کە ئەم بڕگەی لەگەڵدا نەبێت.

ئەوەی (ثلاث نواب) لەوانەیە (٢) کەس، یاخود (٣)کەس بەس بێت، چونکە لەوانەیە ماوە نەبێت ئەو سێ کەسەش دابنرێن، لەبەر ئەوە ڕامان وایە پێکهاتنەکەی بدرێتە خۆمان، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێت ژمارەی دادگای پێداچوونەوە (تمییز) دیاری بکرێت، چۆن حوکم دەکات، ئەگەر دیاری نەکرابێ؟، سوپاس.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەک دەزانین دادگای پێداچوونەوە دەبێ سێ ئەندامی هەبێت، بەڵام نازانین بۆ کەمیان کردۆتەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە( لا يقل)ی تیایە یانی کەم کردنەوەنییە، وابزانم ئێستا کاک ئەیاد ڕازیت کە ژمارەی نوابەکان دیاری بکرێت؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان یاسا چەند دیاری کراو بێت گەلێک چاکترە، بەڵام ئێمە دادوەرمان کەمە، لەبەر ئەمە ئێمە (مطاطیە)مان دا مادەکە، کە ڕای ئەوان بێت چەند دادوەر دادەنێن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٩) وەک خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٩) پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة: اولا (تكون هيئات محكمة التمييز كما يلي).

أ. الهيئة العامة: وتنعقد برئاسة محكمة التمييز او اقدم نوابه عند غيابه او وجود مانع قانوني لاشتراك فيها وعضوية نوابه وحكام المحكمة العاملين فيها كافة وتختص بنظر فيما يأتي:

١. مايحال عليها من احدى الهيئات اذا رأت العدول عن مبدأ قررته في احكام سابقة.

٢. الدعاوي التي صدر فيها حكم بالاعدام.

٣. الفصل في النزاع الذي يقع حول تعارض الاحكام و القرارات الصادرة من محكمة التمييز.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لەسەر مادە (١٠) - (اولا) بڕگە(أ) تکایە کێ تێبینی هەیە؟.. نییە؟. کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە یەکەم لە مادە (١٠) وەکو خۆی وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە « ب» ( الهيئة الموسعة): وتنعقد برئاسة رئيس محكمة التمييز أو اقدم نواب عند غيابه او وجود مانع قانوني من اشتراكه فيها و عضوية مالايقل عن ستة من حكامها وتختص بالنظر فيما يلي: ١. النزاع الحاصل حول تنفيذ حكم مكتسب الدرجة القطعية متناقض وصادر في موضوع واحد اذا كان بين الخصوم او كان احدهم طرفا في هذا بين الحكمين وتقرر تنفيذه دون الحكم الأخر ولرئيس المحكمة التمييز وقف تنفيذ الحكمين المتناقضين لحين صدور قرار التمييز.

٢. النزاع الحاصل حول تعين الاختصاصي في نظر الدعوى الذي يقع بين المحكمتين.

٣. مايحيله عليها الرئيس للبت فيه من أحكام و قرارات تقع ضمن اختصاص المحكمة وفقا للقانون الذي صدرت بموجبه تلك الاحكام والقرارات.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەسەر ئەم بڕگەیە تێبینی هەیە؟نییە، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بڕگە (ب) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ بڕگە (ب) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

(ج) : ( الهيئة المدنية): (وتختص بالنظر في الاحكام والقرارات الصادرة في الدعاوي المدنية والمواد المتفرقة الاخرى الصادرة من محاكم واللجان وفقا لاحكام القانون).

داوا لە وەزیری داد دەکەم لەسەر وشەی (اللجان) هەندێک ڕوونکردنەوە بکات.

**بەڕێز مـەعـروف ڕەئووف خـضـر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

زۆر لیژنە پێک دێت بۆ نموونە لیژنەی چاککردنی کشتوکاڵ و لیژنەی ئاودێری. ئەوانە بڕیار دەدەن بڕیارەکانیان دەچێتە ژێر (طعن) لە دادگای پێداچوونەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (ج) پاش ئەو ڕوونکردنەوەیە کە کراوە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سـوپاسـتـان دەکـەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ بڕگە (ج) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

د ـ(هيئة الاحوال الشخصيةـ وتختص بالنظر في الاحكام والقرارات الصادرة في محاكم الاحوال الشخصية والمواد الشخصية طبقا لاحكام القانون)، سوپاس.

**بەڕێز حـــســـەن عـــەبدولکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

کـــە دەڵـێین (محكمة الاحوال الشخصية) پێـچـەوانەی هیچ ئاینێکی ئاسـمـانی نابێ و، سـەرچاوەکەشی شریعـەتی ئیسلامـە، بەڵام ئێـمـە پرسـیـارێکمـان لە بەڕێز وەزیری داد هەیە ئایا (مواد شخصیە) لەگەڵ دادگای سەرەتاییە (بداءە)، سوپاس.

**بەڕێز مـەعـروف ڕەئووف خـضـر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

(المواد الشخصية) تایبەتە بە مەسیحییەکانەوە بەهەموو موادەکانیان، ئەوەی بڕیار دەدات لەوە دادوەری دادگـای سـەرەتاییـە بێگومـان ئەمـەش جـێگای ڕەخنەیە لە دادگـای پێـداچوونەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (د) پاش ئەو ڕوونکردنەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سـوپاسـتـان دەکـەین.. کێ لە دژە؟ بەزۆربەی دەنگ بڕگـە (د) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مــــەجـــــید:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــەن.**

(ە): (الهيئة الجزائية ـ تختص بالنظر في الاحكام والقرارات الصادرة في الدعاوي الجزائية وفقا لاحكام القانون)، سوپاس.

**بەڕێز جــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم برگەیە؟.. نییە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە برگە (ە) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ برگە (ە) پەسند کرا.

**بەڕێـز ئەیـاد حــاجی نامـق مـــەجــــیـــد:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومــــەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسادا برگەیەکمان زیاد کرد، چونکە کاتی خۆی لەکاتی پەسەندکردنی تەشکیلاتی وەزارەتی کشتوکاڵ دەستەی پێداچوونەوەی کشتوکاڵ هەبوو ئێمە بەپەسەندمان زانی لە زمنی دەستەی پێداچوونەوەی کشتوکالی دایبنێین، ئەم برگەیە پێشنیاری لیژنەی یاساییە:

فقرة (و): (الهيئة الزراعية: وتختص بالنظر في الاحكام والقرارات الصادرة من اللجان في الشؤون الزراعية).

**بەڕێز مـەعـروف ڕەئووف خـضـر/ وەزیری داد:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومــــەن:**

ئەوپێشنیارە زیادەیە ئێمە بەشێوەیەکی ڕەهایی باسی لیژنەکانمان کرد، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومــــەن:**

ئەو دەستەیە زۆر پێویستە، چونکە گیروگرفتی لیژنەکان زۆرە، بەڵام بەرای من لیژنەکانی لە وەزارەتی کشتوکاڵدا پێک دێن دەستنیشان بکرێن وەکو لیژنەی دابەشکردن و، لیژنەی بەڵێن بەستن، بلێین (لجان الارض و الاستيلاء)، چونکە زۆر گیروگرفت لەوێ پەیدا دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. جـــەلال شـــەفـــیق عـــەلی:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومــــەن.**

من پشتگیری لیژنەی یاسا دەکەم، چونکە بەراستی بوونی (هيئة تمييز الزراعي) زۆر لە کێشەکانی نێوان جووتیار و خاوەن زەوی چارەسەر دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

کاک ئەیاد تکایە برگە (و) دووبارە بخوێنەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

الفقرة (و) الهیئة الزراعیة: تختص بالنظر في الاحکام والقرارات الصادرة من اللجان في الشؤون الزراعیة)، ئەگەر ماوە هەبێ روونی بکەمەوە بۆ ئێمە لیژنەکەمان بە رەهایی (مطلقی) هێشتۆتەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەیاد، باجارێ بزانین کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەوەی وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من گوتم لیژنەکان (تخصیص) بکرێن. چونکە ئەوانی تر چارەسەر کراون، بۆ نموونە ئێستا (لجنة الفصل في المنازعات الزراعیة) هەیە ئەوە رێگای (طعن)ی، دیار کراوە، بۆ بچێتە دادگای پێداچوونەوە لە پارێزگادا لیژنە پێک دەهێنرێت سەرۆکی یەکەکانی ئیداری هەیە (طعن)ی لێ دەدرێ بە رێگای یاسایی، بەرای من تەنیا کێشەکانی موڵکایەتی بچێتە دادگای پێداچوونەوەو، پێویست ناکات لیژنەکان بە رەهایی بێت، بەڵکو دەبێت بڵێین (لجان الاراضی والاستیلاء)، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاکەڕەش، دەڵێ بەراستی روونە، هەروەها لایەنێک بیەوێ (طعن) لەو بڕیارانە بدات کە دەدرێن ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ حوکمی یاسا، بەڵام ئێمە حسابی دوا رۆژمان کرد، گوتمان نەوەک شتێکی نوێ دەربچێ بۆیە ئێمە دەستنیشانمان کرد، ئەگەر رای بەڕێزتان وایە بکرێت بە (لجان الاراضي والاستیلاء، أو ایة لجنة اخری)، ئێمە لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەیاد تکایە (ایة لجنة اخري) تۆزێک روون بکەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا لیژنەی (اراضي واستیلاء) دەتوانرێ (طعن)ی لێ بدرێت، بەڵام لیژنەکانی دیکە ناچنە ژێر (طعن)ەوە، لەبەر ئەوە من پشتگیری رایەکەی بەڕێز کاکەڕەش دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فقرة (و): الهیئة الزراعیة وتختص بالنظر في الاحکام والقرارات الصادرة في لجنة الاراضي والاستیلاء).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (و) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بە زۆربەی دەنگ بڕگە (و) پەسەند کرا.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(المادة (١٠)):

ثانيا: تنعقد كل من الهيئة المدنية وهيئة الأحوال الشخصية والهيئة الجزائية برئاسة نائب الرئيس او من تختارة الهيئة الرئاسة و عضوية اثنين من حكام المحكمة على الاقل).

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە باسی دەستەی کشتوکاڵیمان کرد، ئەویش با زیاد بکرێ و، بڕگەکە بەم شێوەیە بێت: (تنعقد الهيئة لاحوال الشخصية و الهيئة الجزائية و الهيئة الزراعية) ئەوی تر وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لارییمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پاش ئەوەی دەستەی کشتوکاڵ زیاد دەکرێ کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (٢) وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرزکرایەوە.. سوپاستان دەکەین کێ لەدژە؟.. بەزۆربەی دەنگ بڕگە (٢) لە مادە (١٠) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ثالثا: تنعقد الهيئة المدنية برئاسة نائب الرئيس وعضوية اربعة من حكام المحكمة على الاقل عندما تنظر في الاحكام الصادرة من محاكم الاستئناف وكذلك الحال بالنسبة للهيئة الجزائية عندما تنظر في احكام و قرارات محاكم الجنايات بصفة اصلية.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر بڕگە (٣) لە مادە (١٠)؟، نییە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیــــد:**
**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**
رابعا :
أ– يجوز تعدد الهيئات او تأليف الهيئات الاخرى بقرار من هيئة الرئاسة.
ب – تولف هيئة الرئاسة من رئيس محكمة التمييز ونوابه وفي حالة غياب احدهم سيحل محله الأقدم من حكام المحكمة.
**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**
**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**
لە برگەی (أ) وشەی (تعدد) بڕگەکە نارێک دەکات تەنیا (يجوز تأليف الهيئات) بەسە.
سەبارەت بە بڕگە (ب): (في حالة غياب احدهم سيحل) وشەی (سيحل) زیادەیە، دەبێ بڵێین (يحل)، سوپاس.
**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**
ئەوەی بەڕێزت فەرمووت دەربارەی داڕشتنە؟.
**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**
**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**
بەڵێ.
**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**
کاک بەختیار پێشنیارەکەت ئەوەیە (تعدد الهيئات) لابرێت؟.

**بەڕێز بەخـــتـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**
**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**
بەڵێ.
**بەڕێز حـــەســـەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**
رای لیژنەی یاساش وایە (تعدد الهيئات) زیادەیە، دەتوانین بڵێین: (يجوز تأليف هيئات اخرى بقرار من هيئة الرئاسة)، سوپاس.

**بەڕێز مـــەعـــروف ڕەئووف خـــضـــر/ وەزیری داد:**
**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**
وشـەی (تعـدد) جـیـاوازی هەیە لەگـەڵ وشـەی (تـأليف)، نازانم لیـژنـەی یاسـا ئەمـە چۆن لێـک دەداتەوە؟!، سوپاس، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
لەپێشەوە ئێمە کە (هيئات متعدده)مان داناوە، ئایا پێویست دەکات جارێکی تر بلێین (يجوز تعدد)؟، ئەگەر ئەم لابرێ وابزانم شتێک لە بابەتەکە ناگۆڕێ.
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
دەکرێت مادەکە بەم شێوەیە بێت: (يجوز تشكيل هيئات اخرى بقرار من هيئة الرئاسة)، یاخود (لهيئة الرئاسة تأليف هيئات اخرى عند الاقتضاء).
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
پاش هەموارکردنەکە برگەکە بەم شێوەیە دەبێت: (يجوز تشكيل هيئات اخرى بقرار من هيئة الرئاسة). ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە برگەی چوارەم (أ- ب) وەربگیرێ؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
المادة الحاديةعشرة: اولا (يجري اختيار رؤوساء الهيئات بما في ذلك الهيئة الموسعة في بداية كل سنة بقرار من هيئة الرئاسة ولا يتبدل عضو الهيئة الأ اذا اقتضت الضرورة بذلك، وبالطريقة ذاتها).
**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پێشنیاری ئەوە دەکەم کە هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستەکان هەمووساڵێک بەپێی (قدم) بێت، سوپاس.
**بەڕێز مەعروف ڕەئوف خضر/ وەزیری داد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەم مادەیە ئاشکرایە، پێویست بە گۆڕان ناکات (في حالة غياب احدهم يحل محله الاقدم من حكام المحكمة)، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (١١) وەکو خۆی وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆبەی دەنگ مادە (١١) پەسەند کرا.
**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**
المادة الثانية عشرة:
اولا: تكون صلاحيات رئيس محكمة التمييز كما يأتي:

١- إدارة المحكمة.
٢- رئاسة هيئة الرئاسة.
٣- رئاسة الهيئة العامة والهيئة الموسعة أو أية هيئة من هيئات محكمة التمييز.
٤- تفتيش اعمال محكمة التمييز.
٥- إحالة الطعون التي تقدم للمحكمة لإستيفاء الرسوم والامانات وتسجيلها.
٦- منح الاجازات لحكام المحكمة و موظفيها وعمالها.
٧- رفع التقارير السنوية عن الموظفين.
٨- توقيع المخابرات الرسمية الي الوزارات.
ثانيا: تكون صلاحيات نائب رئيس المحكمة التميز كما يلي:
١- القيام باعمال رئيس محكمة التميز عند غيابه.
٢- رئاسة احدى هيئات محكمة التمييز.
٣- الاشتراك في هيئة الرئاسة.
٤- توقيع كتب واعادة اضابير الدعاوي المحسومة مرفقة بقرارات محكمة التميز.
٥- مايخولة الرئيس من صلاحيات اخرى.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر مادە (١٢)؟ دیارە نییە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (١٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە.. بە زۆربەی دەنگ مادە (١٢) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفرع الثاني - (محاكم الاستئناف)
المادة الثالثة عشرة:
اولا- محكمة الاستئناف هي هيئة القضائية العليا لمحاكم محافظة واحدة او اكثر وتتألف من رئيس وعدد كافي من نواب الرئيس والمحاكم، وتمارس الاختصاصات المعينة لها بموجب القانون.
ثانيا- تشكل محاكم الاستئناف على الوجة التالي:
١- محكمة استئناف منطقة اربيل وتشمل محاكم الاستئناف محاكم محافظتي اربيل و دهوك و مركزها مدينة اربيل.
٢- محكمة استئناف منطقة كركوك - وتشمل محاكم محافظي كركوك والسليمانية و مركزها مدينة كركوك.

٣. يجوز فك محكمة او اكثر من محكمة إستئناف والحاقها بمحكمة استئناف اخرى باقتراح من الوزير وقرار مجلس القضاء .

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینییم هەیە:

یەکەم: لەلایەنی سیاسیەوە ئاواتی هەموو کەسێکە دادگای تێهەڵچوونەوە(استئناف) مەڵبەندەکەی لە کەرکووکدا بێت، بەڵام ئەمە ناکرێت، چونکە لەم کاتەدا پارێزگای کەرکووک لە دەربەندیخان، یان چەمچەماڵ دەبێت کە ئێستا خانووبەرەیان کەمە، لەبەر ئەوەیە لەوانەیە هەندێک لە دادگاکان لاریبیان لەسەر ئەمە هەبێت، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین کە ئێستا بارەگای دادگای تێهەڵچوونەوە لە سلێمانیدا بێت، ئەگەر بارودۆخێکی تر هات ئێمە دەتوانین دادگای تێهەڵچوونەوە لە کەرکووکدا دابنێین.

دووەم: لەبارەی داڕشتنی بڕگەی سێیەم دەبێت بڵێین (فك ارتباط المحكمة) نەک (فك محكمة)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام پرسیارێک هەیە، ئێمە گوتمان ئەم یاسایە تەنها بۆ ئێستا دانانێین، جا ناتوانین ئێستا لە یاساکە کەرکووک دانێین پاشان ئەمە بەبابەتێک چارەسەر بکەین، کە ئێستا بارەگاکەی بە شێوەیەکی کاتی لە سلێمانیدا بێت؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئێمەش هەمان بۆچوونمان هەیە، ئەگەر بڕگەیەک زیاد بکەین (يجوز نقل مقر محكمة الاستئناف عند الاقضاء)، ئەوە ئەو کاتە یەکسەر دەگوازرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا ئەنجومەنی دادوەری (مجلس القضاء) ناتوانێ یەکسەر بیگوازێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ دەقێکی بۆ دابنرێ؟، چونکە بابەتی کەرکووک سەبارەت بە وەزارەتی داد گەلێک شتێکی حەساسەو، بارەگای (استئناف) کە دەقی لەسەر بکرێ پێویستە ناوی کەرکووک بێت، ئینجا ئێستا ئەمە لە دەربەندیخان دەبێ لە سلێمانی بێت، یاخود لە جێگەیەکی تر بێت ئەمە گرنگ نییە، چونکە ئەم یاسایە بۆ دوا ڕۆژە کەرکووکیش لەلایەن هەموو کەسێکەوە شتێکی تایبەتە دەبێت حسابی بۆ بکرێ.

پێشنیارێک دەربارەی داڕشتنی بڕگە (٣) هەبوو، ئەویش ئەوەیەک (فك المحكمة) بکرێت بە (فك إرتباط المحكمة).

ئێستا پاش زیاد کردنی (فك ارتباط المحكمة) کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (١٣) وەربگیرێ؟..

تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە.. بە زۆربەی دەنگ مادە (١٣) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

(المادة الرابعة عشرة)

اولا: تنعقد محكمة الإستئناف وهيئاتها برئاسة رئيسها او احد نوابه او احدهم وحاكم محكمة استئناف أو عضوية حاكم من حكامها.

ثانيا: يتم تسمية رئيس واعضاء محكمة الاستئناف وهيئاتها ببيان يصدره وزير العدل بناءاً على اقترح من رئيس او العضو الا إذا وجدت ضرورة ماسة تقتضي ذلك).

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، لیژنەی یاسا دووبارە دارشتنەوەی بۆ ئەم دوو بڕگەیەی کردووە، ئەویش دەخەینە بەرچاو.

اولا: تنعقد محكمة الاستئناف وهيئاتها برئاسة رئيسها او احد نوابه وعضوية نائبين من نوابه او احدهم وقاضي محكمة استئناف او عضوية قاضيين من قضاتها.

ثانيا:

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با جارێ بڕگەی یەکەم پەسەند بکەین.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو بڕگە (١) مادەی (١٤) (وتنعقد محكمة الاستئناف وهيئاتها برئاسة رئيسها او احد نوابه او احدهم و حاكم من محكمة الاستئناف او عضوية حاكمين من حكامها)، ئەمە بڕگەیەکی رێکوپێکە دارشتنەکەشی باشەو، یاساییە.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک ئەیاد ئەو دەقەی ئێوە داتان رشتووە بیخوێننەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(تنعقد محكمة الاستئناف و هيئاتها برئاسة رئيسها او احد نوابه) ئەمە وەک خۆیبەتی، بەڵام خۆی کە ئەو دەقە وەرگیراوە لە سەرچاوە بنەڕەتییەکەی حەلەقەیەکی بە بەتاڵی ماوەتەوە، جا ئەو یان لە چاپ وای لێهاتووە، یان مەستێکی وەزارەتی دادە، (وعضوية نائبين من نوابه) ئەمە لە چاپکردندا کەوتووە، هەتا لە یاسای دادوەری عێراقی ئەمە هاتووە (او احدهم وحاكم محكمة الاستئناف او عضوية حاكم من قضاتها) عفوا لحكامها، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕگەکە وانییە دەڵێ: (تنعقد محكمة الاستئناف وهيئاتها برئاسة رئيسها) ئەمە روونە (او احد نوابه) خۆی دەبێتە سەرۆک یان جێگرەکەی، دوو داوەری داگادی تێهەڵچوونەوە دەبنە ئەندام، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێز وەزیری داد (برئاسة رئيس او احد نوابه) ئەمە روونە، بەڵام (احدهم) واتای چییە؟.

**بەڕێز مەعروف ڕەئوف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە تەعبیرمان کرد لە حاڵەتێک حاڵەتەکەی تر جێگر ئامادە بوو سەرۆکایەتی جێگر دەستی پێکرد ئەوکات لەگەڵ کێ دەبێت؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(برئاسه رئيسها او احد نوابه) واتا سەرۆک یان یەکێک لە جێگرەکانی.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی ئەم دەستەیە پێک دێت لە سەرۆک لەگەڵ دوو ئەندام، ئینجا ئەو دوو ئەندامە لەوانەیە دادوەر بن لە دادگای تێهەڵچوونەوە (استئناف)، لەوانەشە یەکێکیان جێگری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە بێت ئەوی تریان دادوەری دادگای تیهەڵچوونەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش لەگەڵ رای لیژنەی یاسادام، چونکە لێرە دەڵێ: (برئاسة رئيسها او احد نوابه) لەو حاڵەتەدا کێ ئەندام دەبێ، ئەگەر ئەندامێتی نەبێ (او احدهم) زیادەو، هیچماناش نادات. پێشنیار دەکەم کە دەقەکە بەم شێوەیە بێت: (برئاسة رئيسها او احد نوابه وعضوية نائبين او احدهم وحاكم محكمةالاستئناف)، واتا دەبێ (عضويه نائبين)ی تێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە مادە (١٧)ی یاسای دەسەڵاتی دادوەری عێراقیدا هاتووە: (تنعقد محكمة الاستئناف وهيئاتها برئاسة رئيسها أو احد نوابه و عضوية نائبين من نوابه او احدهم وقاضي محكمة الاستئناف وعضوية قاضيين من قضاتها) لێرەدا بۆشاییەکە ئەوەیە (وعضوية نائبين من نوابه)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا پێمـوایە گفتوگۆکە لەسەر داڕشتنە، لە بنچینەدا ئەو مادەیە دەبێ دابڕێژرێتەوە لەلایەن لیژنەی یاساوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە مەسەلەی داڕشتن نییە مەسەلە پێکهاتەکەیە (تشکیلە)، ئەگەر ئەمە هەبێ ژمارەکە زیاد دەکات ئەگەر نەبێ ژمارەکە کەم دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا داڕشتنەکە دابنێن تا بیخەینە روو.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١- تنعقد محكمة الاستئناف وهيئاتها برئاسة رئيسها او احد نوابه وعضوية نائبين من نوابه او احدهم وحاكم محكمة الاستئناف او عضوية حاكمين من حاكامها.

٢- يتم تسمية رئيس واعضاء محكمة الاستئناف وهيئاتها ببيان يصدره وزير العدل وبناءاً على اقتراح من مجلس القضاء ولايجوز تبديل الرئيس او العضو الا اذا وجدت ضرورة ماسة تقتضي ذلك.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە لە مادە (١٤) وەکو ئەو داڕشتنەی لیژنەی یاسا خوێندیانەوە وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ مادە (١٤) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگە (٢) هەمواركردنی لیژنەی یاسا بەم شێوەیە: (يتم تسمية محكمة الاستئناف...).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە ئەوەیە (رئيس مجلس القضاء) بێت لەجیاتی (رئيس محكمة استئناف).

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاریمان نییە لەسەر ئەم هەموارکردنە.

**بەڕێز ئەیاد حــاجی نامق مــەجـیـد:**

**بەڕێز ســەرۆکی ئەنجــومــەن.**

فقرة (٢) يتم تسمية رئيس واعضاء محكمة الاستئناف وهيئاتها ببيان يصدره وزير العدل بناءاً على اقتراح من رئيس مجلس القضاء .

**بەڕێز جـێگری ســەرۆکی ئەنجــومــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (٢) لە مادە (١٤)دا پاش ئەم هەمووارکردنە وەربگیرێ؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە تێکڕای دەنگ بڕگە (٢) لە مادە (١٤) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حــاجی نامق مــەجـیـد:**

**بەڕێز ســەرۆکی ئەنجــومــەن.**

المادة الخامسة عشرة: يتولى رئيس محكمة الاستئناف الاشراف على المحاكم واعمال ومديريات التنفيذ ودوائر الكاتب العدل ومديريات رعاية القاصرين في منطقة وتوزيع العمل بين محاميها وله ان يخول احد نوابه مايراه من هذة الصلاحيات.

**بەڕێز جـێگری ســەرۆکی ئەنجــومــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (١٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ بەتێکڕای دەنگ مادە (١٥) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حــاجی نامق مــەجـیـد:**

**بەڕێز ســەرۆکی ئەنجــومــەن.**

المادة السادسة عشرة:

اولا: يوءلف في كل منطقة استئنافية مجلس يسمى (مجلس منطقة الاستئناف) تشكل من رئيس المحكمة و عضوية نوابه وحكام محكمة الاستئناف.

ثانيا: يجتمع المجلس مرة واحدة على الاقل كل شهر ولرئيسه دعوتة الى الاحتماع عند الحاجة، ولا ينعقد الا ببحضور مالايقل عن ثلاثة ارباع عدد اعضائه.

ثالثا: يتولى المجلس ممارسة الختصاصات الاتية:

١ـ دراسة الصعوبات والمشاكل التي تواجهها المحاكم.

٢ـ بحث احتياجات المحاكم وملاكاتها على ضوء الاحتياجات السنوية.

٣ـ تقديم المقترحات بشأن احداث مختلف المحاكم.

٤ـ تحسين اساليب العمل ورفع مستوى الاداء في المحاكم.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز ســەرۆکی ئەنجــومــەن.**

خۆی سەرۆکی تێ هەڵچوونەوە (استئناف) سەرپەشتی (مديرية التنفيذ ، ودوائر كاتب عدل، و

مديرية رعاية القاصرين) دەكات، بەڵام دانانی ئەم فەرمانگانە لە یاسای وەزارەتی دادەوە نەهاتووە، من پرسیار دەکەم کێ ئەم دەزگایانە دادەنێت بۆ ئەوەی سەرۆکی (استئناف) سەرپەرشتیان بکات؟، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(داوئری عدل) خۆی سەربە (استئناف)ە، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سكرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵام کێ دایان دەمەزرێنێت؟، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی ئەم فەرمانگانە (دوائر كاتب عدل، و مديرية تنفيذ، و مديرية رعاية القاصرين) یاسای تایبەتی خۆیان هەیە، ئێستا بەپێی یاسای نوێ ئێمە ئەم بەڕێوەبەرایەتییانەمان کردەوەو، درانە پاڵ (استئناف)، چونکە لەکاتی خۆیدا سەر بە حکومەتی ناوەندی بوون، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سكرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(مديريه رعايەی قاصرين) یاسای خۆی هەیە لەزمنی وەزارەتی داد، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەومان لە تەشکیلاتی وەزارەتی دادەوە باس کرد، بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجوومەنی دادوەری پێک بهێنین پێویستمان بە ئەنجوومەنی (عدلی) کۆن نییە کە پێک هاتبووە لە (رئيس محكمة تمييز، و مديرعام تسجيل العقاري، و رئيس اشراف العدلي، و رئيس تدوين القانوني) ئێمە هێشتا ئەوانەمان نەهێناوەتە گۆڕێ، چونکە دەبێت بۆ هەر یەکێکیان یاسایەک دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پرسیارەی بەڕێز فەرسەت زۆر بەجێیە هەر چەندە راستە وەکو جەنابی وەزیر فەرمووی یاسای تایبەتی هەیە سەبارەت بە (رعاية القاصرين، و دوائر تنفيذ، و كاتب عدل)، بەڵام ئەم یاسایانەی کە ئاماژەی پێ داون بەستراون بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان کەلە بەغدان، ئێستا

بەپێی واقع ئەم بەڕێوبەرایەتیيانە هەمووی سەربە دادگای تێ هەڵچوونەوەن (إستئناف)، بەڵام ئەمــە تەنیــا بە کــرداره، ئێــمــە دەتوانین بە شــێــوەیەکی یاســایی بڕیارێک دەربکەین و ئەم بەڕێوبەرایەتییانە ببەستینەوە بە دادگای تێ هەڵچوونەوە، سوپاس.

**بەڕێـز حــــەســـــەن عـــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەوەی کە ئێستا باسی دەکەین مادە (١٥)یە کە دەنگدانی لەسەر کراو تەواو بوو، بەڵام ئەگەر بمانەوێ بڕگەیەکی دیکە زیاد بکرێت بۆ ئەوەی (دوائر رعاية القاصرين، و كاتب عدل، و دوائر التنفــيــذ) راستەوخۆ ببەسترێن بە ناوچەی (استئناف)ی ئەمەبە دەبێت بە بڕیارێک بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دەتوانین مــادەیەک دابنێین و، ژمــارەی (١٦)ی پێ بدەین، ئەم بەڕێوبەرایەتیــیــانە نوێ بکرێنەوەو، ببەسترێن بە (استئناف)، سوپاس.

**بەڕێز حــازم مــەحــمــود ئەحــمــەد یوســفی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دەبوایە هەندێ فەرمانگە هەبێت لە وەزارەتی داد سەرپەشتی بکەن لەسەر (مديريات التنفيذ و دوائر كاتب العدل و رعاية القاصرين)، چونکە لە وەزارەتی دادی ناوەندی بەم شێوەیە، من نازانم ئێمە ئەمە چۆن چارەسەر دەکەین؟، بەڵام لێرە کە هاتووە و دەڵێ: (يتولى رئيس محكمة الاشراف عليها) لەوانە هەر ئەوە کافی بێت، سوپاس.

**بەڕێز جــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

مادە (١٦) بەپێی ئەوەی کە خوێنرایەوە. کێ لەگەڵ ئەوەدایە وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێـز ئەیـاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة السابعة عشرة:

اولاً: تكون صلاحيات رئيس محكمة الاستئناف كما يأتي:

١ــ الاشراف على الامور الادارية وتوزيع العمل ضمن منطقة.

٢ــ رئاسة مجلس منطقة الاستئناف.

٣ــ رئاسة محكمة الاستئناف بصفتها التمييزية وله ان يرأس محكمة الاستئناف بصفتها الاستئنافية او محكمة الجنايات.

٤ــ احالة الطعون التي تقدم الى محكمة الاستئناف بصفتها الاستئنافية والتمييزية لاستيفاء الرسوم.

٥ـ رفع التقارير السنوية عن الحكام والقضاة والموظفين.
٦ـ توقيع المخابرات الرسمية.
٧ـ منح الاجازات لحكام المحكمة وموظفيها وعمالها.
ثانياً: تكون صلاحيات نائب رئيس محكمة الاستئناف كما يلي:
١ـ القيام باعمال الرئيس محكمة الاستئناف عند غيابه:
٢ـ رئاسة احدى هيئات محكمة الاستئناف او محكمة الجنايات.
٣ـ توقيع كتب اعادة اضابير الدعاوي المحسومة مرفقة بقرارات محكمة الاستئناف الي محكمتها المختصة.
٤ـ مراقبة دوام الحكام والموظفين العمال.
٥ـ ما يخوله رئيس محكمة الاستئناف من صلاحيات اخرى.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر مادە (١٧)؟، نییە. کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.
کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (١٧) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بەزۆربەی دەنگ مادە (١٧) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفرع الثالث: محكمة البداءة:
المادة الثامنة عشرة: تشكل محكمة البداءة او اكثر في مركز كل محافظة او قضاء، ويجوز تشكيلها في النواحي ببيان يصدره وزير العدل، وله توزيع الاختصاص المكاني للمحكمة الى اكثر من قضاء او ناحية.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر مادە (١٨)؟. نییە.
کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (١٨) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین کێ لە دژە؟ بەزۆربەی دەنگ مادە (١٨) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة عشرة:
(لوزير العدل بناءاً على اقتراح لرئيس محكمة الاستئناف تشكيل محكمة البداءة للنظر في نوع واحد او اكثر من الدعاوي).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (١٩) کێ تێبینی هەیە لەسەری؟، کەس. دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (١٩) وەک خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العشرون:

(تنعقد محكمة البداءة من حاكم واحد وتختص بالنظر في الدعاوي والامور الداخلة ضمن اختصاصها وفقا لاحكام القانون).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (٢٠) کێ تێبینی هەیە لەسەری؟. کەس نییە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٢٠) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە زۆربەی دەنگ مادە (٢٠) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الفرع الرابع)ـ محكمة الاحوال الشخصية.

المادة الحادية و العشرون: (تشكل محكمة الاحوال الشخصية او اكثر في كل **مكان فيه محكمة** البداءة).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (٢١) کێ تێبینی هەیە لەسەری؟. نییە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٢١) وەکو خۆی وەربگیرێ؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية والعشرون:

(لوزير العدل بناءاً على اقتراح من رئيس محكمة الاستئناف تشكيل محكمة الاحوال الشخصية للنظر في نوع واحد او اكثر من الدعاوي).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر مادە (٢٢)؟... کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٢٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بەزۆربەی دەنگ مادە (٢٢) وەکو خۆی پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجــیـــد:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

المادة الثالثة والعشرون :

اولا : تنعقد محكمة الاحوال الشخصية من حاكم واحد ويطلق علية لفظ القاضي و تختص بالنظر في مسائل الاحوال الشخصية وفقا لاحكام القانون.

ثانيا : يعتبر حاكم محكمة البداءة (المسلم) قاضيا لمحكمة الاحوال الشخصية ان لم يكن لها قاضي خاص.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

ماده (٢٣) کێ تێبینی هەیە لەسەری؟.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە ماده (٢٣) وەک خـۆی بمێنێـتـەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بەزۆربەی دەنگ ماده (٢٣) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجــیـــد:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

الفرع الخامس : محكمة الجنايات.

المادة الرابعة والعشرون :

اولاً : تشكل في المركز كل محافظة محكمة جنايات تنظر في الدعاوي الجزائية المعينة لها وفقاً لاحكام القانون.

ثانياً : يجوز تشكيل اكثر من محكمة جنايات في المحافظة ببيان يصدرة وزير العدل يحدد فيه اختصاصها الفرعي والمكاني ومركز انعقادها.

ثالثاً : يجوز ان تنعقد محكمة الجنايات خارج مركز المحافظة ببيان يصدره رئيس محكمة الاستئناف بناءاً على اقتراح من رئيس محكمة الجنايات.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ماده (٢٤)؟.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە ماده (٢٤) وەکو خـۆی وەربگیـرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بە زۆربەی دەنگ ماده (٢٤) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجــیـــد:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

المادة الخامسة والعشرون :

اولاً : تنعقد محكمة الجنايات في مركز محكمة الاستئناف من ثلاثة حكام برئاسة رئيس محكمة الاستئناف او احد نوابه وعضوية نائبين آخرين او احدهما وحاكم وعضوية حاكمين

لايقل صنف اي منهما عن الصنف الثاني.
ثالثا: يتم تسمية رئيس واعضاء محكمة الجنايات الأصليين منهم والاحتياط ببيان يصدره وزير العدل بناءاً على اقتراح رئيس محكمة الاستئناف.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر مادە (٢٥)؟ نییە؟. دەیخەینە دەنگدانەوە.
کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٢٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٢٥) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الفرع السادس)ـ محكمة الجنح.
المادة السادسة والعشرون:
اولاً: تشكل محكمة الجنح او اكثر في كل مكان فيه محكمة البداءة، وتختص بالنظر في الدعاوي المعينة لها وفقاً لاحكام القانون.
ثانياً: تنعقد محكمة الجنح من حاكم واحد.
ثالثاً: يعتبر حاكم محكمة البداءة حاكما لمحكمة الجنح ان لم يكن لها حاكم خاص.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر مادە (٢٦)؟. فەرموو کاک بەختیار.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو برگەیە (يعتبر حاكم محكمة البداءة حاكماً لمحكمة الجنح ان لم يكن لها حاكم خاص) لە بنەڕەتدا پێویست بەو مادەیە ناکات، چونکە دادگاکانی قەزاو ناحیەکان هەر یەک دادوەری لێ دەبێت کە بە ئیشوکاری هەموو دادگاکان هەڵدەستێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ دەقێک هەیە بڵێ لە قەزاکان یەک دادوەر هەیە؟.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر نییە، هەندێک جار وا رێک دەکەوێ لە قەزایەک سێ دادوەر هەبێت. «کاک بەختیار ئەوکاتە ئیشەکان چۆن دابەش دەکات؟!»، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٢٦) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٢٦) پەسەند کرا.

**بەڕێـز ئەیـاد حـــاجی نـامـق مـــەجـــیـــد:**

**بـەڕێــز ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

المادة السابعة و العشرون: لوزير العدل بناءاً على اقتراح من رئيس محكمة الاستئناف تشكيل محكمة جنح للنظر في نوع او اكثر من الدعاوي.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

کێ تێبینی هەیە لە سەر مادە (٢٧)؟.کەس تێبینی نییە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٢٧) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ مادە (٢٧) پەسەند کرا.

**بەڕێـز ئەیـاد حـــاجی نـامـق مـــەجـــیـــد:**

**بـەڕێــز ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

(الفرع السابع)ـ محكمة الاحداث.

المادة الثامنة والعشرون.

اولاً: تنعقد محكمة الاحداث من هيئة برئاسة حاكم محكمة الاحداث وعضوية اثنين من المحكمين وتنظر في الجنايات وتصدر احكامها فيها وفق قانون الاحداث.

ثانياً: يتم تسمية رئيس الهيئة والمحكمين الاصليين والاحتياط ببيان يصدره وزير العدل بناءاً على اقتراح من رئيس محكمة الاستئناف.

ثالثاً: تنظر المخالفات والجنح من قبل حاكم الاحداث وحده وفقا لاحكام قانون الاحداث.

لێرە ئێمە وەکو لیژنەی یاسا پێشنیارێکمان هەیە.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر مادە (٢٨)؟. فەرموو کاک ئەیاد.

**بەڕێـز ئەیـاد حـــاجی نـامـق مـــەجـــیـــد:**

**بـەڕێــز ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

رای لیژنەی یاسا ئەوەیە: (يجوز ان تنظر مخالفات من قبل حكام الجنح في الاقضية والنواحي)، واتا کێشەکانی هەرزەکاران (احداث) بێتە لای دادوەری هەرزەکاران لە مەڵبەندی پارێزگادا، سوپاس.

**بەڕێز مـــەعـــروف رەئـووف خـــضـــر/ وەزیری داد:**

**بـەڕێــز ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

مەسەلەی (احداث) مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، هەموو دادوەرێک ناتوانێت کێشەی هەرزەکاران ببینێ، بەڵکو مەرجێکی تایبەتی هەیە دەبێ لەهەر دادوەرێکدا هەبێت لە رووی تەمەن و

شـارەزاییـەوەو، نابێت چینێک بکەینە دووپارچە، چینە کـردارەک لە دادگـایەک دابنێین و، چینێکی تریش لە دادگایەکی دیکە، دادگای هەرزەکاران بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ هەرزەکاران دانراوە، ئینجا تاوانەکە بچوک، یان بێت گەورە جیاوازی نییە، سوپاس.

**بەڕێز حـەسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

بێگومان ئێمە لەگەڵ قسەکانی وەزیری دادین، بەڵام منداڵێک سەرپێچییەکی کردووە، زللەیەکی لەیەکێک داوە (١٠) دینار جەزای لێ وەرگرین، لەحاجی ئۆمەران بیهێنینە هەولێر دادگایی بکەین، دێت بەمە خەڵک کە ئەزیەت دەخوات، لەبەر ئەوەی سەرپێچی کردن سزاکەی کەمە بەرای من ئەم جۆرە کێشانە بدرێنە دادگایەکی کەتن (الجنح) لەیەکێک لە ناحیەکان، سوپاس.

**بەڕێز مـەعـروف ڕەئووف خـضـر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

ئەو بابەتە سیفەتێکی تایبەتی هەیە کە کێشەی هەرزەکاران دەبێت لەلایەن دادگای هەرزکاران (احداث) ببینرێن، ڕاستـە ئێسـتـا بارودۆخ ناخۆشـە، بەڵام لەوانەیە پاش ساڵێکی دیکە بارودۆخی کـوردسـتـان باش بێت یەکێک بتوانێ بە چەند سەعـاتێک لە حاجی ئۆمەران بگاتە هەولێـر، هەروەها کـێشـەی سەرپێچی دوا ناخرێت، بەڵکو یەکسـەر حکومی پێ دەدرێت لە دادگادا، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

بەڵام وابزانم ئەو پرسیارە واردە، ئێستاکە وارده لە حاجی ئۆمەران بینێرین؟.

**بەڕێز مـەعـروف ڕەئووف خـضـر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

ئێستا تاوانباری گەورەش هێنانی بۆ دادگای تاوان لێرە زەحمەتە، کاتێک دادگای هەرزەکاران دانراوە ڕەچاوی ئەوە کـراوە کـە منداڵان دەبێت لە دادگـایەکی تایبـەتیـدا دادگـایی بکرێن لە یاسـاکانی ڕۆژئاواشدا هەر بەم شێوەیە مـامەڵەی منداڵ دەکرێت، جا تاوانەکە چ بچـوک بێت، یاخود گەورە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سـەعـیـد علی خـان سلیـڤـانی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

بێگومان رای لیژنەی یاسایی ئەوەیە ڕەچاوی هەرزەکاران بکرێت، بۆ نموونە ئەگەر هەرزەکارێک لە شـەقـلاوە، یان لە ڕواندوز بەدەسـتی پۆلیس بێـتـە هەولێـر بێگومـان باری دەروونی تێک دەچێت، لەبەر ئەوە من پشتگیریی لە رای لیژنەی یاسایی دەکەم کە دادگای کەتن لە یەکێک لە ناحیە، یان قەزاکان دادگایی هەرزەکاران بکات، سوپاس .

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی هەرزەکاران زۆر کەم دەدرێنە دادگای هەرزەکاران، زۆر جار لەسەر سەرپێچییەکی بچووک (٣ـ٤) ساڵ لە دادگا کێشەکەی ماوەتەوە، جا من وابزانم پێشنیاری لیژنەی یاسا لە جێی خۆیەتی، چونکە منداڵان لەکاتی لێکۆڵینەوەدا زۆر ئەزیەت دەکێشن، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرای تۆ مەرج نییە دادگایەک هەبێ بۆ هەرزەکاران لە ناحیەکان؟.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، چونکە هەرزەکان لەکاتی گواستنەوەو، لێکۆڵینەوە زۆر ئەزیەت دەکێشن، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە پێشنیارەکەیە.

ثالثاً: (تنظر المخالفات والجنح من قبل حاكم الاحداث وحده وفقا لاحكام قانون الاحداث، ويجوز ان تنظر المخالفات من قبل حاكم الجنح في الاقضية والنواحي)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ تەنیا جەخت ناکەی لەسەر (مخالفات) و (جنح) بمێنێتەوە؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ويجوز ان تنظر المخالفات من قبل حكام الجنح في الاقضية والنواحي.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری داد، لاریی هەیە لەسەر ئەم پێشنیارە؟.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لارییم نییە لەسەر ئەمە با زیاد بکرێ.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا مادە (٢٨) وەکو لیژنەی یاسا پێشنیاری کرد دەیخەینە دەنگدانەوە.

ئێستا لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٢٨) پاش ئەو زیاد کردنەی لیژنەی یاسا وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. بەزۆربەی دەنگ مادە (٢٨) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

(الفرع الثامن)ـ محكمة العمل.

المادة التاسعة والعشرون:

اولا: تشكل محكمة العمل في كل محافظة.

ثانيا: تنعقد محكمة العمل من حاكم واحد.

ثالثا: تختص محكمة العمل بالنظر في الدعاوي والامور الداخلة ضمن اختصاصها وفقا لاحكام القانون.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لە یاسـای دەسـەڵاتی دادوەری عـێـراقـیـدا باسی دادگـای باڵای کـار کـراوە، دەسـتـەکـانی پێـداچوونەوەش هیچ دەستـەیەکی کـاری نیـیـە لە دادگـای پێداچوونەوەدا، من پرسـیـار دەکـەم بڕیاری ئەو دادوەرانە کێ پێی دادەچێتەوە؟.

**بەڕێز مـەعـروف ڕەئـووف خـضـر/ وەزیری داد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لە دادگای پێداچوونەوە دەستەیەک دروست دەکرێ بەناوی هیئەی کێشەکانی کار (هیئە قضایا العمل)، کە بە بڕیارەکانی دادگای کار دادەچێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لە مـادەی (١٠)دا هاتووە: رابعا (أ)ـ(يجوز تشكيل هيئات اخرى بقرار من هيئة الرئاسة)، بەپێی ئەم دەقە دادگای پێداچوونەوە هەر کاتێک بیەوێت دەتوانێت دەستەیەک دروست بکات، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

پێموایە ئەو دەقەی هاتووە بۆ شتی ئیستیسنائییە ئێمە لێرە دەستەیەکی دادوەریمان هەیە کە دادگـای کـارە، ئەو دادگـایە کـە پێکهـێنرا پێـویسـتـە لەوێ دەسـتـەیەکی تـایبـەت هەبێت بە بڕیارەکانی ئەم دادگایە دابچێتەوە، بەڵام ئەو دەقەی مادە (١٠) تەنیا بۆ دادگای پێداچوونەوە هاتووە لە حاڵاتی ئیستیسنائی دەستە بۆ خۆی دروست بکات، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

ئەمە مادەیە بە ڕەهایی هاتووە، نەک تەنیا بۆ حاڵاتی ئیستیسنائی.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من هیچ کۆسپێکی یاسایی نییە کە دەستەیەکی کار هەبێت لەناو دەستەکانی دادگای پێداچوونەوە، چونکە ئەم دەستەیە زۆر پێویستە.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرمووی بەپێی ئەم مادەیە ماوە هەیە ئەم هەیئەتە بکرێتەوە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دادگای باڵای کار کە کاتی خۆی سەیری کێشەکانی کاری دەکرد هەڵوەشێنرایەوەو، کێشەکانی دادگای کاری عێراق هەمووی درانە دەستەی شارستانی لە دادگای پێداچوونەوە، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئیشەکانیان مدنییە ئێستاش کێشەکانی کار زۆر کەمە، لەبەر ئەوە ئێمە دەتوانین لە کوردستاندا تەنیا دەستەیەکی شارستانی (مدنی) دروست بکەین کە دەقەکە بەم شێوەیە بێت: (وتختص الهيئة المدنية في محكمة التمييز بالطعن في القرارات التي تصدرها محاكم العمل)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەتوانین دەستەیەکی نوێ دابمەزرێنین؟، جەنابت فەرمووت ڕژێم دەستەی کاری هەڵوەشاندەوە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیئەی شارستانی دەتوانێ ئەمە ببینێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەکرێ بڵێین: (وتختص بالنظر في احكام والقرارات الصادرة في الدعاوي المدنية و الدعاوي محاكم العمل والمواد الاخرى المتفرقة صادرة من محاكم العمل واللجان وفقاً لاحكام القانون).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی چەسپاوە زیادەی لەسەر ناکرێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە دەستەیەک هەبێت بە ناوی (دەستەی کار)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەیەک کە ئێمە دەنگدامان لەسەر کردووەو، پەسەند کراوە ناتوانین بگەڕێینەوە سەری.

**بەڕێز حـــازم مـــحـــمـــود ئەحـــمـــە یوســـفی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

دوو ڕێگە هەیە بۆ چارەسەر کردنی ئەم بابەتە:

یەک: ئێـمـە دەسـەلاتمان داوە بە دەسـتـەی سـەرۆکـایەتی کـە دەسـتـەیەک دروست بکات. یاخود برگـەیەک زیاد بکەین کـە بەم شێـوەیە بێت: (وتختص الهيئة المدنية بالنظر في دعاوي محكمة العمل)، سوپاس.

**بەڕێز عـەبد ولخـالق مـحـەمـەد ڕەشـیـد زەنگـەنە:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام برگەی چوارەم دابنرێ و، دەستەیەک هەبێ بۆ کێشەکانی کار، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین برگەی چوارەم دابنرێ، جا دارشتننەکە دەدەن بە ئێمە لە لیژنەی یاسادا بیکەین، یانیش دەدرێ بە سەرۆکایەتی؟، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە برگە چوار زیاد بکرێ و، دارشتننەکەی پاشان بدرێ بە لیژنەی یاساو، مادەی (٢٩)ش وەکـو خـۆی وەربگیـرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کـرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە تێکڕای دەنگ مادە (٢٩) پەسەند کرا.

پاشان لیژنەی یاسا برگە ی(٤) دادەڕێژێت، بۆ ئەوەی زیاد بکرێت لەسەر ئەم مادەیە.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

(الفرع التاسع)ـ محكمة التحقيق.

المادة الثلاثون:

اولاً: تشكل محكمة تحقيق او اكثر في كل مكان فيه محكمة بداءة، ويكون حاكم محكمة البداءة حاكماً للتحقيق، مالم يعين حاكم خاص لها و يقوم بالتحقيق وفق أحكام القانون.

ثانياً: لوزير العدل بناءاً على اقتراح من رئيس محكمة الاستئناف ان يخصص محكمة تحقيق لنوع او انواع معينة من الجرائم.

ثالثا: لوزير العدل ان يؤلف هيئة برئاسة احد الحكام للتحقيق في جريمة او جرائم معينة وتكون للهيئة سلطة حاكم تحقيق.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

مادە (٣٠) کێ تێبینی هەیە لەسەری؟. کەس تێبینی نییە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٣٠) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ بەتێکڕای دەنگ مادە (٣٠) پەسەند کرا.

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (تألیف) پێشتر کردمان بە (تشکیل)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە داڕشتنە پاشان بەڕێزت دەتوانیت بیدەیتە لیژنەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتی (ئەنجوومەنی دادوەری) لەوانەیە لە نێوان ئەندامانی پەرلەمان و، لیژنەی یاساو، وەزیری داد گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر بکرێ و، زۆریش دوابکەوێت، بۆیە بێشنیار دەکەم کە ئەمرۆ دوای بخەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە ئاراستە کراوە بۆ سەرۆکایەتی، ئەگەر لاریبیتان نەبێت، دانیشتنەکە دوادەخەین بۆ سبەی، یان رۆژێکی دیکە. زۆر سوپاستان دەکەین و، رێزمان هەیە بۆ وەزیری داد. دانیشتنی ئەمرۆ کۆتایی پێ هات.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تاقی کردنەوەیەکی زۆر هەیە لە بارەی ئەم جۆرە دراوانەوە لە جیهاندا، بۆ نموونە کاتێک کە ئەڵمانیا دوو بەش بوو، ئەڵمانیای رۆژ ئاوا و ئەڵمانیای رۆژ هەڵات، لە بازاڕدا مارکێکی ئەڵمانی رۆژئاوا بەرامبەر بە (٣ـ ٤) مارکی ئەڵمانی رۆژهەڵات بوو، بەڵام لە بازاڕی جیهانیدا یەک نرخ بوون، جا ئەو پێشنیارە زۆر لە جێگەی خۆیدایە کەوا ئێمە ئەو مەسەلەیە بەرەو رووی لیژنەیەکی پسپۆڕی بکەینەوە، لەو بارەیەوە باش لێی بکۆڵێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە کە گوایە ئەو پارانەی کە پێیان دەڵێن(٥ و ١٠ و ٢٥)گەورە وەربگیرێت و، بەتایبەتیش جەخت بخرێتە سەر ئەنجوومەنی وەزیران بۆ وەرگرتنی ئەم جۆرە پارانە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دژی ئەوەنیم کە لیژنەیەک لە شارەزاو پسپۆڕان پێک بێت بۆ لێکۆڵینەوەی باری ئابووریی بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام ئەو لیژنە پسپۆڕ و شارەزایە هیچ پەیوەندیەکی بەوەوە نییە کە پارەی(١٠)دیناری ئەندازەی گەورە لە بازاڕ و بانکەکاندا وەربگرێت، یان وەرنەگرێت، بە رای من لیژنەی وا ئەگەر پێک دەهێنرێت دەبێت بچێ دراسەتی شتی تر بکات، بۆ سەلماندنی قسەی خۆیشم دەڵێم کە کەموکورتی لە دەزگاکانی جێبەجێی کردنە لە حکومەت و، وەزارەتی ناوخۆ وەزارەتی دارایی وپارێزگاکان لێی بەرپرسیارن بۆ سەلماندنی قسەکەشم دەڵێم ئێمە وەکو ئەنجوومەنی نیشتمانیی یاسایەکمان دانابوو بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنی دۆلار وپارەی بیانی.

ئێمە بڕیارێکمان دا بۆ ئەو کەسەی کە مامەڵە بە دۆلار و پارەی بیانی دەکات، دەبێ بە رەزامەندی وەزارەتی دارایی ئەو کارە بکات، واتە مۆڵەتی پێ بدرێ، ئەوجا دەتوانێ بۆ خۆی دەتوانێ ئەو مامەڵەیە بکات، بەڵام ئەوە سێ چوار مانگە بە سەر ئەو بڕیارەدا رابردووە و، ئایا هیچ ئیجرائاتیک لە دژی ئەو کەسانە کراوە کە تا ئێستا مۆڵەتی رەسمییان وەرنەگرتووە؟!، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا هەموو رامان وایە کە جەخت لە سەر حکومەت بکرێت ئەو پارانەی کە پێی دەڵێن بەتانی لە بازاڕدا وەربگیرێت، ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

دێینەوە سەر یاسای دەسەڵاتی دادوەری(السلطه القضائیه)لیژنەی یاسا با بفەرموون.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

المادة/ الحادية والثلاثون ..(الباب الثالث).

الخدمة القضائية: الفصل الاول.

مجلس القضاء:

اولا :أـ يولف مجلس القضاء على الوجه الآتي:

١ـ اذا كان وزير العدل حاكما فيكون رئيسا للمجلس وعضواً لرئيس محكمة التمييز واقدم نوابه وعند عدم وجود اقدم حاكم لمحكمة التمييز والرئيس والادعاء العام ورئيس هيئة الاشراف العدلي ورؤساء محاكم الاستئناف ومدير العدل العام واذا غاب الرئيس فيكون رئيس محكمة التمييز مقامه.

٢ـ اذا لم يكن وزير العدل حاكما فيكون المجلس برئاسة رئيس محكمة التمييز وعضوية اقدم نائبه وعند عدم وجودهما اقدم حاكم لمحكمة التمييز ورئيس الادعاء العام ورئيس هيئة الاشراف العدلي ورؤساء محاكم الاستئناف ومدير العدل العام واذا غاب الرئيس يقدم اقدم نواب مقامه.

يجتمع المجلس مرة واحدة في الشهر على الاقل وللرئيس دعوته للاجتماع عند حاجة ولا ينعقد الا بحضور رئيسه او من ينوب عنه عند غيابه وما لا يقل من ثلاثة ارباع اعضائه وتتميز القرارات باكثرية عدد اعضاء المجلس.

ثالثا: يكون للمجلس سكرتيرا حاصلا على شهادة بكالوريوس في القانون يتولى تنظيم اعمال المجلس وتحضير مناهجه وتلخيص القضايا المعروضة عليه وتبليغ قراراته.

ئەمە پرۆژەکەی وەزارەتی دادە، ئێمەش وەکو لیژنەی یاسا لەسەر ئەم پرۆژەیەو ئەم مادەیە شتێکمان هەیە، ئەگەر بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ڕێ بدات کە پێشنیاری خۆشمان بخوێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئێستا لەسەر ئەو مادەیەی کە خوێنرایەوە هیچ تێبینییەک هەیە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە شتێکی زۆر گرنگ هەیە،ئایا سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری کێ بێ؟ ئایا وەزیر داد بێت؟،یان سەرۆکی دادگای تەمیز بێت، لە هەموو سیستەمێکدا سەرۆکی ئەنجوومەنی دادەوەری، وەزیری داد، یا سەرۆکی دادگای تەمیز سەرۆکایەتی ئەو دانیشتنە دەکات، جا من پێشنیار دەکەم کە سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری بێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکە ڕەش محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش لەگەڵ ئەو ڕایەدام کە نابێت وەزیری داد ئەندامی ئەنجوومەنی دادوەری بێت، چونکە دەستەواژەکە هەر لە بنەڕەتەوە بە هەڵەی هاتووە کە دەڵێت: (اذا کان حاکما اواذا لم یکن حاکما)، واتە لەم ڕووەدا دەبێت گفتوگۆی ئەوە بکەین، کە ئایا وەزیر سەرۆک بێت، یا سەرۆک نەبێت، ئەگەر«حاکما» بۆ سەرۆک بێت؟، ئەگەر «حاکما» نەبێت بۆ سەرۆک نەبێت؟، بەرای سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە پێویستە سەرۆکی ئەنجوومەن بێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن کانەبی خضر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش لەگەڵ ئەو ڕایەدام کە سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی، سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەش بێت، تەنانەت ئەگەر وەزیری داد دادوەریش بێت، چونکە لە دەسەڵاتی دیموکراتیدا، دەسەڵاتەکانی یاسادانان و دادوەریی ودەسەڵاتی جێبەجێ کردن لەیەک جیا کراونەتەوە، چونکە وەزیریی وەزیفەیەکی سیاسیە، بەڵام دادوەریی وەزیفەیەکی سیاسی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەعید سدیق هەروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارێکم هەیە کە(مدیر تسجیل عقار عام)زیاد بکرێت بۆ ئەنجوومەنی دادوەری، سوپاس.

**بەڕێز کەمال شاکر محەممەد/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من زۆر لە یاسا شارەزانیم، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە نابێت لەیەک کەسدا دەسەڵاتی دادوەری ودەسەڵاتی جێبەجێ کردن کۆببێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راستە یاسا بۆ شتێکی کاتی دانانرێت، بەڵکو یاسا بۆ شتێکی هەمیشەیی و بۆ ماوەیەکی درێژ دادەنرێ، بە بۆچوونی ئێمە ئەگەر وەزیری داد دادوەر بێت، یان دادوەر نەبێت ئەو هەر ئەندامە لە ئەنجوومەنی وەزیران و، لەبەر ئەوە ئێمە وەک لیژنەی یاسا لەگەڵ ئەوەدا نین کە دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی جێبەجێ کردنیش لە یەک کەسدا کۆ بێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە حکومەتدا هەمەجۆری دەسەڵات نییە و، دەبێت دەزگاکانی هەرێمی کوردستان یەک دەست و

یەک پارچە بن، با دەسەلاتی یاسا دانان و دەسەلاتی جێبەجێ کردن و دەسەلاتی دادوەری یەک دەسەلات بن لە هەرێمی کوردستاندا، وەکو وتیشمان یاسا بۆ ماوەیەکی کورت دەرناچێ، بەڵکو بۆ مـــاوەیەکی دوورو درێژ دادەنرێت، هەروەها وەزیر بەرپرســـیــارە بەرامـــبـــەر بە هەر دوو ئەنجوومەنەکە، ئەنجوومەنی نیشتمانیی وئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

فەرموو کاک ئەیاد پێشنیارەکە بخوێنەرەوە.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

المادة الحادية والثلاثون :

اولا :

أـ يؤلف مجلس القضاء برئاسة رئيس محكمة تمييز اقليم كوردستان العراق وعضوية اقدم نائبيين من نواب الرئيس وعند عدم وجودهما اقدم حاكمين من محكمة التمـييز ورئيس هيئة التفتيش العدلي ومدير العدل العام واحد حكام محكمة التمييز او رئيس ديوان التدوين القانوني ورئيس الادعاء العام.

ب ـ اذا غاب الرئيس يقدم مقامة اقدم نائبية وعند غيابهم يترأس المجلس اقدم الاعضاء من حكام التمييز.

ثانيا : يجتمع المجلس مرة واحدة في الشهر على الاقل وللرئيس دعوته للاجتماع عند الحاجة ولا ينعقد الا بحضور رئيسه أو من ينوب عنه عند غيابه وما لا يقل عن ثلاثة ارباع اعضائه وتتخذ القرارات باكثرية عدد اعضاء المجلس.

ئێمە لێرەدا وتومانە(أ ـ ب). فقرة(١) :(أ) يؤلف المجلس.

(ب) اذا غاب الرئيس.

فقرة (٢) يجتمع مجلس مرة واحدة.

فقـرة(٣) يكون لمجلس سكرتيرة حاصلا على شهادة بكالوريوس في القانون يتولى تنظيم اعمال المجلس وتحضير مناهجه وتلخيص القضايا المعروضة عليه وتبليغ قراراته.

بەڕێزان ئەو دوو بڕگەیەی کە لە پڕۆژەکەی وەزارەتدا هەیە، هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە، جا ئەگەر بوارم پێبدەن لەسەر بڕگەی یەکەم، هەموار کردنێکم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

با بزانین ئەم هەموار کردنە چییە؟.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

(اولا ـ ثانیا)مان کردووە بەیەک بڕگە، چونکە لە پڕۆژەی وەزارەتدا هاتووە و دەڵێت:«اذا كان

حاكما واذا لم يكن حاكما» ئەمە بڕگەی دوومە لە پرۆژەکەدا، ئێمە هەردووکیمان کردووە بەیەک، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە هیچ وەختێک نەمان گوتووە وەناشی لێین کە (قضاء) نابێت سەربەخۆ بێت، بە پێچەوانەوە ئێمە لەو کەسانەین کە داوا دەکەین (قضاء) ئەوپەڕی سەربەخۆی هەبێت و، ئەو بیرۆکەیە زیاترە لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی دادوەریە لەوەی کە بێ هێزی کات، بەڵکو دادوەری بە هێز دەکات و دەسەڵاتیش دیاری دەکات، مەبەستیش لە دەسەڵاتیش ئەوەیە کە سیاسەتی حکومەت بەبات بەڕێوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵام نابێت وەزیر ببێ بە سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری، چونکە وەزیر ئەندامی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە، ئایا ئەگەر وەزیر سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری بێت، لە سەربەخۆی(قضاء) کەم ناکاتەوە؟، چونکە وەزیر لە لایەکەوە سەرقاڵی جێبەجێ کردنی سیاسەتی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەبێت و، لەلایەکی تریشەوە خەریکی دەسەڵاتی دادوەری دەبێت.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزارەتی داد تەبیعەتێکی تایبەتی هەیە، لە ١٠٠٪ ئیعتبار ناکرێت کە ئیش دەکات لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، چونکە وەزارەتی داد یاسا جێبەجێ دەکات و، وەزیری دادیش چاودێری جێبەجێ کردنی یاساکان دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە؟، وەزیری داد ببێ بە سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری.

دوو پێشنیار هەیە یەکێکیان ئەوەیە کە وەزیری داد کە دادوەرە سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری بێت.

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەدایە؟..کەواتە کەسی لەگەڵدا نییە.

کێ لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی یاسادایە؟ کاک ئەیاد جارێکی تر بیخوێنەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(یؤلف مجلس القضاء برئاسة رئيس محكمة التميز لاقليم كوردستان العراق وعضوية اقدم نائبين من نواب الرئيس وعند عدم وجودهما اقدم حاكمين من محكمة التميز ورئيس هيئة التفتيش العدلي ومدير العدل العام واحد من حكام التميز أو رئيس ديوان التدوين القانوني

ورئيس الادعـاء العـام) و(مـديري تسجيل عقاري عـام).. ئەويش هەر دەبێت ئەندامی ئەنجوومەنی دەسەلاتی دادوەری، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا لە سەر ئەو پێشنیارە هیچ تێبینی هەیە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەمە ببێتە مادەی(٣١)؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێی لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الثانية والثلاثون :ـ

يتولى المجلس الاختصاصات الاتية:ـ

١ـ مناقشة الخطة الدورية للوزارة وابداء ملاحظاته عليها.

٢ـ دراسة القضايا التي يحيلها عليه الوزير.

٣ـ النظر في ترفيع ونقل واعادة الحكام والتحقيق من سلوكهم وكفاءتهم والاشراف على استقلال القضاء.

٤ـ اصدار القرار بترشيح من يراه مستكملا لشروط التعين من المحاكم واذا كان طالبوا التعين اكثر من المطلوب فيجري المجلس امتحانا ويقرر ترفيع من يراه أرجح من غيره من الناجحين.

٥ـ تشكيل لجنة باسم(لجنة شؤون الحكام) تتألف من ثلاثة اعضاء يختارهم المجلس من بين اعضائه في بداية كل سنة للنظر فيه لدى الهيئة المؤسسة في محكمة التميز من قبل وزير العدل ومن قبل الحاكم الذي صدر القرار ضده خلال ثلاثين يوما من تاريخ التبليغ به ويكون قرارها من هذا الشأن نهائيا.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئێستا لە سەر مادەی(٣٢) کێ تێبینی هەیە؟، کەس تێبینی نییە. کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ مادە(٣٢)دایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

الفصل الثاني: «تعيين الحكام»:ـ

المادة الثالثة والثلاثون: يشترط في من يعين حاكما ما يلي:

١ـ ان يكون عراقيا ويجيد اللغة الكردية ومتمتعا بالاهلية المدينة الكاملة.

٢ـ ان لا يقل عمره عن ثلاثين سنة وان يكون متزوجا.

٣ـ ان لا يكون محكوما بجناية غير سياسية او جنحة مخلة بالشرف.

٤ـ ان يكون محمود السيرة وحسن السمعة مشهدا له بالنزاهة والحياء.

٥ـ ان تتوافر الجدارة المدنية مع الاهتمام بسلامة البدن في العاهات الظاهرة ومخلة بالشخصية.

٦ـ ان يكون حاصلا على شهادة بكالوريوس في القانون او ما يعادلها.

٧ـ الممارسة الفعلية بعد التخرج.

جا له سەر خاڵی(٧) ئەم پێشنیارەمان هەیە،(٧) الممارسة الفعلية بعد التخرج من كلية القانون مدة لاتقل عن ثماني سنوات في مهنة المحامات او وظيفة محقق عدلي او معاون قضائي او كاتب عدل او منفذ عدل أو مدير رعاية القاصرين أو في دائرة التسجيل العقاري والموظفين والحقوقيين العاملين في قسم الحقوق في الدوائر والمؤسسات الرسمية الذين مثلوا امام المحاكم بما لا يقل عن خمسة دعاوي في السنة.

ب ـ تكون مدة الممارسة الفعلية في الوظائف المبينة في الفقرة(أ) خمسة سنوات اذا كان قد حصل على شهادة ماجستير في القانون وتكون مدة الممارسة المذكورة ثلاثة سنوات واذا كان قد حصل على شهادة الدكتوراه في القانون سواء كانت الممارسة قبل الحصول على الشهادة تين أؤ بعدها.

ج ـ تحتسب مدة الممارسة في المحامات والوظائف المذكورة في الفقرة(أ) بعضها الى بعض للزمن المعين.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا كێ تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من یەک تێبینیم هەیە لە بارەی بڕگە(٣)وە، (ومن لا يكون محكوماً بجناية غير سياسية او جنحة مخلة بالشرف..) ئەوەی ئاشكرایە(مخله بالشرف) ئێستا لە یاسای عێراقیدا (تخلف وهروبي)ی خدمەی عەسكەریش دەگرێتەوە (تتخلف من الخدمة العسكرية..) بۆیە بە پێویستی دەزانم كە لێرەدا ئیستسنایەكی تیادا بكەن(جنحة بالشرف عدا جنحة الهروب والتخلف من خدمة عسكرية).

**بەڕێز د. جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم بڕگەی یەكەم دەڵێت: (ان يكون عراقيا)، بە رای من بگوترێت: (من مواطن الاقليم) ئەمە یەكەم دووەم، بۆ ئەوەی كە پێویستە خزمەتی هەبێت(٨) ساڵ نووسراوە، بەرای من چونكە ئیشی حاكم زۆر گرنگە(٨) ساڵ كەمە، با بكرێتە(١٠) ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنیا تێبینییەكم هەیە، یاساكە دەڵێت ئەوانەی وەزیفەی (محقق عدلي، معاون قضائي وكاتب عدل ومنفذ عدل أو مدير رعاية القاصرين ودائرة التسجيل العقاري والموظفين الحقوقيين العاملين في قسم الحقوق في الدوائر والمؤسسات الرسمية او الذين مثلوا امام محاكم..)،

پێشنیارەکەی من ئەوەیە کە سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی ئیستملاکی وەزارەتی کشتوکاڵیشیان بخرێتە سەر، چونکە ئەمانەش بەکردەوە کاری جێبەجێ کردنی یاسایی دەکەن، بەڵام بڕیارەکانیان لەلایەن دادگای پێداچوونەوەوە قابیلی تانووت لێدانن، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئـەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــــومـــــــەن.**

منیش چەند تێبینییەکم هەیە لەسەر ئەو مادەیە، بڕگەی(٢) دەڵێت: (ان لا یقل عـمــره عن ثلاثين سنة وان یکون مـتـزوجـا)بە رای من( ٣٠) ساڵ کـەمـە، بەلای کـەمـەوە دەبێت حەدی ئەعلاش هەبێت، ئەگەر یەکێک بوو بە( ٦٠) ساڵ نابێت بیکەنە حاکم، من پێشنیار دەکەم کە بکرێتـە( لایقل عن(٣٥) سنة ولا یزید عن(٤٥) سنة) ئەوە یەک، پێشنیارێکی ترم لەسـەر بڕگەی( ٥) هەیە، رەنگە هەر لە سەر مەسەلەی دارشتنەوە بێت، چونکە(ان تتوافر فيه الجدارة المرنية مع اهتمام بسلامة البدن) من پێشنیـار دەکـەم بکرێتـە(ان تتوافر فيه شروط اللياقة البدنية وخاليا من العاهات). بڕگەی(٦) دەڵێت:(ان یکون حاصلا على شهادة بكالوريوس في القانون أو ما يعادلها) نازانم (ما یعدلها) چییە؟.

(آخرهم حاصل على شـهـاده القـانون او يحـصل الشـهـاده العـراقـيـه من خـارج)، نەوەک ما (یعدالها) چونکە لێرە روون نییە.

فـقـره(٧ـ أ) (الممارسة الفعلية بعد التخرج من كلية القانون مدة لاتقل عن(٨) سنوات)، ئەگەر تەمەنی لە (٣٥) ساڵ کەمتر نەبێت، ئەوە دەبێت ئەمە زیاد بکەین، بە رای من بیکەینە لە (١٢)ساڵ کەمتر نەبێت،( مدة لاتقل عن (١٢) سنة) ئـەو (موظف في الدائرة« ١٢ » سنة مهنة المحامات او محقق عدلي او معاون قضائي او كاتب عدل او منفذ عدل او مدير القاصرين او دائرة تسجيل عقاري او موظف في حقوق كاملية في قسم الحقوق.. في دوائر ومؤسسات الرسمية الذين مثلوا امام المحاكم).

لە بڕگە(٧ـ ب)دا دەڵێت:(تكون مدة الممارسة الفعلية في الوظائف المبينة في فقرة« أ »خمس سنوات بالنسبة للحاصل على شهادة الدكتوراه) بە رای من ئەو(٣)ساڵە کـەمـە، دەبێت بکرێتە( ٥)ساڵ، بڕگەی(جـ)دەڵێت:(لعضوية مدة الممارسة في المحامات والوظائف المذكورة لفقرة« أ » بعضها الى البعض لغرض التنصيب)ئەوە بە بۆچوونی من (تحتسب مدة الممارسة في المحامات الوظائف المذكورة في فقرة« أ »لغرض التعين) لێرەدا من مەرجێکی تری دەخەمە سەر،(ان يجتاز المتقدم للتعين امتحاناً تحريرياً او شفوياً مع اتمام الدورة)، سوپاس.+٢٧٩

**بەڕێز فـــــرەنـــــــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــــومـــــــەن.**

ئەی مافی ئەو حقوقیيانەی کە( ١٠ـ ١٢)ساڵە لە شۆڕش حاکم بوون چ حسابێکیان بۆ دەکەن؟، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

حاکم هەر حاکمە چ هی شۆرِش چ هی کە، بەڵام ئەوەی کە ئایا حقوقی نەبوو بێت کرد بێتی بە حقوقی ئەوەش بە رای ئێوە هەر ببێ بە ئەندامی موخسسی تەمیز، سوپاس.

**بەرێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وتم حقوقی!، سوپاس.

**بەرێز ئەحمەد تاهر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بارەی خاڵی یەکەم (عراقیا)، من پێشنیار دەکەم کە بڵێین: (من مواطن کوردستان) لە شوێنی وشەی (عراقیا)، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم بۆ چی ئێمە هەر رادەگەیەنین کە ئێمە عێراقین و فیدرالیەکەمان لە چوار چێوەی عێراقێکی دیموکراتیدایە، بۆ چی لەویَ بڵێین (علی ان یکون عراقیا..) ئەوە هیچ نییە بۆ ئەوەی کە لە ولاتێکی ترەوە بێن، بەڵام ئێمە بەشێکین لەو عێراقە.

**بەرێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بارەی خاڵی یەکەمەوە کە دەڵێت: (ان یکون عراقیا)، وابزانم هەر یەکسەر بڵێین: (هاونیشتمانی هەرێمی عیراق) باشترە، ئەوەشی کە دەڵێت:(ان یجید اللغة الکوردیة)، رەنگە ئەوە شتێکی چاک بێت لەو کۆسپەش نەجاتمان بێت، چونکە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانیشدا کوردێکی زۆرمان هەن، بەو شێوەیە دەتوانین سوود لە توانای ئەوانیش وەرگرین.

دووەمیش بۆ (٣٠ــ ٣٥) ساڵ، ئەوە پرسیارێک لە برادەرانی یاسا دەکەم، ئایا لە ولاتانی تری جیهاندا شتی وا هەیە؟، ئەگەر شتێکی وەها هەبێت با ئێمەش وەکو خەڵکی تر بکەین، ئەگەر دەبێت ئەوا با ئەوان خۆیان چۆنی بە باش دەزانن بەپێی ئەزموونەکەی خۆمان سوودی لیَ ببینریَ و، لە برگە(٦)یشدا ئەوەی کە دەڵێت: (ان یکون حاصلا علی شهاده بکالوریوس فی القانون او مایعادلها) ئەوەش زیادەیە، چونکە کە گوترا (بکالوریوس فی القانون) ئیتر ئەوە بەسە، سوپاس.

**بەرێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم/سەرۆک وەزیران:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جاریَ لە پێش هەموو شتیَ پشتگیری لەو کەسانە دەکەم کە حقوقین ولە شۆرِش حاکم بوون وئەوانەش پێویستە وەکو خزمەت بۆیان حسیب بکرێت.

ئەوە مەسەلەی سنووردانان بۆ تەمەن لەوەندە کەمتر ولەوەندە زیاتر وابزانم ئەوە شتێکی پێویست نییە، بەکالۆریۆس هەبێت وتەمەنی لە نزیکی (٣٢) ساڵ کەمتر نەبێت، جا دەبێت دیاری بکەین کە(١٠) ساڵ ممارەسەی هەبێت ئیتر خۆی دەبێت بە(٣٢- ٣٣) ساڵ، هەندێ مەرجی ترمان لا بوو (ان یکون سالما من العاهات البدنية)، سەبارەت بە برگە(٥) کە دەڵێت:(ان تتوافر فيه الجدارة المدنية مع الاهتمام بسلامة البدن من العاهات الظاهرة ومخلة بالشخصية.) حاکم هەیە کەوتووە وقاچی شکاوە، یا قولێکی بڕابێت، ئایا ئیتر نابێت بە حاکم؟ وابزانم ئەوانە پێویستیان بە داڕشتنەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەکم هەیە، سەبارەت بە برگە(٧)بوار بە (نائب مدعی عام) بدرێت کە بکرێت بە حاکم، کە ئەو بوارەی لە برگە(٧)دا پێ نەدراوە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من سێ چوار تێبینیم ئامادە کردووە، سەبارەت بە ئەو کەسانەی کە لە شۆڕشدا بەشداریان کردووە و، حاکمیش نین لێرە، زۆر پێویستە کە ئێمە چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە زۆر بەیان دەرچووی کۆلیژی یاسان وئێستا پارێزەرن و پێناسەی پارێزەرانیان هەیە، واتە ئەو مەرجەیان بەسەردا جێبەجێ دەبێت کە دەڵێت:(٨) ساڵ خزمەتیان هەبێت لە پارێزەری، بەرای من ئەو(٨)ساڵە کەمە، با بکرێت بە(١٠) زیاتر ممارسەی هەبێت، هەروەها(٧) برگە(أ) ئاماژە بۆ سەرپەرشتی زانکۆکان دەکات، واتە مامۆستای کولێژی یاسا ئەوانیش حقوقین ومافی خۆیانە ئەگەر بکرێن بە حاکم، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با ئێستا کاک ئەیاد برگەی(٧)مان بۆ بخوێنێتەوە، ئێمە هەندێ ڕێنماییمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەی(٧)(أ) الممارسة الفعلية بعد التخرج من كلية القانون لا تقل عن(٨) سنوات في مهنة المحامات أو وظيفة قانونية أو معاونة قضائية في محاكم أو كاتب عدل أو لتنفيذ أو عاملا في ادعاء العام وموظفين الحقوقين من عاملين قسم الحقوق ذو دوائر ومؤسسات الرسمية الذين مثلوا امام المحاكم، سوپاس.

**بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هەروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە فەرمانگەکانی تۆماری خانووبەرە، فەرمانبەری حقوقی بە پلەی یاریدەدەری قەزایی دادەمەزرێت، لە جێی خۆی یاریدەدەری قەزاییە، هەرچەندە زۆر پەیوەندیی بە ئەوانی ترەوە نییە؟

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی تەمەن(٣٠) ساڵ باشە بۆ ئەو کەسەی کە ئامادە بێت بکرێت بە دادوەر و، هەتا پیر دەبێت هەر دادوەرە، ئەگەر خۆی واز بێنێت لە دادوەری، لێرەدا خزمەتی قەزایی دیاری کرا بە(٨) ساڵ، چونکە ئێمە پێویستیمان بە دادوەر هەیە و، ئەو کەسانەی کە لە کاتی خۆی دادوەر بوون لە شۆڕش، هەمان مەرجی بەسەردا جێبەجێ دەبێت، (لیاقەی بەدەنی) زۆر پێویستە بۆ دادوەر، چونکە دادوەر (انطباع)ێکی تایبەتی خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەوەی کە (موظفی حقوق العاملن فی قسم حقوق) ئەوانیشی لەگەڵدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی یاسا چەند جۆرێکە، کەسانێک هەن کە لە فەرمانگەکاندا کاری نوێنەرایەتی ئەو فەرمانگانە دەکەن، هەندێکیان ئەو کارانە لە دادگاکانیش دەبینن و، ئەگەر داوای خشتەیەکی تایبەتیشی لێ بکرێت، ئەوە خشتەیەکی دوورو درێژت بۆ ئامادە دەکەن، بەڵام ئایا ئەوە بەسە بۆ ئەوەی پاشە رۆژ بواری جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکەی پێبدرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پێشنیارەکەی سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد، بەراستی ئێمە لە یاسای تەکریمی پێشمەرگەدا ئەو فەرمانبەرەی کە لە دەوام کردن دابراوە بە هۆی پێشمەرگایەتییەوە، ئەو ماوەیەی بە خزمەت بۆ حسێب دەکرێت ئەویش بۆ مەبەستی خزمەت و خانەنشینی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگە(١)ی مادە(٣٣) کە دەڵێت:( ان یکون عراقیا ویجید اللغة الکوردیة ویتمتع بالاهلیة

المدنية الكاملة.) دەخەینە دەنگدانەوە، ئێستا کێ لە بڕگە یەکدایە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

(٢)ـ ان لا يقل عمره عن ثلاثين سنة وان يكون متزوجا.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

ئەی ئەوەی(٣٠) ساڵە وژنی نەهێناوە چی بکات؟.

**بەڕێز حـازم ئەحـمـەد مـەحـمـود یوسـفی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

من بەرگری لە پێشنیارەکەی خۆم دەکەم، کە(٣٠)ساڵ کەمە، چونکە ئەو نیزامەی کە پابەندی یاساکانی جیهان نەبووە نیزامی عێراقییە، سوپاس.

**بەڕێز مـەعـروف رەئووف خـضـر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

کـاک (رەشـیـد عـەبدولقـادر) هەڵبـژاردەی وەزارەتی دادە بۆ ئەوەی ببێت بە سـەرۆکی دادگـای پێداچوونەوە و، بڕیاری ئەنجوومـەنی وەزیرانیش دەرچوو بۆ (جنايات) ئەوە سەبارەت بە سەرۆکی دادگـای پێداچوونەوە، بەڕێزان کـاک رەشـیـد عـەبدولقادر تەمـەنی(٣٠)سـاڵە، وابزانم تەمـەنی (٣٠)ساڵیش کەم نییە بۆ مرۆڤێک کە دەرچووی زانکۆ بێت و تاقیکردنەوەی ژیانی زۆر دیبێت و، ئەم بارودۆخەی کە ئێستا ئێمەی تیادا دەژین وای لێمان کردووە کە هەر ڕۆژێکمان بەرامبەر بە ساڵێکی میللەتانی تر بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

وابزانم ئەو مـەرجـەی کـە دانراوە ژنی هەبێت ئەوە مـەرجێکی زیادەیە، بێگومـان راسـتـە کـە ژن هێنان دەبێتە هۆی ئیسـتـقراری عـائلی، بەڵام ئەوە نابێت بە مـەرج دانان بۆ ئەوەی کـەوا یەکێک کە وەزیفەیەک بدۆزێتەوە، سەبارەت بە تەمـەنی(٣٠)ساڵی، هەر خۆی تەمـەنی لە (٣٠) ساڵ بەرەو ژوور دەبێت، چونکە ئەوەی کە بەکالوریوسی هەبێت تەمەنی (٢٢) ساڵ دەبێت، چەند ساڵ مارسەی هەبێت، ئەوە(٣٠) ساڵەکە دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز فـرەنـسـۆ تـۆمـا هـەریـری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

منیش لەگەڵ بووچوونەکەی بەڕێزد. کەمالدام (ان لايقل عن«٣٠» ساڵ)،نەک بڵێیت: تەمەنی (٣٠) ساڵ بێت، بەڵکو دەڵێت:(ان لايقل عن«٣٠» سنه)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا(ان لایقل عمره عن« ٣٠ » سنة) دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

خاڵی دووەم (ان یکون متزوجا) کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٣ـ ان لا یکون محکوما بجنایة غیر سیاسیة او جنحة مخلة بالشرف.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک بەختیار ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لە یاسای عێراقیدا تەخەلفی سەربازیش خراوەتە ناو(مخله بالشرف)، جا دەبێت ئێمە شتێکی وا بکەین کە ئەو تەخلفی سەربازیە نەگرێتەوە.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو شتانەی کە خراونەتە مادەکانی یاسای ئەهلییەوە لە ڕووی سەربازی و حزبایەتییەوە، ئەوانە باسیان لێوە دەکەین و، نابێت هیچ شێوەیەکی ڕژێم لە یاساکانی هەرێمدا بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە وەزیری داد دەکەم، ئەم یاسایە بۆ ئەمڕۆ نییە، بەڵکو بۆ دوارۆژیشە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بڕگە(٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٤ـ أن یکون محمود السیرة وحسن السلوك ومشهد اله بالنزاهة الحیاء.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ بڕگە(٤)دایە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

٥ـــ أن تتوافر فیه الجدارة البدنیة مع الاهتمام بسلامة البدن من العاهات الظاهرة ومخلة بالشخصیة.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تکا دەکەم،ئەو مەسەلەی( لیاقەی شەخصی)یەمان بۆ ڕوون بکەنەوە و(مخله) چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە کوێر بێت، یا شەل بێت، ڕەنگە ئەوە کاریگەر بێت.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باوەڕ ناکەم ئەوە مەرجێکی ڕەوا بێت لەسەر کەسێکی یاسای، زۆر خەڵکی گەورە هەیە یان کوێرە یان شەلە یان قۆڵێکی نییە، ئەوە نا بێتە ئەوەی کە ڕێگای لێ بگرێت، بۆ نموونە (تەها حسێن) کە وەزیرێکی ناودار وزۆر گەورە بوو، بەڵام کوێر بوو، وابزانم ئەوە لە جێگەی خوای نییە با جەنابی وەزیر خۆی ڕوونی بکاتەوە بزانێ ئەوە مەسەلە چییە، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە کەسی وا هەیە کە دووقاچیشی نییە و زانایە، یا پرۆفیسۆرە لە یاسا ودەستێکیشی نییە، یان چاوێکی کوێرە بەس ئەوانە مومارەسەی دادوەرییان نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ڕوونکرنەوەم هەیە دەربارەی ئەو خاڵی عاهەیە، دەبێت دادوەر زۆر وریا بێت و ئاگای لە هەموو شتێک بێت و بە وردی و بە باشی گوێ لە خەڵک بگرێت، جا بۆیە پێویستە ئەم مەرجانە لە دادوەردا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گولپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم (ان تتوافر فية الجدارة البدنية مع اهتمام بسلامة البدن من العاهات)، ئەو(المخلة بالشخصية)ی لێ هەڵگرن، چونکە لەوانەیە هەندێ (عاهات) لێرە ئاشکرا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە پێشنیارێکمان لایە(ان تتوافر فيه شروط اللياقة البدنية وسالما من العاهات)، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بڕگە(٥) بکەین بە (ان تتوافر فيه شروط اللياقة البدنية وسالما من العاهات..)..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟، کەواتە ئەم بڕگەیە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیاقەی بەدەنی لە وەرزش واتە بتوانێت(٩٠) دەقیقە وەرزش بکات، نازانم لیاقەی بەدەنی لێرە چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

٦ــ أن يكون حاصلا على شهادة بكالوريوس في القانون أو ما يعادلها.

**بەڕێز حــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەو (ما یعادلها)واتە ئێمە دەتوانین ئێستا هەر کۆلیژێک بەکالۆریۆسی هەبێت دەڵێت معادلەی بە قانون دەکەین، ئەوکاتە دەتوانێت ببێتە دادوەر، ئێمە دیاریمان نەکردووە کە بڵێین شهادەی بەکالۆریۆسی عێراق(فی قسم القانون) مەبەستم ئەوەیە کە بگوترێ (ان یکون حاصلا علی شهادە بکالوریوس فی قانون)، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

کەس دەربارەی ئەم پێشنیارەی کاک حازم تێبینی هەیە.

**بەڕێز حـــســـــەن عـــەبدولـکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

پێموایە دەرچووی کۆلیژی یاسا دەبێت بە دادوەر، بەڵام مافی دادوەری باری کەسایەتی(الاحوال الشخصیە) دەبێت دەرچووی کۆلیژی شەریعە بێت، پاشان (أو مایعادلها) لێرە یارمەتی دامەزراندنی دادوەر دەدات، لەوانەیە دەرچووی کـۆلیـژی دەرەوە بێت و بێـتـەوە وبە دادوەر دادەمەزرێت، سوپاس.

**بەڕێز حـــســـێن عـــارف عـــەبدولڕەحـــمـــان:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئێـســتـا لە سلێـمـانی پارێزەر هەیە دەرچووی کـۆلیـژی شـەریعـەیە، چونکە ڕێگا بە چەند دەرچوویەکی کـۆلیـژی شەریعە درا کە ئیشی پارێزەری بکەن، واتە ئەو (ما یعادلها) ئەمە حاڵەتە دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

جا ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم برگەیە (أن یکون حاصلا علی شهادە بکالوریوس فی القانون أو ما یعادلها) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

شێوەی دەنگدانەکە بەراستی یاسایی نییە، پێویستە هەموارکراوەکەش بخرێتە دەنگدانەوە، هەمـوارکـردنێکی زۆر باش هاتووە، (وحاصل علی شهادە بکالوریوس فی احدی جامعات العراقیە وما یعادلها)، واتە ئەوە چی لە بابەتەکە دەگۆڕێت، پێویستە لە پێشان هەموارکراوەکە

بخرێتە دەنگدانەوە، پاشان ئەگەر هەموارکراوەکە دەرنەچوو ئەوکاتە دەقەکە خۆی دەخەینە دەنگدانە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ ڕێزمان بۆ د.کەمال، ئێمە هەر بەم شێوەیە دانگدانمان کردووە، ئێمە لە پێشان دەقەکان دەخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر وەرنەگیرا ئەو کاتە هەموار کراوەکان وپێشنیارەکان دەخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بڕیار لەسەر مەسەلەیەکی یاسایی دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لەگەڵ لیژنەی یاسا باسی دەکەین و، لەگەڵ پێڕەوی ناوخۆشدا بەراووردی دەکەین، ڕەنگە (١٠) کەس لە سەر یەک مادە پێشنیاری هەبێت وقسەی لەسەر بکات.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مەبەستم ئەوە نییە پێشنیار بکەم من مەبەستم گۆڕانە لە سەر کۆبوونەوەکە، چونکە ئەوە هەمووی پرۆژەیە، هەمووی بڕیارە و کاتی دەوێت بۆ بڕیاردان، حەز دەکەی کاتێکی پێوە بکوژێت، ئەوە شتێکی ترە، بەڕاستی ئەوە شتێکە دەبێ روون بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دێینە سەر بڕگەی(٧) دەقەکە خۆی بخوێنینەوە، یان پێشنیارەکە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

أـ الممارسة الفعلية بعد التخرج من كلية القانون مدة لاتقل عن (  )سنوات في مهنة المحامات او وظيفة محقق عدلي أو معاون قضائي اوكاتب عدل او منفذ عدل او مدير رعاية القاصرين او في دائرة التسجيل العقاري والموظفين العاملين في قسم الحقوق في الدوائر والمؤسسات الرسمية الذين مثلوا امام المحاكم بما لا يقل عن خمسة دعاوي في السنة.

ب ـ تكون مدة الممارسة العملية في الوظائف المبينة في الفقرة(أ) خمسة سنوات اذا كان قد حصل على شهادة ماجستير في القانون وتكون مدة الممارسةالمذكورة ثلاث سنوات و اذا كان قد حصل على الشهادة الدكتوراه في القانون سواء كانت الممارسة قبل الحصول على الشهادةتين او بعدها.

ج ـ تحتسب مدة الممارسة في المحامات والوظائف المذكورة في الفقرة(أ)...، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لە سەر بڕگە(٧) تێبینی هەیە ؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با(في اللجان والهيئات التحقيقية في الثورة الكوردية والمشاركين في اللجان والهيئات التحقيقية في الثورة الكردية) بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە بەڵگەنامەی پارێزەری هەیە، هەروەها مومارەسەکەی بە مومارسە وەردەگیرێت.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە گەڵ رایەکەی بەڕێز د.کەمالدام کە ئەو هەموار کردنە گفتوگۆی لەسەر بکرێت وبخرێتە دەنگدانەوە، دوومیش ئێمە لیژنەی یاسا دادەنیشن چەند سەعات لە سەر یاسایەکی ئاوا گفتوگۆ دەکەین کە لە بواری پسپۆڕی خۆشمانە و دەگەینە ئاکامێک، دەگەینە هەموارکردنێک گۆڕانێک لەمادەیەک لە بڕگەیەکدا بۆ کورتی کات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم هەموار کردنەکانی لیژنەی یاسا پشت گوێ نەخراوە، ئەو مادانەش کە هەموار کران هی لیژنەی یاسا بوون.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەوانەی کە مامۆستان لە کۆلیژی یاسا ئەوانیشی بخرێتە سەر و، ئەو فەرمانبەرە حقوقیانەی کە باس کران لابرێن، تەنها ئەو کەسە بێ کە سەرۆکایەتی لیژنەی کردووە ئیشی قەزائی کردووە، واتە حوکمی داوە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێت و ئەو هەموار کردنەی کە هەیە و، ئەو هەموار کردنەی لیژنەی یاساش هەردووکی بخوێنرێتەوە ئەوە باشترین رێگا دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک بەختیار وتی سەرۆکی لیژنەی (استیلاء)بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد فـــەتاح ڕەشـــیـــد مـــیـــران:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

به رای من ئەو برگەیەی بخرێتە سەر (ان یکون متخرجا من معهد القضاء بعد الممارسه الفعلیه من التخرج من کلیه القانون مده لاتقل عن (٨) سنوات.. الی آخره..)، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

سەبارەت بە دوا دێر لە برگـەکـەدا (الا الموظفین الحقوقیین العاملین في قسم الحقوق في الدوائر والمؤسسات الرسمیة الذین مثلوا امام المحاکم) واتە جارێک مرافعە بکات دیگرێتەوە، سەد جاریش بچێ مرافعە بکات هەر دیگرێتەوە، مەبەست لێرە ئەوە کە شارەزایی هەبێت، بە رای من ئەمـەی بخـرێتـە سـەر (الذین ترافع امام المحاکم ما یقل عن خمسة دعاوي في کل سنة)، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگـری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

لیژنەی یاسا پێشنیارێکیان هەیە لەسەر ئەوە گۆڕانە.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامـق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە پێشنیاری خۆمانە هەیە، دەیخوێنمەوە(٧- أ) (الممارسة الفعلیة بعد التخرج في کلیة قانون مدة لا تقل عن(٨) سنوات في مهنة المحامات او الوظیفة القانوینة ذات سلطة او معاونا قضائیا في محاکم او کاتب عدل أو مدیرا لتنفیذ او عمدا في الادعاء العام أؤ الموظفین الحقوقیین في قسم حقوق في دوائر المؤسسات الرسمیة اللذین مثلوا امام المحاکم)، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگـری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

بابزانین بەڕێز وەزیری داد رای چییە؟.

**بەڕێز مـــەعـــروف ڕەئـووف خـــضـــر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەوەی کە کاک فرسەت فەرمووی خۆی دەڵێت: (الممارسه الفعلیه) واتە ئەوە دەعوایەک ودوو دەعوا ناگرێتەوە، ئەو بەردەوامیەی لە دوایە دەبێت بەردەوام بێت لە مورافەعە، کەواتە ژمارەی دەعوا لێرە دیاری ناکرێت، ماوەکە ڕێکوپێکە و کەموکووڕیی تیا نییە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنـســـــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من خاڵێکی نیزامیم هەیە، کاک کەمال لەدانیشتنەکەی پێشو پێشنیارێکی هەبوو بەڕێزت فەرمووی بابمێنێ بۆ دانیشتنی دوای پشوودان ئەو کاتە قسەی لە سەر دەکەین، کاک حسێن عارفیش پێشنیارەکەی دووبارە کردووە، من لە کاتی پشوودان سەیری پێڕەوم کرد هیچ خاڵێک

لە ناودا نەبوو کــە چۆن شکات دەکــرێت، بە رای منیش مــادام پێــشنیــارێکی تازە هەیە، هەموارکردنێکی تازە هەیە دەبێت گفتوگۆ لە سەر هەموارکردنەکە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جــێگری ســـەرۆکی ئەنجــوومـــەن:**

لێرەدا لیژنەی پسپۆڕی کە لیژنەی یاسایە، رای خۆی نەدا لەسەر ئەو پێشنارانەی کە کرا، هەر وەکو لایان دا لە سەر پێشنیارەکان، کاک حسێن عارف هەمان شت بوو، ئێمە پێشنیارەکانی لیژنەی یاسا پشت گوێ ناخەین و، رێشیان دەدرێتێ کە رایان دەربڕن.

**بەڕێز حــەســـەن عـــەبدولـکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

بەڕێز کاک ئازاد دەڵێت: (بعد التخرج من معهد القضائی)«٨» ساڵ بمێنێتەوە ئەوجا بە دادوەر دابمەزرێت، بێگومـان دادوەر کـە لە پەیمانگای دادوەری دەرچوو، لە سەر دادگا دادەمـەزرێت، سوپاس.

**بەڕێـز ئازاد فــەتاح رەشـیـد مـیــران:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

(٨) ساڵی خزمەتی هەبێت وبخرێتە پەیمانگای دادوەریەوە، سوپاس.

**بەڕێز حــەســـەن عـــەبدولـکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

لێرەدا کـە دەڵێت: (الحقوقیین المشارکین في الثورة الکوردیة) نەک لە دادگای شۆڕش بەشدار بێت حقوقییەک لە شۆڕش کوردی(٨) ساڵ، یان(١٠) ساڵ بەشداری کردبێت، مافی خۆیەتی کە بکرێتە دادوەر، سوپاس.

**بەڕێز جــێگری ســـەرۆکی ئەنجــوومـــەن:**

پرســیــارێک دەربارەی ئەوەی کـە ئێــســتــا جـەنابت وتت: ئەو حـقـوقـیـەی کـە لە شـۆڕش کوردیدا(٨)ساڵ بەشداری کردووە، نەک لە مومـارەسەی دادوەری ئەوە مافی ئەوەی هەبێت کە بکرێت بە دادوەر؟.

**بەڕێز حــەســـەن عـــەبدولـکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

بەڵێ، چونکە ئەوە لە دەست خۆی نەبووە و نا چار بووە لەبەر پێـشـمـەرگـایەتی، یان بارودۆخی سیاسی دادوەریی پێنەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز حــازم ئەحــمــەد مــەحــمــود یوســفی:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

من وەکـو پێش ئێـسـتـاش وتم سەبارەت بەوەی کە فـەرمـانبـەر لە فـەرمـانگەکـان بێت لە بەشە یاسایەکان بە رای من هی ئەوە نییە کە حوکوم بکات لە دوای(٨) یان(١٠) ساڵ ئەوە یەک

دووەم، ئەو حقوقیانەی کە لەلای شۆڕش بوون ئێمە دەتوانین ناویان بنووسین یەک دوو سێ...
زیاتر نییە لەبەر ئەوە بە بۆچوونی من نایەوێت وەکو حاڵەتێک بخرێتە یاساکەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی بۆ مامۆستای زانکۆ و فەرمانبەری حقوقی وپێشمەرگەی حقوقی، ئەمانە ئەگەر ناوەناوە بچنە دادگاکانیش، بەڵام لە راستیدا هەر لەپشتی مێزەوە ئەو کارانە دەکەن و، ئەگەر ناوبەناویش وەکو راوێژکار سەرۆکی فەرمانگەکانیان پرسیکیان پێبکەن، بۆیە (مؤهل)نابن بۆ ئەوەی ببنە دادوەر، سوپاس.

**بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هەروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارت بە فەرمانبەری تۆمارکرنی خانووبەرە کە کاک حەسەن دەڵێت: ئیشی قەزائی نییە، او موعاون قەزائیە دەبێت بە معاون قەزائی تەعین بێت و، لە مورافعاتدا ئامادە دەبێت لە دادگا وئیشیشی رێکخستنی مامەڵەکانە، واتە لەگەڵ ئیشی کاتب عەدل لەیەک دەچێت، جا لە بەر ئەوە پێویستە ئەوەش بخرێتە سەری، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەو دەقە پێشنیار کراوە.. بەڕێز وەزیری داد هیچی هەیە؟..
تکایە لیژنەی یاسا و هەر یەکێکی تر، ئەگەر تێبینیان لەسەر ئەو خاڵانە هەیە کە کاک حسین عارف دیاری کردووە، با سەرنجی خۆیان نیشان دەن، واتا ئایا هەر یەکێک حقوقی تەواو کردبێ و بوو بێتە پێشمەرگەو(٨ــ ٩) ساڵێک پێشمەرگە بووبێ و هیچ پەیوەندییەکی بە یاساوە نەبوبێت، لە سەر قسەکەی کاک سەید حەسەن ئایا بۆی هەیە ببێت بە دادوەر؟ ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەک لە سەر رای لیژنەی یاسا کە یاسای سەرۆکی لیژنەکانی(استیلاء) مورافعات لە دادگا نەکردووە، جابۆیە نابێت ببن بە دادوەر لایەنی دووەم، کە کاتب عەدل لە دادگا ئامادە دەبێت، ئەزانێت ئیشوکاری دادگا چییە، سوپاس.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئێمە تا رادەیەک لەگەڵ قسەکانی کاکەڕەشین، بەڵام کە دەگوترێ سەرۆکی لیژنەی (استیلاء) یاسا جێبەجێ دەکات ،ئەی سەرۆکی لیژنەکانی تری فەرمانگەکان چی جێبەجێ دەکەن، دەڵێ بڕیارەکانی لیژنەی استیلاء دەخرێنە ژێر (طعن) ، بڕیارەکانی هەموو دادگایەک و هەموو فەرمانگەیەک دەخرێتە ژێر(طعن)و، رێگای یاسای خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**
لیـژنەی یاسـا وەڵامی پرسـیـارەکەی ئەندامی خـۆیان کـاک حـسـێن عـارفی نەدایەوە، ئایا ئەو پێشمەرگانەی کە بەڵگەنامەی حقوقیـان هەیە و، بێ ئەوەی مومارسەی هەبێت، ئایا دەبێت بە دادوەر ،یا نە؟، وەڵامیان نەدایەوە.

**بەڕێـز فـــــرەنـســـــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**
من لەگەڵ ئەوەدام کە مافی مافپەروەرانی (حقوقی) کە بەشداری شۆڕشیان کردووە بپارێزرێت، بەڵام لەگـەڵ ئەوە نیم کە خـاڵێکی لاواز بخـرێتـە ناو یاسـاکـە، با ئەندامـە یاسـا ناسـەکـان ئەمـە چارەسەر کەن، سوپاس.

**بەڕێـز حـــسـن عـــەبدولـکەریم بـەرزنجی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**
دادوەری ئەو پیـشـەیە نیـیـە کە بە ئاسـانی بدرێتـە خـەڵک، باشـە بۆ چەند کـەسـێک ئێـمـە بۆ دەسکاری یاساکە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەیـاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**
من پێشنیارێکم هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی تووشی کێشە نەبین روون کردنەوەیەکی لەسەر دەدەم. لەوانەیە (٢ـ ٣) ساڵی تر پەیمانگای دادوەری لە کوردستاندا بکرێتەوە ئەوەی دیکە (ذات صيغة قضائية أو وظيفة قانونية ذات هيئة قضائية)، مـجلسی قـضاء با بۆ خۆی رێنماییەک دەر بکات وبڵێ فلان وفلان دەسەڵاتی دادوەری هەیە مومارسەی هەیە، یا نیەتی.
ئێـمـە لێـرە روونی بکـەینەوە دوای تووشی هەڵە دەبین، بەراسـتـی سـەرۆکی لیـژنەی (اسـتـيـلاء واراضي) فـەرمـانبـەرێکی حـقـوقـیـیـە کـە بە بەردەوامی لە سـاڵێکدا ( ٢٠ ) دەعـوای حـقـوقی دەبینێت ئەوەمافی نەبێت، بەڵام کاتب عەدلێک هەر مۆر لێدەدات مافی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**
کار کردن لە دەزگاکان و لە دادگاکانی شۆڕشدا دیسانەوە هەر وەکو ئەوەیە کە ممارسەی دادوەری و پارێزەری بکەیت، بۆ ئەوەی ئێـمـە لەم کـێـشـەیە رزگـارمان بێت، دەقـێکمـان لە بەر دەمدایەو پێشنیارێکیش هەیە، باشتر وابوو کە پێشنیارەکە بە نووسراوی بوایە، پاشان با بزانین لیژنەی یاسا پێشنیارەکەیان پەسەندە، ئەگەر پەسـەندیانە بەو شـێـوەیە دەخرێتە دەنگدانەوە بۆ پەسەند کردنی، یا ڕەت کردنەوەی، سوپاس.

**بەڕێـز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**
ئەو مـادەیەی کـە خوێنرایەوە، ئێـسـتـا لە سەر گـەلێ بیروڕای جیـاواز هەیە، بۆ نموونەی دەقی

ئەوەی کە پێشمەرگە بێت بە دادوەر، بە رای من ئێستا لیژنەی پەیوەندار کە لەم حاڵەتەدا لیژنەی یاسایە چەند راو بۆچوونێکیان هەیە، پاشان یاساکە دەخرێتە دەنگدانەوە و دەڵێت کێ تێبینی هەیە، پاشان لیژنەی پەیوەندار تێبینی خۆی هەیە، کەواتە گفتوگۆی مادەکە(١٠ تا ١٥)رۆژ دەخایەنێت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە رای من مادەکە زۆر دوورودرێژە، ئەگەر بەیەک جار بخرێتە دەنگ دانەوە زۆر ئاڵۆز دەبێت، با لە پێشانا ماوەی (٨) ساڵەکە بخرێتە دەنگدانەوە، پاشان ئەوەی پێشمەرگە کە بێن بە دادوەر، یان نەبێن بخرێتە دەنگدانەوە، پاشان ئەو پێشنیارانەی کە کراوە بۆ فەرمانبەری تری بخرێتە سەر ئەوەش بخرێتە دەنگدانەوە، با برگە بە برگە بخرێتە دەنگدانەوە، عەمەلی ترە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

رایەکەی بەڕێز کاک فەرسەت دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ رایەکەی کاک فەرسەتدایە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

ئێستا پێشنیارێکمان هەیە کەوا ماوەی خزمەتەکە بکرێتە(١٠)ساڵ بێت، هەرچەندە خۆی لە برگەکەدا (٨)ساڵ هاتووە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ماوەی خزمەتەکە بکرێتە(١٠)ساڵ؟.. دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا ماوەکە دەنگدانی لەسەر کرا و، ماوەی خزمەت بوو بە(١٠) ساڵ، کەواتە دەبێت برگە دووش هەموار بکرێت بە(١٠) ساڵ، ( ان لایقل عمره عن«٣٢» سنة)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە دەنگدانی لە سەر کرا.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم برگە(٢)ی مادەکە پێویستی بە دەسکاری کردن نییە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کە دەڵێین (علی ان لا تقل عن(٣٠) سنه) واتە دەبێت لە(٨) ساڵ خزمەتی کەمتر نەبێت، چونکە کە حیساب دەکەی تەمەنی(٢٢)ساڵەکاتێ کە کولێژ تەواو دەکات و،(١٠) ساڵیش خزمەتی دادوەری یا پارێزەری هەبێت، کەواتە تەمەنی دەکاتە(٣٢)ساڵ، لەبەر ئەوە دەبێت برگە(٢)ی مادەکە هەموار بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حـــازم ئەحـــمـــەد مـــەحـــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێـــز ســـــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــــوومـــــــــەن.**

بە رای من پێویستی بەهەموارکردن نییە، چونکە ئەو کەسەی کە دێت بۆ ئەوەی دامەزرێت ئێمە تەماشای ئەوە دەکەین کە بزانین چەند ساڵ خزمەتی هەیە، جا کە (٨)ساڵ خزمەتی هەبوو ئەو کاتە تەمەنی لە (٣٠)ساڵ کەمتر بێت، یا زیاتر ئەو کەسە لەبەر ئەوی کە مەرجی خزمەت کردنی تەواو نییە وەرناگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز مـــەعـــروف ڕەئـووف خـــضـــر/ وەزیری داد:**

**بەڕێـــز ســـــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــــوومـــــــــەن.**

ئەگەر بێت و بە(١٠) ساڵ دیاری بکرێت، دەبێت تەمەنی (٣٢) ساڵ بێت، سوپاس.

**بەڕێـز فـــــرەنـســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریـری:**

**بەڕێـــز ســـــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــــوومـــــــــەن.**

ئەو (١٠) ساڵە خزمەتە گەورەترین کێشەی بۆ ئێمە چارەسەر کردووە، مەرج نییە هەر کەسێک تەمەنی(٣٠) ساڵ بێت ببێتە دادوەر، بەڵام خۆی وای لێ دێت کە لە(٣٢) ساڵ تەمەنی کەمتر نابێت، هەچەندە مەرجیشە کە لە(٣٠)ساڵ تەمەنی کەمتر نەبێت، واتە(٣٥ـ ٣٦ـ ٣٧) بێت، تاوەکو ئەو (١٠) ساڵە تەواو بەکات، نابێتە دادوەر، سوپاس.

**بەڕێـز جـــێـگـری ســـەرۆکـی ئـەنجـــوومـــەن:**

مەسەلەی تەمەنەکە دەنگمان لەسەر کردووە و، هی(١٠)کەش دەنگمان لەسەر کردووە.

**بەڕێز ئـەیـاد حـــاجـی نـامـق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـــز ســـــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــــوومـــــــــەن.**

(مدة لا تقل عن(١٠) سنوات في مهنة المحامات)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پێشنیارە عەمەلی نییە، هەقە لیژنەی یاسا پێشنیارێکیان هەبێت لەو بارەیەوە، ئەگەر نە ئەوا ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە، هەر ئەندامێکی پەرلەمان، یا وەزارەتیش ئەگەر پێشنیارێکیان هەبێت ئەوە پێش تر باسی دەکەین و، دەیخەینە دەنگدانیشەوە.

**بەڕێز کـــاکـــەڕەش مـــحـــمـــەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـــز ســـــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــــوومـــــــــەن.**

بە رای من ئەوەی دەبێتە دادوەر لە(١٠) ساڵ خزمەتی کەمتر نەبێت و، ئەمەش دەنگدانی لەسەر کرا، کەواتە بڵێین:(من لە(١٠) سنوات من خدمة قضائية)، پاشان ئەو خزمەتە قەزاییە با وەزارەتی داد خۆیان دیاری کەن کە چییە، ئیتر ئێمە لێرەدا بیبڕینەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الممارسة الفعلية بعد التخرج في كلية القانون مدة لا تقل عن(١٠) سنوات في مهنة المحامات او وظيفة قانونية او سلطة قضائية او التخرج من معهد القضائي ..)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بڕگەیەی کە خوێنرایەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

ب -(ان يكون مدة الممارسة الفعلية في الوظائف.. المبينة في الفقرة(أ) خمسة سنوات اذا كان قد حصل على شهادة ماجستير في القانون وتكون مدة الممارسة المذكورة ثلاثة سنوات اذا كان قد حصل على شهادة الدكتوراة في القانون سواء كانت الممارسة قبل الحصول على الشهادتين او بعدها..).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکیان نییە لە سەری؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینییەک نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی نییە؟، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ خاڵی(ب) لە بڕگەی(٧)دایە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بەزۆبەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

ج - (تحتسب مده الممارسه فى المحامات والوظائف المذكوره فى الفقره(أ) بعضها على بعض لغرض التعيين).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە(ج) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم لەم بڕگەیەدا ئەمەی بخرێتە سەر وبوترێت:(ان يجتاز متقدم امتحانا شفهيا او تحريريا مع التخرج من دورة فنية مدة لا تقل عن(١٦) اشهر..)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسا چییە؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم پێشنیارەی بخرێتە سەر؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێزحەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە دەبێتە برگە(د)، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة «الرابعة والثلاثون»:

١ـ يقدم الطلب بالتعيين حاكما الى وزارة العدل وفقا بالشهادات الدراسية والوثائق الاخرى المطلوبة في شروط التعيين وعلى الوزارة ان ترسل الى مجلس القضاء طلبات التعيين مع وثائقها اذا كانت مستكملة الشروط وفق القانون مع تقرير من كل فهم تتضمن خلاصة خدماته وسلوكه وكفائته.

٢ـ يجتاز مجلس القضاء الارجح من بين طالبي التعيين مع مراعاة الفقرة الرابعة من المادة الثانية والثلاثون ويرسل اقرار التعيين الى الوزارة لاصدار رسوم اقليمي بالتعيين.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوە نەبووم کە ئەوە بچێتە ناو یاساکەوە، بەڵام بۆ ئەو پارێزەرانەی کە بەشداری شۆڕشیان کردووە، لەسەر هیچ شتێک ڕێک نەکەوتین کە چییان بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا و هەموو ئەندامان ڕای دا کە ئەو پارێزەرانەی کە ممارەسەیان کردووە، دەیانگرێتەوە. کێ تێبینی هەیە لە سەر ئەم مادەیە؟ کەس.. ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (الخامسة والثلاثون):

اولا: يحدد وزير العدل المحكمة التي يباشر الحاكم عمله فيها بعد صدور المرسوم الاقليمي بتعينه.

ثانيا : لا يمارس الحاكم اعماله الا بعد ادائه اليمين التالية امام رئيس الاقليم« اقسم بالله ان اقضي بين الناس بالعدل وان اطبق القوانين بامانة ونزاهة وحياء ».

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة (السادسة والثلاثون) :-

١- يعين رئيس محكمة التميز من بين نواب الرئيس او من اقدم حكامها اذا كانت مدة ممارسة خدمته القضائية لا تقل عن خمسة وعشرين سنة.

٢- يعين نائب الرئيس من بين حكام التميز اذا كانت مدة ممارسته وخدمته القضائية لا تقل عن اثنين وعشرين سنة.

٣- يعين الحاكم لمحكمة التميز في الصف الاول او من؟ مدة ممارسة وخدمته القضائية لا تقل عن عشرين سنة.

٤- يعين رئيس محكمة التميز ونائبه وحاكم محكمة التميز بمرسوم اقليمي بناء على قرار من مجلس الوزراء.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکی.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە مادەی(٣٦) پێشنیارێک هەیە دەڵێت:(يعين رئيس محكمة التميز من ستة نواب الرئيس)، باشە کە ئێمە یاساکە دادەنێین پێویست نییە دیاری بکەین لە نوابی سەرۆک، چونکە لە بنەڕەتەوە سەرۆک هەر نییە جارێ و،نازانێتیش نائبەکانی لە کوێن، مادەی یەکەم (تشکیل قضائی) یەکەم دیاری ڕەوشتی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە بکەین بۆ ئەو کەسانە کە(٢٥)ساڵ خزمەتی دادوەریان هەیە، چونکە جارێ سەرۆکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیمان نییە ورازیشین لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم جار بە شێوەیەکی ئیستسنائی دەڕوات ،خۆ یەکسەر دانەمەزراوە و، بەشێوەیەکی دیکە لەم یاسایەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مادەیە دووبارە دەبێتەوە لە مادە(٤٠)دا کە ئەڵێت: (يعين نائب رئيس محكمة التميز بمرسوم اقليمي بناء على اقتراح وزير من بين حكام)، تەنها خاڵی نیابەتەکەی(٣) ساڵ دەبێت کە(٢٢) ساڵە سەبارەت بە ئەو (يعين محكمة التميز بمرسوم اقليمي بناء على اقتراح الوزير) لە بەر ئەوەی وەزیرە، واتە تێکەڵاوی نەبێت، جا پێشنیارە دەکەم کە لە بەڕێز وەزیری داد بپرسن بزانن بۆچی وایە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە مادەی(٤٠)ە کە کاک حسێن باسی دەکات، واتا باس لە مەسەلەی دامەزراندنی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەیە، بەڵام مادەی(٤٠) وابزانم بڕگە(١) لەگەڵ بڕگە(٤)ە، ئەمانە هەموو پەیوەندییان بە دامەزراندنی دادگایی تێهەڵچوونەوەوە هەیە، بۆ نموونە ئەگەر تەماشای بڕگەکانی (١- ٤) بکەین دەبینین هەمان شت دووبارە دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مادەی(٣٦) هەڵگرین و، یاخود تەنها مادە(٤٠)کە هەیە دانێین، کە هەمان شتی تیادایە، ڕاتان چییە بەرامبەر ئەمە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە لە مادە(٤٠)دا هاتووە، بۆ حاڵەتێکی دیکەیە، واتە بۆ ئەو حاڵەتە نییە، بۆ نموونە ئەوەی کە لە (٤)دا هاتووە دەڵێت:( يعين نائب رئيس محكمة التميز بمرسوم اقليمي بناءا علي اقتراح وزير العدل من بين حكامها من بين حكام محكمة التميز) ئەوە حاڵەتی بەردەوامییە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم بەڕێز کاک ئەیاد لەبیری چووە کە ئێمە ئەو مادەیەمان ڕاگرتووە، تاوەکو پرسیار لە بەڕێز وەزیری داد دەکەین، پێویستە ئێستا کاک ئەیاد ئەم مەسەلەیەمان بۆ ساغ کاتەوە، کە بۆچی ئەو ڕایە دەدات؟!، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

یەک روون کردنەوەیەکم هەیە، ئەگەر روخسەت هەبێت بەراستی ئێمە کە بمانەوێت ونەمانەوێت مـەرجی یاسـایی(قـضـاء تشـريع) لە عـێـراق هی ئەمـڕۆ نیـیـە، بەراسـتی ئەوە خـەڵـک لە ساڵی(١٩٩٢)وە دانیشتووە یاسا دادەنێت، واتە ئەوەی لە بارەی دەسەڵاتی دادوەریەوە هاتووە من بڕوا ناکـەم بە هەڵـەدا چووبم، واتا ئەم پرۆژەیەش هەر لـەوێ وەرگـیـراوە، دەقی ئەو مـادانەی ئێمـە دەمانەوێت بیخەنە دەنگدان بە دەق تێیدایە، چونکە ئەوە حاڵەتێکی ئیستسنائی باس دەکات، سوپاس.

**بەڕێز حـــســـێن عـــارف عـــەبدولرەحـــمـــان:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بە رای من با ئەو دوو مادەیە واز لێ بێنین تا وەکو ساغ دەکرێتەوە، با بڕۆین بۆ سەر مادەکانی تر، چونکە بەراستی یەکەم جار وازمان لێ هێناو راوەستاین، بەڵام نازانم بۆ دوایی گەڕاینەوە سەری، وابزانم ئەم مادەیە هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت، یا بمێنێ بۆ دانیشتنێکی تر تا ساغی دەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــێـگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

هەموومان رامان وایە کە ئەو دوو مادەیە(٣٦- ٤٠) دوابخرێن.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة (السابعة والثلاثون) :ـ

اولا : تكون درجات ورواتب الحكام وعلاواتهم السنوية ومدة ترفيعهم كما ياتي :

| الدرجة | الحدود | الراتب بالدينار | العلاوة | مدة الترفيع |
|---|---|---|---|---|
| أ | ٥٢٠ | ٥٩٠ | ١٤ | ـ |
| ب | ٤٦٠ | ٥٠٠ | ١٢ | ٥ |
| ج | ٣٨٠ | ٤٣٥ | ١٠ | ٥ |
| ء | ٣١٠ | ٣٧٠ | ٨ | ٥ |

ثانيا : أـ يكون رئيس محكمة التميز بدرجة وزير ويتقاضى راتب الوزير ومخصصاتيه.

ب ـ يكون راتب نائب الرئيس وحاكم محكمة التميز(١٠٠٠) دينار.

ثالثاـ يمنح الحاكم علاوة تلقائيا من الحد الادنى الى الحد الاقصى بكل درجة على الوجه المبين في البند الاول من هذه المادة وذلك عند اكماله سنة من الخدمة.

رابعاـ يتقاضا الحكام بما فيهم نائب رئيس محكمة التميز وحكامها مخصصات قضائية على الوجه الآتي :

| الراتب | في الاقضية والنواحي | في مراكز المحافظة |
|---|---|---|
| ٥٢٠- ٥٩٠ | ٨٠٪ من الراتب | ٧٠٪ من الراتب |
| ٤٦٠- ٥٠٠ | ٩٠٪ من الراتب | ٨٠٪ من الراتب |
| ٣١٠- ٤٣٥ | ١٠٠٪ من الراتب | ٩٠٪ من الراتب |

ب ــ يشترط في من يتقاضى المخصصات وفق النسب المذكورة في الفقرة.

ج ــ ان يكون مقيما في مقر عمله وبخلاف ذلك يتقاضا النسبة الاقل من هذة المخصصات بين محل اقامته ومحل عمله.

خامسا: أ ــ يمنح الحكام بمن فيهم نائب رئيس محكمة التميز وحكامها مخصصات السكن المقطوعة(٢٠٠) دينار.

ب ــ عند اشغال الحاكم دارا تعود للدولة فعلى دائيرته تسديد المبلغ المذكور في الفقرة(أ) من هذه المادة الى الجهة التي تعود لها الدار كبدل ايجار.

ج ــ يحرم من مخصصات السكن من يملك دارا في مقر عمله او من لا يقيم في مركز عمله.

سادسا: يتقاضى الحكام بمن فيهم نائب رئيس محكمة التميز وحكامها مخصصات مقطوعة على الوجه الآتي:ــ

| | |
|---|---|
| أــ الصنف الاول | ١٠٠٠ الف دينار. |
| ب ــ الصنف الثاني | ٨٠٠ ثمانمأة دينار. |
| ج ــ الصنف الثالث | ٦٠٠ ستمأة دينار. |
| د ــ الصنف الرابع | ٤٠٠ اربعمأة دينار. |

سابعا: ــ يكون مركز الحكام فيه من الوظائف ذات درجات خاصة.

ثامنا: ــ يتقاضى رئيس الادعاء العام ورئيس ديوان التدوين القانوني المدونون للقوانين ومدير التسجيل العقاري العام والمشرفون العدليون مخصصات قضائية ومخصصات المسكن المقطوعة المنصوص عليها في هذه المادة وفقا لاحكامها اذا كانوا من غير الحكام.

تاسعا: ــ تستثنى المخصصات القضائية ومخصصات المسكن والمخصصات الخاصة المقطوعة التي تمنح بموجب هذه المادة من احكام اي قانون يتعارض معها.

بەرێز رای لیژنەی یاسا لە سەر(٥ــ ٦ــ ٧) هەیە، ئەگەر بوارم بدەنێ بیخوێنمەوە:-

خامسا :ــ من المادة(٣٧) رای لیژنەی یاسای ئەوەیە:-

١ــ يمنح الحكام بمن فيهم نائب رئيس محكمة التميز وحكامها والمدعون العامون ونوابهم مخصصات سكن مقطوعة مقدارها(٣٠٠) دينار.

(٢٠٠) کەمە(٣٠٠) بێت زیاتریش بێت ئەو باشترە، ئەوە رای لیژنەی یاسا(٣٠٠)ە.

سادسا :- يتقاضي الحكام بمن فيهم نائب رئيس المحكمة وحكامها والمدعون العامون ونوابهم مخصصات مقطوعة علي الوجة الأتي :

ئەوە هاتووە نووسراوە..

فقرەی(٧) رای لیژنەی یاسا ئەوەیە کە ئەو برگەیە هەڵبوەشێتەوە، لەوانەیە خۆی خشتەیەک دەرکات بۆ پلەی تایبەتی وئەوانە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو(٣٠٠) دینارەی خانوو لەگەڵ(١٠٠٠) دیناری دەرماڵە، ئەگەر وەزعەکە بگۆڕدرێت، ئایا ئەو دەرماڵەیە هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە، یان کەمی دەکەینەوە؟.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی مەسەلەی دیاری کردنی مووچە و دەرماڵە، ئەگەر لە پەرلەمانەوە دەرچوو مانای ئەوەیە ناگۆڕدرێت، مووچە ودەرماڵە سیستەمێکی تایبەتی خۆی هەیەو، وەزارەتی دارایی و ئەنجوومەنی وەزیران دیاری دەکات، ئەگەر ئێمە دای بنێین هیچ دەسکاری ناکرێت و، ئەوە بلاو دەکرێتەوە بۆ گشت ماموستای زانکۆکان و، هەروەها بۆگشت پلەدارێک لە بەر ئەوە بە رای من ئێمە نەچینە ناو ئەم بابەتەوە، بەڵکو بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی و ئەو مادانە گشتی لە دەسەڵاتی وەزیری داد و دارایی وئەنجوومەنی وەزیرانن، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە ئینگلتەرا ولە چەند دەوڵەتێکی رۆژئاوای دیموکراتی تر هەیە دادوەر چەکی سپی بۆ دەچێتە ماڵەوە، واتە مووچەی نییە، کە چەکی سپی بۆی دەچێت ماڵەوە بە ئارەزووی خۆی چەندی بیەوێت چەندی پێویست بێ پڕی دەکاتەوە و وەری دەگرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە لە کوێ؟ نەخێر لە ئینگلتەرا قەت شتی وا نییە.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوجا دادوەر هەرچی بۆ بکرێت هێشتا کەمە، واتە دەبێت باری ژیانی هیچ کەموکوڕیی تیادا نەبێت، چونکە ملیۆنەها دینار رۆژی دێتە بەر دەستی، ئەگە ئەو خەریکی ئەوەی بێت چۆن پارە دابین کات بۆ کیلۆیەک گۆشت چۆن کرێ خانوو دابین بکات، دەبێت دادوەر مووچەی بۆ زیاد بکرێت نەوەک کەم بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من تەنها ئەو تێبینییەم هەیە، بەراستی هیچ لێپرسراوێک لە لێپرسراوانی دەوڵەتی دیموکراتی چەکی سپی بۆ ناڕواتە ماڵەوە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە ڕاستی ئەو حساباتە و ئەوەی کە تێدا هاتووە ومن وای تێگەیشتووم کە ئەمە لە یاسای تازەی قەزایەی عێراقیدا وەرگیراوە و، ئەگەر سەیری بکەین ئێمەش لە عێراقداین، لە بەر ئەوە من بەکەمی دەزانم وئەوە زیادی تێدا نییە، با پەسەندیش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێزی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ڕاستە تێبینی ئەوە نەکرا کە ئەوە زۆرە یان کەمە، تێبینییەکە ئەوەیە لە هیچ وەزارەتێک دامان نەناوە کە ئەوەندە بەڕێوەبەری گشتی وەری بگرێت، یاسای وەزارەتەکانی تریش هیچمان دانەنا، هەتاکو دامان نەناوە کە وەزیر چەند وەردەگرێت.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەگوێرەی یاسای خزمەتگوزاری شارستانی دەبێت ئاماژەی بۆ بکرێت، بەڵام ئەوەی کە جەنابتان ئاماژەتان پێ داوە سەبارەت بە سنووری وەزیفە، چونکە سنووری وەزیفە سەبارەت بە فەرمانگەکان دەڵێت: (معاون ملاحظ) لە هەر جێگا بێت مەعاشی خۆی بۆ دیاری کراوە، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دادوەرەکان ئێستاکە ئەو پارەیە وەردەگرن، مووچەیان ئەوەیە حاڵی حازر کە گەیشتە پۆلی یەک مووچەی ڕادەوەستێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە ئێستا پێشنیارێک هەیە، کە ئەم دوو هەمووارکردنەی تیادا بکرێ واتە:

١ــ (المدعون العامون ونوابهم)ی بخرێتە سەر.

٢ــ دەرماڵەی نیشتەجێ، لە(٢٠٠) دینارەوە بکرێت بە(٣٠٠) دینار.

کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو دوو هەڵەیە هەیە لە ڕووی مووچە و سەرمووچەوەکە(١٠) دینارەو، پلە بەرزکردنەوەش(٥)

ساڵه، له ١٠٪ دهگاته (٦٠) دینار (٦٠+٤٦٠) دهکاته (٥٢٠) دینار، ههرچهنده حهدی ئهعلای تری دانراوه که (٥) ساڵه ئهوه و ههڵهیهکی تریش (٣٠٠) (يمنح حاكم علاوة تلقائية من الحد الادني الى الحد الاقصى تلك درجة على الوجه المبين في البند)..واته یهک ساڵ خزمهت تهواو بکات له چوار ساڵ دهچێت بۆ (٥) ساڵ ئهوه لاچێ نهمێنێت دهبێت به( يمنح الحاكم علاوة تلقائية لكل درجة على الوجه المبين في البند اولا في هذه المادة وذلك عند اكماله سنة في الخدمة).. ئهوهی تر زیادهیه، سوپاس.

**بهڕێز ئهیاد حاجی نامق مهجید:**

**بهڕێز سهرۆکی ئهنجومهن.**

ئهگهر مهسهلهی حسابی بێت ئێمه دهتوانین چارهسهری بکهین، بهڵام سهبارهت به بڕگهی دووهم که دهڵێت: (لاكمال سنة في الخدمة) من پێموایه (السنة الاولى بعد تعينه)بێت، سوپاس.

**بهڕێز جهمیل عهبدی سندی:**

**بهڕێز سهرۆکی ئهنجومهن.**

راسته (تلقائيه) (علاوه) دهگهڕێتهوه، بهس به پێی ئهو خشتهیه نهک بڵێت:( من الحد الادنى الى الحد الاقصى) بهرای من ئهوه لابچێت، سوپاس.

**بهڕێز مهعروف رهئووف خضر/ وهزیری داد:**

**بهڕێز سهرۆکی ئهنجومهن.**

ئهو خشتهیه راسته، چونکه ئێمه یهکهم دامهزراندن له(٣٠٠)وه دهست پێدهکهین ساڵ به ساڵ سهرمووچه وهردهگرێت، پاش ساڵی یهکهم ههر سهرمووچهی(٨) دیناره خشتهکه تهواوه و، ئێمه راوێژکاریشمان ههیه، ئهگهر ئهنجومهن رێ بدات بانگی کهین با زیاتر روونی بکاتهوه، سوپاس.

**بهڕێز فرهنسۆ تۆما ههریری:**

**بهڕێز سهرۆکی ئهنجومهن.**

بۆ دهنگدان ههر دوو پێشنیارهکه به جارێک مهخهنه دهنگدانهوه، سوپاس.

**بهڕێز جێگری سهرۆکی ئهنجومهن:**

کێ لهگهڵ ئهوهدایه که (المدعون العامون وانوابهم)ی بخرێته سهر؟..دهست بهرزکرایهوه.. کێ دژه؟ کهواته بهزۆربهی دهنگ پهسهند کرا.

**بهڕێز جێگری سهرۆکی ئهنجومهن:**

کێ لهگهڵ ئهوهدایه که دهرماڵهی نیشتهجێکردن له (٢٠٠)دینارهوه بکرێت به(٣٠٠)دینار؟.. دهست بهرزکرایهوه.. کێ دژه؟ کهواته بهزۆربهی دهنگ پهسهند کرا.

جا مادهی(٧) چییه؟

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە هەڵبوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە زۆر پێویستە هەبێت، چونکە دادوەر خۆی پلەیەکی تایبەتییە لە هەموو جێگایەک وەبزانم ئیمتیازاتی هەیە، ئەگەر بێت و بیدرێتێ پشتگیری یەکە بۆ دادوەر کە ئێستا گرنگ ترین کارە دەیکات لە هەرێمدا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مەرکەزی دادوەر و وەزیفەکەی پلەی تایبەتی بێت؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟کەواتە بەزۆربەی دەنگ وەرنەگیرا، لەبەر ئەوە ئەو برگەی(٧) لا دەبرێت.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە ئەو مادەیە بخرێتە سەر مادەیەکی تر، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە باس کراو وتیان ئەوە لە بنەڕەتەوە لە هەموو یاسایەکدا هەیە، چونکە یاسایەک نییە کە پلەی هەبێت وەکو فەرمانبەری تر.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو لە پێشەوە وتم من لەگەڵ ئەوەدانیم ، بە رای من دادوەرەکان بەپێی نیزامێکی تایبەتی مووچەیان پێبدرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی(٣٧) کە دەرماڵەی تیادا دیاری کراوە، لەسەر پێشنیاری بەڕێز کاک عەبدولخالق کە دەڵێت: ئەو مادەیە هەڵبوەشێتەوە، نەک لە بەر بڕی مووچەکە، بەڵکو لە بەر ئەوەی بخرێتە دەسەڵاتێکی تر و لەم یاسانە بێت، جاکێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە هەڵبوەشێتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟کەواتە بە زۆربەی دەنگ مادەی(٣٧) وەکو خۆی مایەوە.

پاش ئەو هەموار کردنە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە وەربگیرێت؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة الثامنة والثلاثون «الفصل الثالث».

اولا : يرفع الحاكم من درجة الى درجة اعلى بقرار من مجلس القضاء بعد قضاء المدة المحدودة في درجة من البند الاول من المادة(٣٧) من هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو سێ وشە هاتووە لە یاساکە، حەز دەکەین بەڕێز وەزیری داد جیاوازی لە نێوان (درجە وصنف) و، نێوان (ترقیە وترفیع)مان بۆ روون کاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(درجە) پەیوەندیی بە دادگاوە هەیە و، (صنف) پەیوەندیی بە وەزیفەوە هەیە، هەندێ وەزیفەش هەیە کە دەسەڵاتەکەی پێویستە هەبێت، ئەو جا بتوانێ ئەوە وەزیفەیە جێبەجێ بکات، وەکو ئەندامی دادگای تێهەڵچوونەوە نییە، یان پێداچوونەوە، یان سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە، جیاوازیەکە لە وەزیفەکەدایە، جا دەبینی دادوەرە لە سنفی (٣)یەو وەزیفە و مووچەشی گەیشتووەتە سنفی یەک، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر لوتف کراوە لەگەڵ ئەوە دادوەرانە کراوە کە دەچنە دەرەوە وئیجازەی خوێندنیان پێ دەدەن کە(٣) ساڵە، ئەوە یارمەتیەکی یەکجار زۆرە کە ئیجازەی پێدەدرێت وهەمان مووچەو دەرماڵەیان وەردەگرن کە لێرە وەردەگرێت، ئەگەر لەو خاڵە بکوڵرێتەوە زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە زۆر پەیوەندیی بە لیژنەی یاساوە نییە، زیاتر پەیوەندیی بە لیژنەی داراییەوە هەیە کە رووە مادیەکەی لێک دە داتەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێ ئەوە پەیوەندیی بە یاسا، یان سیستەم، یان رینمایی ئیجازاتی خوێندنە، ئەوە لەوێدا چارەسەر دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم لە زۆر شتدا گوێ دەدەینە یاسایەکی یەکگرتووی عێراقی، لەمەیاندا لەمەسەلەی مووچە وابزانم دەبێت تارادەیەکی زۆر خۆمان ببەستین بەو یاسا گشتییانەی کە لە عێراقدایە و، بەتایبەتی مووچە ئەویش لەبەر هەندێ هەلومەرج کە باری کوردستان جیا بێت ئەوە شتێکی ترە، دووەم وەک بەڕێز حسین عارف وتی ئێستا دانیشگای مامۆستایان بەپێی یاسا هەر(٥) ساڵ

جارێک دەتوانرێت (تفرغ علمی) بدرێتێ لەدەرەوە، یان لە ناوەوە ئێستا ماوەیەکە نایدەنێ، چونکە یاسا هەیە کە مامۆستای دانشگاکان کەچوو بۆ (تفرغی علمی) مووچەکەی خۆی وەردەگرێت و، لەو لا دەرماڵەکەشی دەدەنێ ئەمە بووە دەرجە، بەڵام کە چوو بۆ بڕوانامەی بەرز تری وەرگرت هەموو کاتێک بڕوانامەی بەرزتر قدمی دەدەینێ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەو دەرماڵەیە دیاری کراوە، بە سیفەتی دادوەر ئەو کەسە کە بە ئیجازەی خوێندن دەچێت، راستە دەگۆڕێت لە دادوەرێکەوە بۆ قوتابییەک، کە دەبێتە قوتابی سەر بە نیزامێکی تایبەتی دەبێت، نیزامی خوێندن، یان نیزامی زەمالاتە، یان ئیجازاتە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی لێرە هەر باسی دەرماڵە نەکراوە، ئەگەر تەماشای مادەکە بکەین (تعتبر اجازة دراسية خدمة قضائية فقط) واتە جیاوازی خزمەتی کردووە، وەکو خزمەتی خۆی، بەڵام جیاوازی کردووە لە نێوان هەر دوو خزمەتەکە، ئایا قەزائیە ئیعتبار دەکرێت، یا خود خزمەتێکی بە کردەوە، وەکو هەر فەرمانبەرێکی گشتی، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە پاش ئەو روونکردنەوە مادە(٣٨) برگە(١) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەس، کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

ثانیا : يراعي مجلس القضاء عند النظر في ترفيع الحاكم تقارير رؤوساء مناطق الاستئنائية والمشرفين العدليين فيما يتعلق بكفائته وحسن ادارته ورأي وزارة العدل فيما يتعلق بسلوكه.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکیان نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە برگە(٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

ثالثا : يصدر مجلس القضاء قراره بترفيع الحاكم اذا تأيدت اهليته للترفيع وتصدر وزارة العدل امرا بذلك.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا تێبینی هەیە لەسەر برگەکە؟ کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە برگەی(٣)وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حــاجی نامق مــەجــیــد:**

رابعا : لمجلس القضاء ان يؤجل بقرار مسبب ترفع الحاكم مرة لا تقل عن ثلاثة اشهر ولاتزيد على سنة ولاكثر من مرة واحدة اذا وجد انه غير اهل لذلك.

**بەڕێز جــێگری ســەرۆکی ئەنجــومــەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر بڕگە (٤).

**بەڕێز کــاکــەڕەش مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئــەنجــــومــــەن.**

بە رای من ماوەکە دیاری نەکرێت بە (٣) مانگ، تەنیا بگوترێت (لا تزيد عن سنه)، واتە دواکەوتنەکە لە ساڵێک زیاتر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز مــەعــروف ڕەئــووف خــضــر/ وەزیری داد:**

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئــەنجــــومــــەن.**

ئێمە وای دەبینین مادەکە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە دواخستنی ترفيع واتا سزادانی دادوەرەکە، سوپاس.

**بەڕێــز حــەســەن عــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئــەنجــــومــــەن.**

وابزانم (ولأكثر من مرة واحدة) ئەو پێشنیارەی بەڕێز کاکەڕەش جێبەجێ دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جــەمــیــل عــەبدی سندی:**

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئــەنجــــومــــەن.**

لە بەر خاتری لیژنەی یاسا ئیمتیازاتێکی زۆر دراوە بە دادوەر، چونکە بچوکترین دادوەر ئێستا (١٣٢٠) دینار وەردەگرێت و، کۆنترین دادوەر (٣٠٠٠) دینار وەردەگرێت جگە لە دەرماڵەی منداڵەکانی، هەروەها بۆ ئەوەی دادوەرەکان ئیشی خۆیان بەرێکوپێکی بکەن پێویستە پلە بەرزکردنەوەیان لەبیر نەکرێت و، پێشنیار دەکەم کە (لا تزيد عن سنة) لابچێت لە مادەکەدا، سوپاس.

**بەڕێز عــەدنان مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئــەنجــــومــــەن.**

وابزانم برگەی(٥) ئەوەی چارەسەر کردووە، ئەگەر دادوەر لێهاتوو نەبێت ئەنجومەنی دادوەری داوا دەکات کە دادوەرەکە لە دادوەری لابدرێت، بەڵام پێشنیارەکەی بەڕێز جەمیل ئەمە چارەسەر دەکات.

سەبارەت بە دیاری کردنی ماوەکەش بە سێ مانگ، راستە ئەگەر ئەو ماوەیە دیاری بکرێت ئەوا دادوەر هەست بەوە دەکات سزا دراوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە برگە(٤) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ برگە (٤) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

(خامسا: يجوز انهاء خدمة الحاكم او نقله الى وظيفة مدنية بمرسوم اقليمي بناءاً على قرار من مجلس القضاء، واقتراح من وزير العدل اذا تأجل ترفيعه اكثر من مرتين متتاليتين بنفس الدرجة).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکی هەیە لەسەر برگە (٥)؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دادوەریش هەر وەزیفەیەکی شارستانییە، پێشنیار دەکەم بۆ ئەویش دەبێ بوترێ (الى وظيفة غير قضائية)، چونکە (ئەنجوومەنی دادوەری) سەربازی نییە، بەڵکو شارستانییە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاکەڕەش دەکەم، راستە پێویست ناکات مەرسومی بۆ دەربچێت، تەنیا ئەنجوومەنی وەزیران فەرمانی پێ دەربکات بەسە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەسەلەی وەزیفەی شارستانی بەجێی دەهێڵین بۆ بەڕێز وەزیری داد وەڵامی بداتەوە.

سەبارەت بە تێبینییەکەی بەڕێز جەمیل سندی، خۆی هەمیشە دامەزراندنی دادوەر بە مەرسوم دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزیفەی دادوەری ئەگەر بگۆڕێت بۆ وەزیفی شارستانی، ئەو کاتە دادوەر دەرماڵەو مووچەکەی کەم دەبێتەوە، لەوانەیە (٣٠٠٠) دینارەکە دێتەوە سەر (٦٠٠ـ ٧٠٠) دینار، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵام ئەو پێشنیارە لەگەڵ رای بەڕێزتان دەگونجێت.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە دوولامان هەیە لایەک قەزا، لایەک یاسای شارستانی، ئێستا ئەمە یاسای دەسەڵاتی

دادوەرییە، بەڵام ئێمە کە وتمان دەبێتە خزمەتی شارستانی واتا لەم یاسایە لادەدەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا پاش ئەو ڕوونکردنەوانە کێ لەگەڵ ئەوەدایە برگە (٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ بە زۆربەی دەنگ برگە (٥) وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة التاسعة والثلاثون :- اولا ، تكون اصناف الحكام وحدود الراتب لكل صنف كما يأتي :-

| الصنف | الراتب بالدينار |
| --- | --- |
| الاول | ٥٢٠- ٥٩٠ |
| الثاني | ٤٦٠- ٥٠٠ |
| الثالث | ٣٨٠- ٤٣٥ |
| الرابع | ٣١٠- ٣٧٠ |

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر مادە (٣٩)؟.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا (نواب ادعاء العام) زیاد کرا، ئەوەش زۆر کار دەکاتە سەر گەنجینەی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مادەیە دووبارەیە بۆ مادە (٣٧) بەرای من تەنیا پلەکان (صنف) دیاری بکرێن، مووچەکە نەنووسین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بارەی داواکاری گشتی و جێگری داواکاری گشتی تەنیا لە برگەی (٥ و٦)دا زیادمان کردووەو، لەگەڵ دادوەرەکان دانراون بۆ دەرماڵەیان، بەڵام کاروباری داواکاری گشتی بەپێی یاسای داواکاری گشتی ڕێکی دەخات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێستا برگە (١) لە مادەی(٣٩) کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە وەکو خۆ بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست

بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە.. بە بەزۆربەی دەنگ برگە (١) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثانيا : يرقى الحاكم من صنف الى اخر بقرار من مجلس القضاء بناءاً على طلب يتقدم به الى وزارة العدل بشرط ان يكون قد نال راتب الحد الادنى للصنف المراد ترقيتة اليه.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینی هەیە لە سەر ئەم برگەیە؟.نییە.

جا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە برگە (٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ برگە (٢) لە مادە (٣٩) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثالثاً: على وزارة العدل عند تقديم الطلب بالترقية استطلاع رأي كل من محكمة التمييز ورئاسة محكمة الاستئناف ورئاسة هيئة الاشراف العدلي عن كفاءة الحاكم واهليته للترقية.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکی هەیە لەسەر برگە (٣)؟.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە برگە (٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە.. بە زۆربەی دەنگ برگە (٣) لە مادە (٣٩) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رابعا : ترفع وزارة العدل الطلب من المطالعة المذكورة في البند الثالث من هذه المادة مشفوعا برأيها الى مجلس القضاء.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکی نییە لە سەر ئەم برگەیە؟، نییە.

جا کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم برگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ برگە (٤) لە مادە (٣٩) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

خامساً: يستعين مجلس القضاء في تقدير اهلية الحاكم للترقية بالمطالعات المبنية في البندين(ثالثا ورابعا) من هذة المادة وتقارير السنوية المرفوعة من رؤوسائه وبتقارير المشرفين والعدليين والاحكام التي بذل الحاكم في اصدارها جهدا طيبا او ضمنها اراء قانونية تؤيد متابعته للنشاط الفقهي والقضائي ويصدر قرارا بترقيته اذا كان اهلا لها و بخلافه تؤجل ترقيته لمدة لا تقل عن ستة اشهر بقرار مسبب وبات يبلغ اليه.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم بڕگەیە؟.

**بەڕێز محـەمـەد سـەعـیـد ئەحـمـەد یەعـقـوبی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

لێرەدا دەڵێ: ئەنجوومەنی دادوەری بڕیارەکانی دادوەری دیاری کردووە، من پرسیارێکم هەیە لە وەزیری داد، ئایا ئەو بڕیارانە بە زۆربەی دەنگە یان بە تێکڕایە؟، سوپاس.

**بەڕێز مـەعـروف ڕەئووف خـضـر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

لە هەر ئەنجوومەنێکدا دەنگدان هەیەو، ئەمەش بە زۆربەی دەنگ بەئەنجام دەگات، سوپاس.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە(٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ بڕگە (٥) لە مادە (٣٩) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

مادەی(٤٠) لەگەڵ(٣٧) دوا دەخرێت لە سەر بڕیاری سەرۆکایەتی، سوپاس.

المادة الحادية والاربعون: يكون قدم الحكام حسب مناهجهم واضافهم وتاريخ تعيينهم وعند التساوي في ذلك يكون القدم وفقا لما يقرره وزير العدل.

**بەڕێز جـێگری سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکی هەیە لە سەر ئەم مادەیە؟. نییە.

کێ لەگەڵ (٤١) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ مادە (٤١) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الفصل الخامس)

الاجازات والحقوق التقاعدية_ المادة الثانية والاربعون:

اولا_ يستحق الحاكم (اجازة اعتيادية) براتب تام بمعدل يوم واحد عن كل ثمانية ايام من مدة خدمته.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکی نییە؟.

جا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بڕگە (١) لە مادە (٤٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. بەتێکرای دەنگ بڕگە (١) لەمادە (٤٢) پەسەند کرا.

ثانيا_ على الحاكم ان يتمتع في كل السنة بما لا يقل عن ثلاثين يوما من اجازته السنوية المستحقة له وفي حال عدم تمتعه بها فلا يدور له منها الا الجزء الذي يزيد على الثلاثين يوما.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکی نییە لەسەر ئەم بڕگەیە؟.نییە.

جا کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ بەزۆربەی دەنگ بڕگە (٢) لە مادە (٤٢) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثالثاً_ يجوز تراكم الاجازات الاعتيادية التي تدور وفق البند الثاني من هذة المادة مما لا يزيد على(١٨٠) يوما.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر بڕگە (٣)؟.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. بە زۆربەی دەنگ بڕگە (٣) لە مادە (٤٢) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رابعاً_ تدور للحاكم الاجازات التي استحقها عن خدماته السابقة.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینی نییە لەسەر ئەم بڕگەیە؟.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بڕگە (٤) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ بەزۆربەی دەنگ بڕگە (٤) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة والاربعون:

اولا: لوزير العدل ان يمنح الحاكم الذي امضي سنوات في القضاء اجازة دراسية خارج العراق او داخله لمدة سنتين براتب تام للتخصص في موضوع له علاقة بالاختصاصات القضائية والعدلية والحصول على شهادة الماجستير والدكتوراة وله تمديد هذة الاجازة لمدة سنة اخرى في هذه الاجازة.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینی هەیە لەسەر بڕگە (١)؟.. نییە.

جا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بڕگە (١) مادە (٤٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. کێ دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ بڕگە (١) لە مادە (٤٣) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثانیاً- يجوز منح اجازة دراسية ثانية لمن انهي اجازة الدراسته الاولى، وحصل على شهادة الماجستير لمدة سنتين لغرض الحصول على شهادة الدكتوراه في نفس المواضيع المذكورة في البند (أولا) من هذهِ المادة وذلك بعد مضي سنة من مباشرتهِ بوظيفته ولوزير العدل تمديد هذه الاجازة لسنة اخرى.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینی هەیە لەسەر بڕگە (٢)؟. کەس تێبینی نییە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بڕگە (٢) لەمادە (٤٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ بەزۆربەی دەنگ بڕگە (٢) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثالثاً- لا تمنح الاجازة الدراسية لمن اتم اربعين سنة من عمره اذا كان يروم الحصول على شهادة الماجستير، وخمسا وأربعين سنة لمن يروم الحصول على شهادة الدكتوراه.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر بڕگە (٣)؟.. نییە.

جا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بڕگە (٣) لەمادە (٤٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ بەزۆربەی دەنگ بڕگە (٣) پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رابعاً- تعتبر الاجازة الدراسية خدمة قضائية ويمنح قدما لغرض الترفيع والعلاوة لمدة سنتين لمن يحصل على شهادة الدكتوراه وسنة واحدة لمن يحصل على شهادة الماجستير فقط.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر بڕگە (٤)؟.. فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خزمەتی دادوەری مانای وایە هەموو دەرماڵەیەک وەردەگرێ، پرسیار دەکەم بۆچی لەکاتی مۆڵەتی خوێندن دەرماڵە لابراوە؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا بەداخەوە وەزیری داد لێرە نییە، با لیژنەی یاسا روونکردنەوەیەک دەرباری ئەم مەسەلەیە پێشکەش بکەن.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئیمتیازات دەدرێت بەو کەسەی کە بەکارەکەی هەڵدەستێت، حەزیشمان دەکرد وەزیری داد لێرەبوایە بۆ ئەوەی روونکردنەوەی پێشکەش کردبایە دەربارەی ئەم بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوسراوە (خدمە قضائیە)، ماوەی مۆڵەتی خوێندن بە خزمەت دادەنرێت.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر فەرمانگە ناردبێتی دەبێت بیدرێتێ، ئەگەر نا نایدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام مۆڵەتی خوێندن ئەوەیە کە فەرمانگە دەینێرێت.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی پێڕەوی هەندێک لە فەرمانگەکان مۆڵەتی خوێندن دەدەن بە فەرمانبەرانبەرەکانیان، جا هەیانە مووچە وەردەگرێت بەبێ دەرماڵە، هەندێکیشیان بەبێ مووچە مۆڵەتی خوێندنیان پێ دراوە، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی پێشنیار نەبوو، بەڵام ئەگەر رازی بن ئەوە زیاد دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (٤) لەمادە (٤٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. بەزۆربەی دەنگ بڕگە (٤) پەسەند کرا.

دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی هات و، سبەی دانیشتنمان نییە، مانای ئەوە نییە کە عوتلەیە، بەس دانیشتنمان نییە، رۆژی سێ شەممە سەعات (٥ر٩) دانیشتنمان هەیە.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**<br>**سکرتێری ئەنجومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

**بەرێز موحسین خالد مستەفا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ناوی (سەلاحەدین) جێی شانازیە دەبێ ئێمەی کورد شانازی پێوە بکەین و، زانکۆ با لەسەر ئەو ناوەی بەردەوام بێت، بەڵام تەنها یەک پێشنیارم هەیە بۆ ئەوەی زیاتر میللەتی کورد بزانێ کە مەبەست لەم ناوە (سەلاحەدین ئەیوبیە) لە کورتێکدا، یان لە روونکردنەوەیەکدا ئەمە بڵاو بکرێتەوە بۆ ئەوەی قوتابیەکانیشمان ئەوە بزانن، سوپاس.

**بەرێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش لەگەڵ رای ئەو ئەندامانەم کە دەڵێن ناوی زانکۆی سەلاحەدین بمێنێ و، هەڵەشە ئەگەر بڵێین (سەلاحەدین) هیچی بۆ کورد نەکردووە لە هەموو قارەمانیەتێکدا ناوی سەلاحەدین دێت، ئەگەر بێت و بیگۆڕین خزمەتی رژێمی بەغدا دەکەین کە دەیەوێت ئەم رەمزە نەمێنێت، سوپاس.

**بەرێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من ناوی (ئەیوبی)یش بخرێتە سەری، بۆ ئەوەی روون ببێتەوە مەبەست لەم ناوە (سەلاحەدین ئەیوبییە)، سوپاس.

**بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم زۆر کەس لەسەرئەم بابەتە قسەیان کرد، جا ئێستا پێشنیارێک هەیە کە ناوی زانکۆی (سەلاحەدین) وەکو خۆی بمێنێتەوە.

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەدایە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟.. کەواتە بەزۆربەی دەنگ ئەو پرۆژەی ناو گۆڕینە رەت کرایەوەو، ناوی زانکۆی (سەلاحەدین) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەرێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە دانیشتنی پێشوودا دواخرا بۆ ئەوەی زیاتر لێی بکۆڵرێتەوە، ئێمەش ئەندامانی لیژنەی یاسا گەیشتینە ئەو قەناعەتەی لە مادەی(٤٠)دا تەنها برگەی پێنج زیادە و، لە مادە (٣٦)یش برگەی (١)، ئیتر ئەوەی تر وەکو خۆی دەمێنێتەوە. جائەگەر سەرۆکایەتی رێگا بدات بیخوێنمەوە.

مادە(٣٦) کە باسی لە شێوەی دیاری کردنی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە و، ئەندامانی دادگای پێداچوونەوە و، نائب و، ئەندامەکان و، شێوەی دامەزراندنەکەی کە بەمەرسومێکی هەرێمی و، لەسەر بریاری ئەنجوومەنی وەزیران کە دادەمەزرێت دەکات، بەقەناعەتی لیژنەی یاسایی تەنها برگە (٥) لە مادەی(٤٠) زیادە وپێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر مادە (٣٦)؟.. کەس تێبینی نییە.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە مادە (٣٦) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟.. کەواتە بە زۆربەی دەنگ مادە (٣٦) پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەزم کرد سەرنجی وەزیر زیاتر رابکێشم بۆ لایەنێک کە زیاتر پەیوەندیی بە بابەتەکەوە نییە وەکو ئەو ناوانەی کە بەرچاوان کەوتووە بۆ ئەندامانی دادگای پێداچوونەوە، ئەگەر بەهەڵە نەچووبم هەندێ ناوی تێدایە کە دادوەریان نەکردووە.

ئێمە هەندێ پارێزەرمان هەیە کە (٣٠ ـ ٤٠) ساڵی خزمەتی دادوەریان هەیە، بەڵام دەقەکە مەرجی داناوە کە دەبێت دادوەر بێت لەو حاڵەتەدا ئەو پارێزەرە باشانە کە ممارەسەیەکی باشیان هەیە لە کیس دەچن، مەبەستم ئەوەیە، یان ئەگەر نیاز وایە کە پارێزەرێک ممارەسەیەکی(٣٠) ساڵی هەیە بکرێ بە دادوەر دەبێ لە دەقەکەدا کارێکی وابکەین کە جێگایان بۆ بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەومەرجانەی کە لێرەدا هاتوون تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە شارەزایی زۆریان دەبێت، چونکە جیاوازی هەیە لە نێوان ئەندامێک لە پارێزەری ئیش بکات، لەگەڵ ئەوەی کە لەسەر کورسی دادوەری دادەنیشێ، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموو مادەکە (تناقض) هەیە برگە(٣)دەڵێ (حاكم محكمة تمييز يتم تعينه بناءاً على اقتراح وزير العدل) بەڵام ئێمە گوتمان: (بناءاً على قرار مجلس الوزراء)، بۆیە زۆر پێویستە کە ئەم پێشنیارە لابرێ، چونکە مادەکان لەگەڵ یەکدا رێک نین. مادە(٣٦) بمێنێ قەیناکە، بەڵام دەبێ ئەم مادەیە هەموار بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە برگە (٥) لە مادە (٤٠)لابرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟.. کەواتە بە زۆربەی دەنگ مادە(٤٠) پەسەند کراو، برگەی برگەی (٥) لابرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە لەسەر مادە (٤٤) راوەستا بووین ئێستا دیبینەوە سەری.

بەڕێزان ئێمە لە لیژنەی یاسادا داڕشتنێکی تایبەتیشمان هەیە، ئەگەر رێگە بدەن بیخوێنمەوە المادة (٤٤) فقرة (١)- لايحال الحاكم على التقاعد إلا بعد اكماله الثالثة والستي من العمر ويتقاعد في هذه الحالة على الراتب و المخصصات التي كان يتقاضها عند إحالته على التقاعد أو يجوز إحالتهم على التقاعد قبل ذلك بناءاً على طلبه وفقاً لقانون التقاعد المدني، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

واتا مەرج نییە لەتەمەنی (٦٣) ساڵیدا خانەنشین بکرێت، بەڵکو دەتوانێ تا تەمەنی دەگاتە (٦٥ ـ ٦٧ ـ ٧٠) ساڵی بەردەوام بێت.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

رای بەڕێزتان (١٠٠٪) یاساییە و، زیادیش بێت قەیناکەو، دەشێ بگوترێ (يحال الحاكم على التقاعد عند اكماله الثالثة والستين من عمر)، سوپاس.

**بەڕێز بەختـــیـــار حـــەیدەر عـــوســـمـــان:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من بەپێویستی دەزانم کە تەمەنی دادوەر زیاتر بکرێت هەروەکو بەڕێزت فەرمووت، سوپاس.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بۆ(٦٣) ساڵ؟، بەرای من لە سەر بناغەی یاسای خزمەتی شارستانی بکرێ بە(٦٠) ساڵ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز جـــــەمـــــیـل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لە یاسای شارستانی عێراقیدا تەمەنی خانەنیشین(٦٣)ساڵە، لەو حاڵەتەش فەرمانبەر دەرماڵەی رادەوەستێ و، مووچەی بەپێی ساڵی خزمەت دەبێ. پاشان دادوەر زیاتر لە دکتۆرێکی نەشتەرگەری ماندوو نابێت با هەموو فەرمانبەرانی کوردستانیش وەک یەک بن . مادام هەموو دەرماڵە رادەوەستێ با ئەویش بوەستێ، سوپاس.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئەگەر ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە (احالة الحاكم على تقاعد عند اكماله (٦٣) من عمره). وابزانم لەگەڵ رایەکەی لیژنەی یاسادا ناکۆک نییە، ئەمە بەراستی ئەم داڕشتنە رەنگە شتێکی خراپ نەبێت، چونکە لە زۆر وڵاتاندا حاکم لەپاش تەمەنی (٧٠) ساڵیدا هەر حاکمە، لەم

ماوەیەدا داواکاریێکی گشتی لە ئەمریکا تەمەنی گەیشتە(١٠٦)ساڵ کە نزیکەی(٨٠) ساڵ خزمەتی هەیە. لە دەسەڵاتی دادوەریدا ئەوانە مامەڵەیەکی تایبەت دەکرێن، بۆیە رەنگە شتێکی خراپ نەبێت، ئەگەر دادوەرکە تەمەنی بوو بە (٦٣) ناچار نەکرێ کە خانەنیش ببێت و، لە کاتێکدا کە پێویست بێت و، لە کەماڵی هێزی عەقڵیدا بێت و، جێگای ئەوە بێت سوودی لێ ببینرێت، ئەنجا رەنگە شتێکی خراپ نەبێت کە بووترێت ئەو (٦٣) ساڵە زیاد بکرێت.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دادوەر هەتا ماوە هەر دادوەر دەمێنێ، تەنها ئەگەر نەخۆش بێت و، ئەو (٦٣) ساڵە تەمەنێکی باشە کە دانراوە، چونکە لێرەدا مەرج نییە کۆتایی بەکاری دادوەر بێت کە تەمەنی گەیشتە (٦٣)ساڵ، بەڵام ئەو(٦٣) بۆ ئەوانەیە کە ماندوو دەبن، ئەو مادەیە وەکو خۆی بمێنێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشتر (لا)یەکە (وجوب)یە کە هاتووە ئەگەر بێتە کۆتایی مادەکە (یجوز) ئیحالەی تقاعد بکرێ (بناءً علی القانون المدني) واتا ئەو دەرماڵەیە وەرناگرێت، ئەگەر لەسەر داوای خۆی بێت و،ئێمە مەرجی (عدم ممارسەی محاماە)تیشمان دانابوو کە لە هەندێ شوێندا چەند ساڵێک دادەنرێ، ئەگەر (حاکم ممارسەی محاماە) نەکات یەکسەر خانەنیش دەکرێ، ئەوەمان بەباش زانیوە بۆیە ئەوەمان دارشتووە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان لەو دەقەدا کە لیژنەی یاسا دایناوە دوو جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو دەقەی کە وەزارەتی داد دایناوە، ئەگەر دادوەر خانەنیش بکرێ هەموو پارەی خۆی و مووچەی تەواو ئەو کاتەی وەردەگرێت، بەڵام مەرجی دانەناوە ئەگەر لە پارێزەریشدا مووچەی خانەنشینی وەرگرێت ئەمە راست نییە. ئەگەر دادوەر بۆ خۆی داوای خانەنشینی بکات بەپێی یاسای خزمەتی شارستانی ئەوە دەبێت پێی بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واهەست دەکەم ئەو مادەیە چوار برگەی روونی تێدایەو، پێویست بە وردبوونەوەی تر ناکات، چونکە هەر کاتێ دادوەر دەتوانێ خۆی خانەنیش بکات پێش ئەو تەمەنە، بەڵام ئەوکاتە ئەو دەرماڵە وەرناگرێ کە تەمەنی دەگاتە(٦٣)ساڵ بۆیە دەست کاری نەکرێت.

بۆ پارێزەریش ئەوە حەز ناکەم لێرە دیاری بکرێت، چونکە ئەوە بە رێنمایی دەکرێت و، بۆ وەزارەت

هەیە ڕێنمایی دەربهێنێ بەپێی ئەم یاسایە و، ئەگەر لە بەرژەوەندی دابوو بیکات، ئەگەر پێویستی بێت دادوەر دوای حاکمیەتی پیشەی پارێزەری بکات بۆ ئەوەی بێ بەش نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەو بڕگەیەی کە لیژنەی یاسا دایڕشتووە وەربگیرێ؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکەی لیژنەی یاسا پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی(٢) کە لیژنەی یاسا پێشنیاری کردووە دەیخوێنمەوە،

ثانیا : للمجلس القضاء باقتراح من الوزیر او بناءاً علی طلب الحاکم اعادة خدمة اذا کان قد اکمل (٦٣) من عمره مدة لا تزید علی خمس سنوات لفترتین متعاقبتین...، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە پێویستی نازانم ئەو بڕگەیە هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەکە ئەوە دەگرێتەوە کە پێویست نییە دادوەر لە تەمەنی (٦٣)ساڵیدا واز بهێنێ.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای منیش ئەو مادەیە زیادە لەبەر ئەوەی پێشتر شتەکەمان کردووە، بۆیە پێویست ناکات جارێکی تر ئەوە دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە پێشنیاری لیژنەی یاسا وەربگیرێ؟..

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی لیژنەی یاسا هەمووی نەخوێندراوەتەوە.

ثالثاً: في حالة وفاة الحاکم او أصابه بمرض لایرجی شفائه أو بعجز لایمکن ان یقوم بواجباته یتمتع بجمیع حقوق التقاعدیة مکتسبة وفق فقرة أولاً من هذه المادة.

رابعاً: یمنح الحاکم المحال علی التقاعد ویأخذ اجازات اعتیادیة والتي یستحقها کاملة علی اساس مجموع ماکان یتقاضاها شهریاً قبل احالته علی التقاعد علی ان لاتزید علی ثمانین یوما.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاسا دانیم، بامادەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.
**بەڕێز د. فایەق محەمەد گولپی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
دیاری کردنی تەمەنی دادوەر کە کەی خانەنیش دەکرێت یان نا، ئەوە پەیوەندیی (معدل العمر)ی خەڵکەوە هەیە تێکڕای تەمەنیش لە هەموو وڵاتێکدا حاڵەتێکی چەسپاوی نییە.
سەرنجێکی تریشم هەیە لەسەر بڕگەی دووەم (عند وفاة الحاكم اثناء الخدمة تكون راتبه التقاعدي اذا كان مستحقاً) ئەو (مستحق)یە لێرە مانای چییە؟، سوپاس.
**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**
واتا ئەگەر موستەحەقی خانەنشینی نەبێ ئەوە حسابێکی تری بۆ دەکرێ.
**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پێشنیاری ئەو درێژ کردنەوەیەمان کردووە لەراستیدا برگە(١) مافی خۆی نەدراوەتێ لەسەر ئەو بناغەیەش دانراوە کە ئەم برگەی یەکەمە دوو ئیجباری تیایە ئیجبارێکیان لە پێش تەمەنی (٦٣)ساڵیدا هەرگیز نابێ خانەنیش بکرێ، ئیجباری دووەمیشیان دەبێ لە تەمەنی (٦٣) ساڵیدا خانەنیش بکرێ، چونکە برگەی(سێ) دەڵێ (يجوز) کە لەسەر داوای خۆی یا نەخۆشی بێت، هەموو ئەو دیاری کردنەی کە کردومانە ئیستیسنایە بۆ ئەو ئیجبارەی کە لە برگەی یەکدا هاتووە کە ئیجبارێکیان نابێ لە(٦٣) ساڵیدا بکرێت دووەمیشیان ئەوەیە کە دەبێت لە(٦٣) ساڵیدا بکرێ، لێرە بۆیە ئەو بوارەمان داوە دادوەر ئەگەر بۆی بکرێ پێنج ساڵی تر بەردەوام بێت، ئەوە رای لیژنەی یاسایە، سوپاس.
**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من سەرنجم لەسەر برگەی(٣) هەیە کە خراوەتە سەر برگەی (١)، برگەی (٢)دەڵێ: ( يجوز احالة الحاكم على التقاعد قبل اكماله السن المحددة في فقرة أولاً لهذه المادة اما بناءاً على طلبه في حالة عدم ممارسة مهنة المحاماة او لأسباب صحية وفقاً لاحكام قانون التقاعد المدني).
بەپێی ئەم دەقە بوار بۆ ئەو دادوەرانە نەماوەتەوە کە لە دوای خانەشینی دەیانەوێ پیشەیی پارێزەری بکەن، سوپاس.
**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لە یاسای عێراقیدا هەیە کە ئەوەی یەک رۆژیش لە خزمەتدا بووبێ مووچەی خانەنیشنی وەردەگری

بۆیە ئیتر پێویست نییە بگوترێ (اذا كان مستحقا)، ئەوەشی مومارەسەی پیشەی بکات ئیتر هەقی وەرگرتنی دەرماڵەی نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگەی(١) لە مادەی (٤٤)تەواو بوو دەنگمان لەسەر داوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگە (٢). ئەوەی لە پرۆژەی وەزارەتدا هاتووە ئەوە پێشنیاری ئێمەیە بەراستی هەندێکیان دوو بڕگەیە لێکمان داوە، یان بڕگەمان خستۆتە سەری. پێشنیاری ئێمە لەسەر بڕگەی(٢)ئەیە:( في حالة وفاة الحاكم أو اصابة الحاكم بمرض لايرجى شفائه او بعجز تام لا يمكن القيام بواجباته يتمتع بجميع حقوقه التقاعدية المحتسبة وفق القرة(١) من هذة المادة). سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا تەنها باسی مردنە، بەڵام تۆ دەتەوێ بڵێی ئەگەر نەخۆش کەوت.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مردن شتێکی گشتیەو، بەهەر هۆیەکەوە بێت وەک یەکە، بۆ نەخۆشیش ئەوە یاسای تر هەیە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو بەڕێز وەزیری داد فەرمووی یاسای مۆڵەتی نەخۆشی ئەو حاڵەتانەی چارەسەر کردووە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگە (٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ دژە؟ بە زۆربەی دەنگ بڕگە (٢) وەکو خۆی پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فقرة (٣): يجوز احالة الحاكم على التقاعد قبل اكماله السنة المحددة في فقرة واحد من هذه المادة أما بناءً على طلبه أو لأسباب صحية وفقاً لأحكام القانون المدني.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خاڵەی یەکەم کە هەموار کراوە با وەکو خۆی بمێنێتەوە، وابزانم ناکۆکییەک لە نێوان هەردوو

دەقەکەدا دەبێت ،بەرای من وەزارەتی داد لەگەڵ لیژنەی یاسا لەسەر ئەوە ڕێک بکەون باشە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارم لە وەزیری داد ئەوەیە ئەو دادوەرەی کە بە هۆی نەخۆشیەوە خانەنیش دەکرێ جیاوازی چییە لەگەڵ ئەو دادوەرەی کە بە هۆی تەمەنەوە خانەنیش دەکرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەگوترێ: (وفقا لأحكام قانون تقاعد المدني) بۆ ئەوەی جیاوازی هەبێت لە نێوان یەکێک کە مرد و یەکێک کە نەخۆش کەوت، پێشنیارەکە ئەوەیە کە نەک لە یاسای خانەنشینی مەدنیدا بلێین بۆ چی؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی یاسای مەدەنی، ئەگەر دادوەر خۆی داوا بکات ئەوە دوای ئەوا نابێت دادوەری بکات، بەڵام بە(أسباب صحی) بێ، یا (عجزی) هەبێت واتا هیچ مووچەیەکی تر وەرناگرێت، بۆیە دەبێت (بناءً علی طلبه) هەبێت بۆ (أسباب صحیه)کەش، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە لیژنەی یاسا کردی بەوە دەچێت، کە فەرمانبەرێک ئەگەر ساڵێک ئیشی کرد لەلای دەوڵەت دوایی نەخۆش کەوت ئەوە دەبێت مووچەیەکی بە تەواوەتی بدرێتێ، وەکو ئەوەی کە(١٥) ساڵ خزمەتی کردبێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەگەر دەقەکە بخوێنینەوە جیاوازییەک دەبینین (احالة علی تقاعد) لەگەڵ (اسباب صحي) جیاوازییەک هەیە لەگەڵ ئەوانەی کە بە ئاسایی خانەنشین دەبن، بە رای من کە گوترا(الاسباب الصحية) شتێکی زیاتر وەردەگرێت لەوانی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە باس کرا لایەنێکی ئینسانی و یاسابییە، وابزانم ئەو پێشنیارە بۆ لیژنەی یاسایی دەمێنێتەوە کە هەر دوو برگەی(٤.٣) ڕێک دەخات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە رای ئەوەی کە(ينطبق عليه قانون الخدمة القضائية)؟.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانەی هەموو بەیاسای تایبەتی چارەسەر کراون، پێویست ناکا دووبارەیان بکەینەوە، ناکۆکی دروست دەبێ ئەگەر وابکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بە گوێرەی یاسای مەدەنی بێت، ئەوەی من دەزانم کە خانەنشین لە(٢٠٠)دینار زیاتر وەرناگرێت، بەڵام یاسای خزمەتی دادوەری شتێکی تایبەتە ولە لیژنەی یاسا ڕێزێکی زۆرمان لە دادوەرەکان ناوە، چونکە دادوەرکاتی خۆی بە ڕەواییەوە سەرف دەکات، لەبەر ئەوە دەبێت ئیمتیازێکی تایبەتیشی پێبدرێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک عەدنان فەرمووی ڕاستە، بەڵام هەموار کرا ئێستا هەتا (٢٤٠)دینار دەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دارشتنە تازەکەم دانا، ئەگەر ڕێگا هەبێت بیخوێنمەوە ڕەنگە چارەسەرێک لە وەزعەکە بکرێت (لایجوز احالة الحاکم علی تقاعد قبل اکماله السن محدده من فقرة(١) من هذه المادة اما بناءعلی طلبه ویطبق بحقه من احکام قانون التقاعد المدني او لأسباب صحیة ویطبق بحقه احکام فقرة (٢) ا علاه) . ئەوە چارەسەری بابەتەکە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی کاک حسێن کورتە، بەڵکو بگوترێت: (في حالة إحالة الحاکم علی التقاعد قبل اکماله السنة المحددة له وفقا لفقرة ألف لهذه المادة والفقرة واحد، اما بناءعلی طلبه وتطبق بحقه احکام قانون التقاعد المدني أو لاسباب صحیة وتطبق بحقه احکام فقرة« ٣ »). ئەنجا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم بڕگەیە بەم جۆرە بگۆڕێت؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

فقرة(٤) ـ یمنح الحاکم المحال علی التقاعد الرواتب والاجازات التي کان یستحقها علی اساس مجموع ماکان یتقاضاه شهریاً قبل إحالته علی التقاعد علی ان لاتزید علی (١٠٨)یوماً.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە ؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة(٤٥) للحاكم ان يستقيل من الخدمة اذا شاء في هذه الحالة يكتفي بحقه في تناول أو يستحقها بموجب القانون ولا يحق له من الاجازات المستحقة). رای لیژنەی یاسا ئەوەیە کە ئەم برگەیەی بخەینە سەر وبلێین: «بموجب قانون الخدمة المدنية»، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو برگەیەی کە لیژنەی یاسا پێشنیاری کرد راستە، چونکە نابێت دادوەر لەپاش مانگێک ئیستقالە بکات و یەکسەر ئیستحقاقی تەواو وەربگرێ، چونکە مافی خانەنشینی ئەوەی دیاری نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو برگەیە زۆر لە جێی خۆیدایە کە زیاد بکرێت، چونکە ئەوەی خۆی ئیستیقالە بکات بەپێی یاسای خزمەتی مەدەنی هیچ مافێکی نامێنێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

(للحاكم ان يستقيل من الخدمة في تناول الراتب تقاعدي او اكرامية التي يستحقها بموجب القانون ولا يحق الاجازات التي يستحقها بموجب القانون الخدمة التقاعد المدني).

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە پاش ئەو هەموار کردنەی کە لیژنەی یاسا کردیان وەربگیرێت؟ ..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

مادة«٤٦»: تقام الدعاوي في حقوق الناس عن هذا القانون لدى مجلس شؤون الحكام وتتألف من ثلاثة اعضاء واختار من مجلس القضاء بين حكام واعضائها وفق قرارات في هذه الدعاوي امام هيئة موسعة في محكمة التميز من قبل وزير العدل ومن قبل الحاكم يصدر هذا القرار خلال ثلاثين يوماً من تأريخ تميزه)... قرارات بهذا الشأن.. بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ( تأليف) زیادەدیە..( المؤلف من ثلاثة اعضاء يختار مجلس القضاء من بين حكامه اعضاء). چونکە لە برگە(٥)ی مادە (٣٢)ی ئەوە باسی کراوە و، لە رووی داڕشتنیشەوە پێویست ناکات بگوترێت، بەس بلێین:( مؤلفة من ثلاثة اعضاء، يختار مجلس القضاء من بين حكامه اعضاء) تەنها ئەوەندە بسڕینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم برگەیە بسڕینەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

مادة(٤٧): تسری احكام قانون الخدمة المدنية وقانون التقاعد المدني في الامور التي لم ينص عليها هذا القانون.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆكی ئەنجـــومـــەن:**

كێ لەگەڵ مـادە(٤٧)دایە كـە وەكـو خـۆی بمێنێـتـەوە؟..دەست بەرزكـرایەوە..كێ دژە؟ كـەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

(الفصل السادس) النقل والانتداب.

المادة(٤٨): اولاً:ـ

آ ـ لايجوز نقل الحاكم من وظيفة قضائية الا بموافقة تحريرية.

ب ـ يجوز انتداب الحكام من صنف الاول حكام محكمة تميز علماً وبموافقة تحريرية وبأمر من وزير العدل الى وظيفة المستشار القانوني في مجلس وزراء الاقليم أو الى رئاسة احدى دوائر مركز وزارة العدل واجهزتها في جامعة على ان يحتفظ بصفته القضائية و حقوقه فيها..

ثانياً: لاتتجاوز مدة الانتداب المنصوص عليها في البند الاول من هذا القانون ثلاث سنوات قابلة لتجديد لسنة اخرى..

ثالثاً:ـ يجوز انتداب الحاكم الى محكمة اخرى عند اقتضاء مصلحة عامة وذلك بأمر من رئيس محكمة الاستئناف ويتم الانتداب في منطقة استئنائية الى اخرى بأمر من وزير العدل على ان لاتزيد مدة الانتداب على سنة واحدة.بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن..لێرەشدا یەک بڕگەمان بۆ زیاد كردووە كە دەڵێت:( اذا كان الغرض الحاجة الي خدماتة، لا بموافقة تحريرية).

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆكی ئەنجـــومـــەن:**

كێ لەگەڵ ئەوەدایە كە ئەم مادەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟.. دەست بەرز كرایەوە.. كێ دژە؟ كەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

مادة(٤٩):ـ يجب نقل الحكام خلال شهر تموز من كل سنة، ويجوز عند اقتضاء المصلحة العامة اجراء نقل في غير الشهر المذكور، ويتم النقل بموافقة مجلس القضاء بناءً على اقتراحه من قبل وزير العدل.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆكی ئەنجـــومـــەن:**

كـەس تێـبـینی هەیە، كێ لەگـەڵ ئەوەدایە كـە مـادە(٤٩) وەكـو خـۆی بمێنێـتـەوە؟..دەست بەرزكرایەوە.. كێ دژە؟ كەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

الفصل السابع: واجبات الحاكم مايلي:

١ـ المحافظ على كرامة القضاء بإلتزام النزاهة والابتعاد عن كل ما يبعث بجدية الاستقامة.

٢ـ الامور والمعلومات والوثائق التي يقتضى عليها بحكم وظيفته او متعلقة باجهزة الاقليم او الاشخاص في ظل هذا الواجب قائمة حتى بعد انتهاء الخدمة.

٣ـ عدم مزاولة التجارة بأي عمل لايعرف قوة وظيفة القضاء.

٤ـ ارتداء القسم الخاص اثناء الموافقة وذلك وفق تعليمات يصدرها وزير العدل.

ثانياً: يحذرعلى الحاكم الاشتغال بعمل سياسي ولايجوز له التشريع في الانتخابات المجلس الوطني او نوعيات محلية أو تنظيمات سياسية الا بعد تقديم استقالة.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.. رای ئێمە ئەوەیە پێنجەمین (الاقامة في مركز الادارة التي فيها مقر عمله الا اذا يسمح له وزير العدل باقامة في مكان اخر).

٥ ـ الاقامة في مركز الوحدة الادارية التي فيها مقر عمله الا اذا أذن له وزير العدل الاقامة في مكان أخر بظروف مقدرة.

**بەڕێز د.عـــیـــزەدین مـــســـتـــەفـــا رەســـول:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

لەسەر دووەم قسەم هەیە( يحذر على الحاكم اشتغاله عمل سياسي) نازانم ئەمە لەوڵاتانی دیموکراتیدا چۆنە بۆ دادوەر؟ ئەمە یەکەم، دووەم (عملي سياسي) زۆر فراوانە، دەنگدانیش لە هەڵبژاردندا کاری سیاسییە، تۆ کە دەچی دەنگ دەدەی بە حزبێک کارێکی سیاسییە و تارێک، یا مقالەیەک لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی دەنووسی ئەوە کارێکی سیاسییە، جۆرەکەی دیار بێت. مەسەلەی ئیستقالە ئەوە رەنگە یاسایەکان و دادوەرەکان باشتری لێ بزانن، جاری وا هەیە دادوەر ئیستقالە دەکا و خۆی دەپاڵێوێ و دەریش ناچێ کێ دەڵێت بەیانی لە جێگاکەی خۆی دادەنرێتەوە، جا دەبێت ئەمە چارەیەکی بۆ بکرێت، کارە سیاسیەکە بخرێتە شێوەیەکی ترەوە کە دەرچوو ئیستقالە بکات، یان ئەو ماوەیە ئیجازە وەربگرێت لەکاتێ هەڵبژاردندا، کە دەریش چوو ئەوە ئیستقالە بکات، سوپاس.

ب

**ەڕێز ســــەفــــەر مـــحـــەمـــەد حـــســـێن:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــــەن.**

(عملي سياسي) ئەگەر دیاری بکرێ باشترە، وەکو ئەوەی بگوترێت: (انتماء الى الاحزاب السياسية أوعمل تنظيمات سياسية) دووەمیش، بۆ پێشکەش کردنی ئیستیقالەیش بگوترێت: (بعد الفوز)، چونکە دادوەریش هاووڵاتییەکەو وەک هەمووان مافی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبوبەکر حەسەن بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەگەر (عملي سياسي) بکرێتە (عملي حزبي) زۆر رێکوپێک تر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێک لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمانەوە هاتووە و دەڵێت: ـ بۆ بڕگەی(٢) ی ئەو مادەیە بگوترێت:( يحذر على الحاكم لانضمام الاحزاب والمنظمات والجمعيات السياسية.)، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دەقەی کە لێرەدا هاتووە شتێکی گشتییە، ئەگەر بیگۆڕین ودیاری بکەین لەوانەیە کەسێک کە هیچ پەیوەندیی نییە بە حزبێکەوە، یا ئەندام بێت، بەڵام ئەوە بشارێتەوە ئەوجا زیان بەدەسەڵاتی قەزائی بگەیێنێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە زۆر جێگادا چالاکیی سیاسی لە دادوەرە قەدەغە کراوە، لەچ وڵاتێک، یا لەچ دەستوورێکدا ئەمە هاتووە؟.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جیاوازی هەیە لە نێوان مافی سیاسی وکاری سیاسیدا، دادوەر بۆی هەیە بیروڕای سیاسی هەبێت، بەڵام دەبێ ئینتیمای سیاسی نەبێت. بۆ جێگەی دانیشتنی دادوەریش ئەوە پێویست ناکات دیاری بکرێت، چونکە سرووشتی کارەکەی وا دەخوازێت کە لە جێی کارەکەی دانیشێت، چونکە جگە لە دەوامی رۆژانە خەفارەتیشی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە یاسا بۆ شتێکی کاتی دانانرێت، بەڵام هەندێ شتیشی هەیە کە نابێ لە بەر چاو نەگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن.**

حاڵاتی رێگەپێدانی تێدایە وەکو بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسا باسی کرد، واتا حاڵەتی جیاواز هەیە ئەویش بە رێگەپێدانی وەزیری داد بێت، چونکە ئەوەی دیکە پەیوەندیی بە جێنشینی و مەسەلەی دەرماڵەوە هەیە، کە ئەوانەی دێنە سەر کە بە وردی باسی لێ کرا، ئەگەر روخسەت هەبێت دەقەکە دەخوێنمەوە:(الاقامة في مركز الوحدة الادارية التي فيها عمله الا اذا عين له وزير العدل الاقامة في مكان اخر لظروفه مقدرة)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە؟.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

فقرة(٢) مادة(٥٠)«يحذر على الحاكم الانضمام الى الاحزاب والمنظمات و الجمعيات السياسية ولايجوز ترشيحه لانتخابات المجلس الوطني او الجمعيات المحلية او التنظيمات السياسية الابعد تقديم الاستقالة».

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ بڕگە(٢)دایە پاش ئەو سەرنجی دووەم وەر بگیرێ؟ ..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا کە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

مادة(٥١)«لايجوز أن يشترك في الهيئة القضائية حكام بينهم مصاهرة او قرابة لغاية الدرجة الرابعة ولايجوز ان ينظر الحاكم طعناً في حكم أن يصدره حاكم آخر تثبته به العلاقة الحميمة».

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ مادە(٥١)دایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ ..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة(٥٢):ـ

آ ـ لوزير العدل حق الاشراق والمراقبة على كافة المحاكم والحكام والمخولين والسلطات القضائية من الموظفين والهيئات واللجان..

ب ـ بتم الاشراف والمراقبة بواسطة اشراف وزير العدل او بواسط الحكام.

جـ ـ الاشراف على محكمة التميز وحكامها من قبل الرئيس على مقدمة على اعمال وزير العدل ومجلس القضاء.

٢ ـ آ ـ لرئيس محكمة الاستئناف الاشراف على جميع المحاكم في منطقته وابداء توجيهات مقتضية وتبريرها خلافاً لواجبات الوظيفة وحسن سير الاعمال الادارية والحسابية وعليه ان يدفعا الى وزارة العدل ومجلس القضاء تقاريرالسنوية العامة لحكام في المنطقة وتضل ملاحظة وكفاءة في الامور الادارية.

ب ـ لرئيس محكمة الاستئناف ان ينابه احد نوابه لتفتيش المنطقة.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە وەکو خۆی وەربگیرێت؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

مادة(٥٣) :ـ

اولاً :ـ على هيئات التمييزية وهيئات محاكم الأستئناف ومحاكم الجنايات ان تنظم تقارير فصلية تبين فيها الاحكام والقرارات التي ارتكب فيها الحاكم خطئاً ناجماً نتيجة جهله بالمبادئ القانونية الاولية او اغفاء الوقائع التي تظهر لها عند تدقيقها وحجزها في الاضبارة الشخصية للحاكم لاخذها بنظر الاعتبار عند النظر في تفتيشه .

ثانيا :ـ تنسيق وزارة العدل ومجلس القضاء ومحكمة التميز ومحاكم الاستئناف ومحاكم الجنايات والسجلات لهذة الاخطاء وفقا لتعليمات وزير العدل.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

کێ لەســەر ئەم مــادەیە تێـبـینی هەیە؟.. کێ لەگـەڵ ئەوەدایە کـە ئەم مــادەیە وەکــو خـۆی وەربگیرێت؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆری دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

مادة(٥٤) :ـ

اولا : لوزيرالعدل ان ينبه الحاكم من اخطاء القانونية والادارية التي تظهر من نتيجة التفتيش على عمله وما يحاول مخالفا لواجبات ومقتضيات.

ثانيا : رئيس محكمة التميز والاستئناف ان ينبه حاكم من القانون اثناء التحقيقات التميزية.

ثالثا : لرئيس محكمة التميز الاستئناف ان ينبه الحاكم في منطقة الى ما يقع منه مخالفا لواجبات وظيفته.

رابعا : يكون التنبيه بكتاب موجهه الى الحاكم وبنسخة الى وزارة العدل ومجلس القضاء وتحفظ الاخرى في اضبارته الشخصية.

**بەڕێز جـــێگری ســـەرۆکی ئەنجـــوومـــەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

المادة(٥٥) :ـ

تصدر لجنة شؤون الحكام المشكلة بموجب هذا القانون في الدعاوي الانضباطية المقامة على الحاكم احدى العقوبات الانضباطية الاتية:

اولا : الانذار ـ ويترتب عليه تاخير علاوة الحاكم وترفيعه لمدة ستة اشهر.

ثانيا : تأخير الترفيع او العلاوة او كليهما مدة لا تقل عن سنة ولا تزيد على ثلاث السنوات من تاريخ القرار اذا كان قد اكمل المدة القانونية للترفيع والا من تاريخ اكمالها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

المادة(٥٦) :ـ

اولاًـ لمجلس القضاء انهاء خدمة الحاكم بناءً على قرار من وزير العدل باحالته على لجنة شؤون الحكام على ان يتضمن القرار بيانا للواقعة المسندة اليه والادلة المؤيدة لها ويبلغ هذا القرار لكل من الحاكم والادعاء العام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە..کێ دژە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز ایاد حاجی نامق مجید:**

المادة (٥٧).

اولاً: تقام الدعاوي على الحاكم بناءاً على القرار من وزير العدل باحالته على لجنة شؤون الحكام على ان يتضمن قراراً للواقعة المستندة اليه والادلة المؤيدة لها وتبلغ هذا القرار ويكون من الحاكم والمدعي العام.

ثانياً: آ ـ تحدد لجنة الشؤون الحكام موعداً للنظر في الدعوى تبلغ به وزير العدل ورئاسة الادعاء العام والمحاكم.

ب ـ تكون المحكمة سرية وفقاً ويفهم القرار علنياً.

جـ ـ تجرى المحاكمة بحضور ممثل وزير العدل ورئيس ادعاء العام او من مدعي العاميين وعلى الحاكم الحلول النفسي وله ان يحذر من مقامه .

د ـ للجنة ان تجرى بنفسها ما تراه مناسباً من تحقيقات.

هـ ـ تلزم لجنة بدعاوى و بعد اكمال تحقيق وسماع الاقوال من وزيرالعدل والمدعي العام والدفاع الحاكم وتبليغ القرار الى وزير العدل ورئيس الادعاء العام والحاكم.

و ـ تتبع لجنة في اجراءاتها القوانين المنصوص عليها ومن احوال المحاكمات الجزئية.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم مادەدایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

المادة(٥٨) :ـ

اولاً: اذا وجدت لجنة شؤون الحكام اثناء نظر الدعوى عن الفعل المنسوب الى الحاكم يكون

جنايةً اوجنحة فتقرر احالتها على محكمة المختصة و ترسل اليها الاوراق كافة بعد ان يسحب الوزير يد الحاكم وفقاً لما هو مقرر في قانون انضباط موظفي الدولة.

ثانياً: اذا قررت المحكمة المختصة براءة الحاكم او الافراج عنه أو اصدرت اي قرار تنتهي به الدعوى الجزائية فعلى اللجنة الاستمرار في نظر الدعوى الانضباطية وفقاً لاحكام هذا القانون.

ثالثاً: اذا قررت المحكمة ادانة الحاكم فعلى اللجنة ان تفرض عليه عقوبة انضباطية تتناسب مع الفعل المسند اليه وفقاً لاحكام المادة(٥٥)من هذا القانون.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە؟.. کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟.. کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة(٥٩):-

لوزير العدل ورئيس الادعاء العام والحاكم حق الطعن لدى الهيئة الموسعة في محكمة التميز لقرار لجنة الشؤون الحكام الصادر وفق الاحكام هذا القانون خلال ثلاثين يوماً من تاريخ التبليغ به وللهيئة الموسعة اذا اقتضى الحال أن ترعو ممثل وزير العدل و ممثل رئيس الادعاء العام والحاكم لاستماع الاقوال لهم فيها وقرارها وتصديق القرار او تعديله يكون قرار في هذا الشأن نهائياً.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم مادەدایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟. کەواتە بەزۆرینە دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

الباب الرابع :«احكام متفرقة »المادة(٦٠):

اولاً: اذا انحاز رئيس المحكمة ورئيس الهيئات للشؤون الوظيفية أو قام لديه مانع يحول دون مباشرة العمل فيقوم بممارسة عمله الاقدم من نواب اوالاعضاء.

ثانياً: ا ذا وجد اكثر من الحاكم في محكمة واحدة يكون اقدمهم مسؤولاً عن الادارة وتوزيع العمل بينهم ولوزير العدل تعين غيره.

ئێمە سەبارەت بە برگەی دوو رای لیژنەی یاسای ئەوەیە ئەو دەستەواژەی(ولوزير العدل تعين غير) لابرێت، چونکە ئەوەی (اقدمه) هەر (اقدم) ئەمێنێتەوە و بەپێی (قدمی وظیفی) خۆی.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە ئەوە بمێنێ، چونکە زۆر جار وا رێک دەکەوێت کە ئەقدەمیی شایستەی ئەوەیە ئەو ئەرکە

ببینێ، وەزیری داد ئەوکاتە دیاری دەکات کام دادوەر باشە بۆ ئەو کێشەیەی، یا ئەو وەزیفەیەی، یا ئەو دادگایەی ببینێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە ؟ کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

مادة (٦١)لايجوز توقيف الحاكم او اتخاذ اجراءات جزائية ضده في غير حالة ارتكابه جناية مشهودة الا بعد استحصال اذن من وزير العدل.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة(٦٢):ـ

١ ـ يصدر مرسوم اقليمي بناءً على ترشيح من وزير العدل والاقتراح من مجلس القضاء وباعادة الحكام محالين على تقاعد قبل صدوره هذا القانون يعقد الى عضوية محكمة التميز ممن يتوفر فيهم الشروط المنصوصة عليها في البند ثلاثة من المادة(٣٦)من هذا القانون بعد استحصال بموافقة تحريرية.

٢ ـ تكون مدة خدمة المعاون القضائي بموجب الفقرة الواحدة من هذه المادة ثلاث سنوات ولوزير العدل اقتراح انهاء خدماته قبل ذلك.

٣ ـ يمنح المعاونون بموجب الفقرة الواحدة من هذه المادة مخصصات شهرية مقطوعة قدرها(١٥٠٠) دينار.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ دیاری بکەین با هەمووی بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵێک هەیە کە سکرتێری ئەنجومەن پرسیار دەکات، ئەنجا با ئەو (١٥٠٠)ە بخرێتە سەر ئەو دەرماڵەیەی کە هەیەتی وهۆی ئەو زیادە کردنە چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف رەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە ئەو خانەنشینیە وەردەگرن ئەو (١٥٠٠) کە دەیدرێتێ مانگانە ئەو خانەنشینی وەرناگرێت هەر ئەو (١٥٠٠)ە وەردەگرێت. دادوەری پێداچوونەوە ئێستا نزیکەی(٣٠٠٠) دینار وەردەگرێت،

ئەو(١٥٠٠) لەگەڵ خانەنشینیەکەیە نابێت تەنها بێت، خانەنشینیش وەردەگرێت و ئەوەش وەردەگرێت بەپێی (عقد مقطوع) دەیدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من باسی(١٥٠٠) دینار و ئەو شتانە ناکەم باسی ناکۆکیەکی یاسایی دەکەم، کە چەند جارێک ئاماژەم پێدا لیژنەی یاساش زۆر لەسەری ڕۆیشتن وا تێدەگەم هەر بەسەر هەڵەکەدا ڕۆیشتین لیژنە دەڵێت: (یصدر مرسوم جمهوري) اقليمي بناءً... ئەوەی مادە(٣٦) ئەیگێڕێتەوە بۆ(٣)کە دەڵێت: لە حکامی پلە یەکەم بێت یاخود(٢٠) ساڵ خزمەتی دادوەری هەبێت کە پارێزەر ئەگرێتەوە، واتە مەرج نییە لێرە کە پارێزەر بێت لە کاتێکدا کە دێینەوە سەر مادەی (٤٠) باسی دامەزرانی دادوەری دادگای پێداچوونەوە دەکات و دەڵێت : (يعين حاكم في محكمة تميز بناءعلى اقتراح محكمة التميز بين حكام صنف الاول من الوظائف التالية).. واتا(٢٠)ساڵ خزمەتە دادوەرەیەکەی تیا ناما، من چەند جارێک قسەم لەسەر ئەم کرد، ناکۆکیە ئینجا حەز دەکەم بزانم جەنابی وەزیری داد ئەم کێشەیەی چۆن لادەبات کە ئەوە بە ئاشکرا دیارە لە وئاماژەی پێ داوە لە بڕگە(٣)دا و(٢٠) ساڵ خزمەتی دادوەری لێ قبوڵ نەکرێت بە دادگای پێداچوونەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەعروف ڕەئووف خضر/ وەزیری داد:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەوە ناکۆکی نابینم، ئێمە ئێستا باسی ئەوە دەکەین:(يمنح المعاونون بموجب [illegible]» وبموجب المخصصات الشهرية المقطوعة قدرها«١٥٠٠» ديناراً بالاضافة الى راتب التقاعدي)، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ڕوخسەت هەبێت ڕوون کردنەوەیەک پێشکەش بکەم سەبارەت ئەو کتابەی دادوەری پێداچوونەوە دەستەی پێداچوونەوەی نوێ کە کاک حسێن ئاماژەی دەداتێ، ئەگەر بەڕێزی تەماشای بکات دەڵێت: (من قانون السلطة القضائية)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ لەگەڵ مادە(٦٢)دایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە ؟ کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة(٦٣):ــ

تعين اوقات الدوام في المحاكم بقرار من مجلس القضاء حسب المواسم ان لاتزيد مدة الدوام عن (٥)ساعات يومياً ويجوز تعين اوقات دوام خاصة شهر رمضان ان لاتقل عن (٤) ساعات.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە مادە(٦٣)وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە ؟ کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المادة(٦٤):ـ

«لوزير العدل اصدار تعليمات لتسهيل تعليمات تنفيذ احكام هذا القانون».

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ مادە(٦٤)دایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ .. دەست بەرزکرایەوە.. کێ لە دژە؟ کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە مادەی(٦٥)ی پرۆژەکەمان کردووەتە مادەی(٦٧)، بۆ (٦٥ ـ ٦٦)یش برگەیەکمان هەیە، ئەگەر پەسەند کرا، مادە«٦٥» (لايعمل باي نص يتعارض باحكام هذا القانون)،

مادة(٦٦):ـ على الوزراء المختصين تنفيذ الاحكام هذا القانون.

مادة(٦٧):ـ ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية) لە رووی شێوەوە.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم مادانە وەکو خۆیان بمێننەوە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟. کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

الاسباب الموجبة: «بعد استحداث وزارة العدل في الاقليم وترشيع قانونها كان لابد من اصدار تشريع خاص بالسلطة القضائية تتضمن تشكيلات المحاكم وهيئاتها وبناء جهاز قضائي متطور قادر على تحمل اعبائه واداء دوره في تنظيم القوانين وتحقيق العدالة مستلهمة روح العدالة وسيادة القانون والاستقلال القضاء و لهذه الاسباب فقد شرع هذا القانون..

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو ئەسبابە موجبەدایە؟..دەست بەرزکرایەوە.. کێ دژە؟ کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

المذكرة التفسيرية للقانون «تناول القانون في اربعة ابواب من السلطة القضائية في الاقليم حيث نص في الباب الاول على الاحكام العامة وتضمن الباب الثاني تشكيلات قضائية وتم استحداث مجلس القضاء و محكمة التميز في الاقليم وتطرق الباب الثالث الى الخدمة القضائية والى القواعد الجديدة لاستقالة الحكام وضم قوانين وردت في احكام متفرقة لقد وقف اللجنة المكلفة باعداد مشروع لقانون عن مسألة مجلس القضاء اذا كان المجلس امام اعتبار أولاً

الحفاظ على استقلال القضاء وضمان امور باعضاء دون اي تدخل في السلطة التنفيذية ومايعزز في الاقليم في حالة بنظر اعتبار ومستلزم باعتبار المركزية باعداد بناء الجهاز القضائي في هذه المرحلة لذلك لقد نهجت اللجنة الخاصة الاناطة برئاسة المجلس المذكور بوزير العدل. ان كان حاكماً لاتستثنى من تميز من سلطة تنفيذية كانوا ... على سلطة القضاء وفي مجمل الاحوال من اعضاء المجلس هم من الحكام ...القرارات باكثرية راجحة تكون دائماً الى جانب القضاء وفي ضمانات كافيه الاحتواء ومن مبدأ استقلال القضاء وعلى اية الحال لقد امرت رئاسة مجلس الوزراء لرئيس محكمة التميز اذا لم يكن وزير العدل حاكما.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو (مذكرة تفسيري) یەکە هاتووە بەپێی پرۆژەی وەزارەت پاش ئەوەی کە دەنگی لەسەردرا ناکۆکیەک دروست دەکات، ئەویش ئەوەیە رای ئەو لیژنەی کە دانرا بوو بۆ ئەو پرۆژەیە ئێستاکە لە جیاوازی لیژنەی کە دەنگی لەسەر درا (مجلسی قضاء) بکرێت بە(رئیسی محکمەی تمیز) هەرچەندە ئەگەر بەڕێز وەزیری دادیش حاکم بێت نادرێتە وەزیری داد جا دەمێنێتەوە رای سەرۆکایەتی سەبارەت ئەو (مذكرة تفسيري) یە.

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەو (تفسیر)ە لابرێت، لە بەر ئەو جیاوازیەی کە لێی دەرکەوتەوە؟.. دەست بەرزکرایەوە.. کێ لەدژە؟ کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

تەنها پرسیارێک هەیە، پاش ئەوەی ئەم یاسایە دەنگدانی لەسەر ئەکەین، ئایا پێویستی نییە یاساکە لەپاشان دەنگی لە سەر بدرێت، پیرەوی ناوخۆ ئەڵێت دەنگ بە دەنگ تاتەواو ئەبێت!.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەلای ئێمەوە پێویستە دەنگ لەسەر هەموو مادەکان بدرێت، یان مادەیەک کەم بێت ئەوەی هاتووە دەبێت مادەیەکی تری لەگەڵ دابنرێت کە دەنگمان دا لەسەری زیاد و کەمی لەسەر نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەو یاسایە وەکو ئەوەی کە خوێندارییەوە یاسای( سلطەی قضائی) بەگشتی وەربگیرێت .. کێ لەدژە؟ .. کەواتە بەزۆرینەی دەنگ یاسایی(السلطه القضائیه)پەسەند کرا.

سوپاستان دەکەین بەم جۆرە کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دەهێنین، سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# یاسای دەسەڵاتی دادوەری (السلطة القضائية)

## دەروازەی یەکەم
## چەند حوکمێکی گشتی

**ماددەی یەکەم:**

دادگا سەربەخۆیەو جگە لەیاسا هیچ سەروەرێکی تری نی یەو نابێ هیچ دەسەلاتێک یا کەسێک دەست لەسەربەخۆیی دادوەری وکاروباری دادگەری( العدالە ) وەربدا.

**ماددەی دووەم:**

حوکم بەناوی گەلەوە دەردەچێ وجێبەجێ دەکرێ.

**ماددەی سێ یەم:**

ویلایەتی دادگا گشت کەسانی سروشتی ومەعنەوی ولەگەڵیاندا حکومەتیش دەگرێتەوە وحوکمدان لەگشت دژکاری«منازعە» وتاوانێکدا کاری تایبەتیی ئەوە.

**ماددەی چوارەم:**

دادگا بۆی نییە هیچ کام لەو باسانە ببینێ کەبەکاروکرداری سەروەری «السیادە» دادەنرێت.

**ماددەی پێنجەم:**

زمان لەدادگاکاندا کوردی دەبێ، بەڵام دادگا بۆی هەیە بەهۆی وەرگێڕەوە دوای سوێنددانی گوێ لەقسەی دژکاران «الخصوم» وشایەتەکان بگرێ.

**ماددەی شەشەم:**

دانیشتنەکانی دادگاکان بەئاشکرایی دەبێ تەنیا لەو حاڵەتانەدا نەبێ کە دادگا خۆی بەهۆی لەبەرچاوگرتنی داب و نەریت وپاراستنی ریژێمی گشتی یەوە بریار دەدا نهێنی بێ بەڵام لەگشت حاڵەتێکدا راگەیاندنی حوکم هەر دەبێ لەدانیشتنێکی ئاشکرادا بێ.

**ماددەی حەوتەم:**

١- دادگاکان لەکاتی پشوویاندا کێشەکانی شارستانی وباری کەسایەتی(القضایا المدنیة والاحوال الشخصیة) نابینن ئەگەر بەپەلە نەبن و دادبینی(المرافعة) تیایاندا لە ڕۆژی یەکەمی مانگی تەمووزەوە هەتا ڕۆژی یەکەمی مانگی ئەیلوولی هەر ساڵێک رادەگیرێ وکێشە بەپەلەکان بۆ ئەم مەبەستە بە بەیاننامەیەک کە وەزیری دادوەری دەری دەکا دیاری دەکرێن.

٢- وەزیری داد بۆی هەیە ئەو پشووە بۆ ماوەیەک کە لە(٣٠) ڕۆژ زیاتر نەبێ لەکاتی پێویستی یەکی زۆردا کەم بکاتەوە.

## دەروازەی دووەم
## دام ودەزگاکانی دادوەری

### بەشی یەکەم
### جۆرەکانی دادگا

**ماددەی هەشتەم:**

دادگا شارستانی یەکان(المدینه) پێکدێن لە:

١- دادگای پێداچوونەوە(التمییز).

٢- دادگای تێ هەڵچوونەوە(الاستئناف).

٣- دادگای سەرەتایی (البداءه).

٤- دادگای باری کەسایەتی (الاحوال الشخصیه).

٥- دادگای تاوان (الجنایات).

٦- دادگای کەتن (الجنح).

٧- دادگای هەرزەکاران (الاحداث).

٨- دادگای کار (العمل).

٩-دادگای لێکۆڵینەوە (التحقیق).

## بەشی دووەم
## تایبەتکارییەکانی دادگاکان (اختصاصات المحاکم)
## لقی یەکەم: دادگای پێداچوونەوە (محکمه التمییز)

**ماددەی نۆیەم:**

دادگای پێداچوونەوە ئەو دەستە دادوەرییە بالآیەیە کەسەرپەرشتیی دادوەری گشت دادگاکان دەکاو ئەگەر دەقێکی پێچەوانە لە یاسادا نەبێ و لەسەرۆکێک و سێ جێگری سەرۆک وچەند دادوەرێک پێکدێ کە ژمارەیان لە حەوت کەمتر نەبێ وبارەگاکەی لە هەولێر دەبێ.

**ماددەی دەیەم:**

یەکەم: دەستەکانی دادگای پێداچوونەوە بەم جۆرە دەبن:

أ- دەستەی گشتی: بەسەرۆکایەتیی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە یا پێشیترین جێگرانی ئەگەر ئامادە نەبوو یا ئەگەر هۆیەکی یاسایی ڕێگەی بەشداریکردنی لێ گرت و بە ئەندامێتیی جێگرەکانی تری وهەموو دادوەرە کارگەرەکانی دادگا کۆدەبێتەوەو بەتایبەتی ئەم بابەتانە دەبینێ:

١- ئەوەی لە یەکێک لە دەستەکانەوە بۆی دەنێردرێ سەبارەت بە دەستبەردانی لە بنەمایەک کە حوکمێکی پێشوو بڕیاری لەسەردابێ.

٢- ئەو داوایانەی (الدعاوی) کە حوکمی مردنیان تێدا دەرچووە.

٣- ساغ کردنەوەی ئەو دژکارییەی لە حوکم وبڕیارەکانی دادگای پێداچوونەوە خۆیدا ڕوودەدا.

ب- دەستەی فراوان: بەسەرۆکایەتیی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە یا پێشیترین جێگرانی ئەگەر ئامادە نەبوو یا ئەگەر هۆیەکی یاسایی ڕێگەی بەشداریکردنی لێگرتوو بە ئەندامێتی بە لایەنی کەمەوە شەش لە دادوەرەکانی کۆدەبێتەوە وبەتایبەتی ئەم بابەتانە دەبینێ:

١- ئەو دژکاری یەی لەجێبەجێ کردنی دوو حوکمی پێچەوانەی یەکترو لەیەک باسدا دەرچووبن وبەپلەی کۆتایی (الدرجه القطعیه) گەیشتبن ڕوودەدا ئەگەر لەنێوان دژکاران خۆیاندا بوو یا یەکێکیان لەیەکێ لەدوو حوکمەکەدا لایەن بوو کە دەبێ دەستەیەکی لەدوو حوکمەکە زاڵ بکاو بڕیاری جێبەجێ کردنی بدا. سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەش بۆی هەیە تاکاتی دەرچوونی بڕیاری پێداچوونەوە جێبەجێ کردنی هەردوو حوکمەکە ڕابگرێ.

٢- ئەو دژکارییەی سەبارەت بەتایبەتکاری «اختصاص»ی بینینی داوایەک (الدعوی) لەنێوان دوو دادگادا روودەدا.
٣- ئەو حوکم وبڕیارانەی سەرۆک بۆیانی رەوانە دەکا وبەپێی ئەو یاسایەی حوکم وبڕیارەکانی پێ دەرچوون لە چوارچێوەی تایبەتکاری دادگاران.

ج- دەستەی شارستانی (الهیئة المدنیة): تایبەتە بەبینینی ئەو حوکم وبڕیارانەی سەبارەت بەداوای شارستانی وبابەتە جۆراوجۆرەکانی ترەوە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە دادگا ولیژنەکانەوە دەردەچن.

د- دەستەی باری کەسایەتی (الاحوال الشخصیة): تایبەتە بەبینینی ئەو حوکم وبڕیارانەی بەپێی یاسا لە دادگاکانی باری کەسایەتی و بابەتی کەسایەتی (المواد الشخصیة)یەوە دەردەچن.

هـ- دەستەی سزایی (الهیئة الجزائیة): تایبەتە بەبینینی ئەو حوکم وبڕیارانەی بەپێ ی یاسا سەبارەت بەداوا سزایی یەکان دەردەچن.

و- دەستەی کشتوکاڵ: تایبەتە بەبینینی ئەو حوکم وبڕیارانەی لە لیژنەکانی زەوی ودەست بەسەرداگرتنەوە دەردەچن.

دووەم: دەستەی شارستانی ودەستەی باری کەسایەتی ودەستەی سزایی ودەستەی کشتوکاڵ بەسەرۆکایەتیی جێگری سەرۆک یا ئەوەی دەستەی سەرۆکایەتی دیاریی دەکاو بەئەندامەتیی بەلایەنی کەمەوە دوو لەدادوەرانی دادگا کۆدەبێتەوە:

سێ یەم: دەستەی شارستانی کاتێ ئەو حوکمانە دەبینێ کە لەلایەن دادگای تێ هەڵچوونەوەوە (الاستئناف)دەرکراون، بەسەرۆکایەتیی جێگری سەرۆک وئەندامەتیی بەلایەنی کەمەوە چوار لە دادوەرانی دادگا کۆدەبێتەوە. هەروەهاش سەبارەت بەدەستەی سزایی کاتێ کەبەسیفەتی ئەسڵی حوکم وبڕیارەکانی دادگاکانی تاوان (محاکم الجنایات) دەبینێ.

چوارەم:
أ- دەشێ بە بڕیاری دەستەی سەرۆکایەتی دەستەی تر پێک بهێنرێ.
ب- دەستەی سەرۆکایەتی لەسەرۆکی دادگای پێداچوونەوە وجێگرەکانی پێکدێ ولەحاڵەتی ئامادەنەبوونی هەر یەکێکیاندا پێشینترین دادوەری دادگا جێگەی دەگرێتەوە.

**ماددەی یازدەیەم:**
یەکەم: سەرۆکەکانی دەستەکان بە بڕیاری دەستەی سەرۆکایەتی لەسەرەتای هەر

ساڵێکدا دیاری دەکرێن ولەحاڵەتی ئامادەنەبوونی هەریەکێکیاندا پێشینترین دادوەری دادگا جێگەی دەگرێتەوە.

دووەم: دەستەکان ولەگەڵیاندا دەستەی فراوانیش بەبڕیاری دەستەی سەرۆکایەتی لەسەرەتای هەرساڵێک دا پێکدەهێنرێت هیچ ئەندامێکی دەستە ناگۆڕدرێ تەنیا لەحاڵەتی پێویستدا نەبێ وئەویش بەهەمان شێوە دەکرێ.

**ماددەی دوازدەیەم:**

یەکەم: دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە ئەمانەن:

١- بەڕێوەبردنی دادگا.

٢- سەرۆکایەتی کردنی دەستەی سەرۆکایەتی.

٣- سەرۆکایەتی کردنی دەستەی گشتی ودەستەی فراوان یا هەریەکێ لە دەستەکانی دادگای پێداچوونەوە.

٤- پشکنینی کاروباری دادگای پێداچوونەوە.

٥- ناردنی ئەو تانووتانەی پێشکەش بەدادگا دەکرێن بۆ وەرگرتنی ڕەسم وئەمانەت وتۆمارکردنیان.

٦- مۆڵەتدان بەدادوەرانی دادگا وموووچە خۆران وکرێکارانی.

٧- نووسینی ڕاپۆرتی ساڵانە لەبارەی مووچەخۆرانەوە.

٨- ئیمزاکردنی نووسراوە ڕەسمی یەکان بۆ وەزارەتەکان.

دووەم: دەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە ئەمانەن:

١- بەجێهێنانی کارەکانی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە لەکاتی ئامادەنەبوونیدا.

٢- سەرۆکایەتی کردنی یەکێک لەدەستەکانی دادگای پێداچوونەوە.

٣- بەشداریکردن لەدەستەی سەرۆکایەتیدا.

٤- ئیمزاکردنی ئەو نووسراوانەی داوا کۆتایی پێ هێنراوەکانی لەگەڵ بڕیارەکانی دادگای پێداچوونەوەدا پێ دەنێردرێنەوە.

٥- هەر دەسەڵاتێک کە سەرۆک دەیداتێ.

## لقی دووەم
## دادگاکانی تێ هەڵچوونەوە (الاستئناف)

**ماددەی سیازدەیەم:**

یەکەم: دادگای تێ هەڵچوونەوە دەستەیەکی دادوەریی باڵایە بۆ دادگاکانی یەک

پارێزگا یا زیاتر ولەسەرۆک وژمارەیەکی پێویست لەجێگری سەرۆک ودادوەر پێکدێ وئەو تایبەتکاری یانە بەجێ دێنێ کە بەپێی یاسا بۆی دیاری دەکرێن.
دووەم: پێکهێنانی دادگاکانی تێ هەڵچوونەوە بەم جۆرە دەبێ:
١- دادگای تێ هەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر کە دادگاکانی هەردوو پارێزگای هەولێر ودهۆک دەگرێتەوە ومەڵبەندەکەی لەشاری هەولێر دەبێ.
٢- دادگای تێ هەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکووک کە دادگاکانی هەردوو پارێزگای کەرکووک وسلێمانی دەگرێتەوە ومەڵبەندەکەی لەشاری کەرکووک دەبێ.
سێ یەم: دەشێ لەسەر پێشنیازی وەزیر وبڕیار لەسەردانی ئەنجوومەنی دادوەری (مجلس القضاء) پەیوەندی دادگایەک یا زیاتر لە دادگایەکی تێ هەڵچوونەوە دابڕ بکرێ وبەیەکێکی تریانەوە ببەسترێتەوە.

**ماددەی چواردەیەم:**

یەکەم: دادگای تێ هەڵچوونەوە ودەستەکانی بەسەرۆکایەتیی سەرۆکەکەی یا یەکێ لەجێگرانی وئەندامێتیی دوو لەجێگرانی یا یەکێکیان و دادوەرەکانی دادگای تێ هەڵچوونەوە یا ئەندامێتیی دوو دادوەر لە دادوەرانی دەبەسترێ.
دووەم: سەرۆک وئەندامانی دادگای تێ هەڵچوونەوە ودەستەکانی بە بەیاننامەیەک دیاری دەکرێن کە وەزیری داد لەسەر پێشنیازی ئەنجوومەنی دادوەری دەری دەکا ونابێ سەرۆک یا ئەندام بگۆڕدرێن ئەگەر پێویستی یەکی زۆر نەیخوازێ.

**ماددەی پازدەیەم:**

سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوە سەرپەرشتیی دادگاکان وکارەکانیان وبەڕێوەبەرێتی یەکان جێبەجێ کاری(تنفیذ) و فەرمانگەکانی دادنووس(الكاتب العدل) وبەڕێوەبەرێتی یەکانی نەکاملان (قاصرين) لەناوچەکەدا ودابەشکردنی کار لەنێوان دادوەرەکانیدا دەکاو بۆیشی هەیە هێندەی بەباشی دەزانێ لەم دەسەڵاتانەی بدا بەیەکێ لەجێگرەکانی.

**ماددەی شازدەیەم:**

یەکەم: لەهەر ناوچەیەکی تێ هەڵچوونەوەدا ئەنجوومەنێک بەناوی (ئەنجوومەنی ناوچەی تێ هەڵچوونەوە)لەسەرۆکی دادگاو ئەندامێتیی جێگرەکانی دادوەرانی دادگای تێ هەڵچوونەوە پێکدێ.
دووەم: ئەنجوومەن بەلایەنی کەمەوە مانگی جارێک کۆدەبێتەوە سەرۆکیش بۆی هەیە

لەکاتی پێویستیدا داوای کۆبوونەوەی بکاو بەبێ ئامادەبوونی بەلایەنی کەمەوە سێ لەچوار بەشی ژمارەی ئەندامانیشی کۆبوونەوەی ساز نابێ.

سێ یەم: ئەنجوومەن ئەم تایبەتکاری یانە بەجێ دێنێ:

١- لێکۆڵینەوەی ئەو کۆسپ وگیروگرفتانەی دادگاکان تووشیان دەبن.

٢- باسکردنی پێویستی یەکانی دادگاکان وخشتەی کارگەرانیان(الملاک) لەبەر ڕۆشنایی ی پێویستیی ساڵانەیان.

٣- پێشکەش کردنی پێشنیاز لەبارەی دامەزراندنی دادگای نوێوە.

٤- چاککردنی شێوازی کارکردن وبەرزکردنەوەی رادەی بەجێهێنانی لەدادگاکاندا.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

یەکەم: دەسەڵاتەکانی دادگای تێ هەڵچوونەوە ئەمانەن:

١- سەرپەرشتی کردنی کاروباری بەڕێوەبردن ودابەشکردنی کار لە سنووری ناوچەکەدا.

٢- سەرۆکایەتی کردنی ناوچەی تێ هەڵچوونەوە.

٣- سەرۆکایەتی کردنی دادگای تێ هەڵچوونەوە بەسیفەتی پێداچوونەوە وبۆیشی هەیە سەرۆکایەتیی دادگای تێ هەڵچوونەوە بەسیفەتی تێ هەڵچوونەوە ودادگای تاوان بکا.

٤- ناردنی ئەو تانووتانەی بەسیفەتی تێ هەڵچوونەوە وپێداچوونەوە پێشکەش بەدادگای تێ هەڵچوونەوە دەکرێن بۆ وەرگرتنی رەسم.

٥- نووسینی راپۆرتی ساڵانە لەبارەی دادوەر وقازی ومووچەخۆرانەوە.

٦- ئیمزاکردنی نووسراوە رەسمی یەکان.

٧- موڵەتدان بە دادوەرانی دادگا وفەرمانبەرو کرێکارانی.

دووەم: دەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوە ئەمانەن:

١- بەجێهێنانی کارەکانی سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوە لەکاتی ئامادەنەبوونیدا.

٢- سەرۆکایەتی کردنی یەکێک لەدەستەکانی دادگای تێ هەڵچوونەوە یا دادگای تاوان.

٣- ئیمزا کردنی ئەو نووسراوانەی فایلی داوا کۆتایی پێ هێنراوەکانی لەگەڵ بڕیارەکانی دادگای تێ هەڵچوونەوەدا پێ دەنێردرێ بۆ دادگای پەیوەندیدار.

٤- چاودێری کردنی دەوامی دادوەرو فەرمانبەرو کرێکارەکان.

## لقی سێ یەم
## دادگای سەرەتایی(البداءة)

**ماددەی هەژدەیەم:**

لەمەڵبەندی هەر پارێزگاو قەزایەکدا دادگایەکی سەرەتایی یا زیاتر پێک دەهێنرێ ودەشگونجێ لەناحی یەکاندا بەبەیاننامەیەک کەوەزیری داد دەری دەکا پێک بهێنرێ وبۆیشی هەیە تایبەتکاریی شوێنەکی (الاختصاص المكاني) بۆ دادگاکە بۆ زیاتر لەقەزا وناحیەیەک فراوان بکا.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

وەزیری داد بۆی هەیە لەسەر پێشنیازی سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوە دادگایەکی سەرەتایی بۆ بینینی جۆرێک یا زیاتری داوایەک پێک بهێنێ.

**ماددەی بیستەم:**

دادگای سەرەتایی بەیەک دادوەر کۆدەبێتەوە تایبەتە بەبینینی ئەو داواو کاروبارانەی کە بەپێی حوکمی یاسا بۆی دیاری دەکرێت.

## لقی چوارەم
## دادگای کەسایەتی(الاحوال الشخصية)

**ماددەی بیست ویەکەم:**

دادگایەکی باری کەسایەتی یا زیاتر لەهەر شوێنێکدا پێک دەهێنرێ کە دادگای سەرەتایی تێدابێ.

**ماددەی بیست ودووەم:**

وەزیری داد بۆی هەیە لەسەرپێشنیازی سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوە دادگای باری کەسایەتی بۆ بینینی جۆرێک یا زیاتری داوا پێک بهێنێ.

**ماددەی بیست وسێ یەم:**

یەکەم: دادگای باری کەسایەتی بەیەک دادوەر کۆدەبێتەوە کەبە قازیی ناوی دەبرێ ودادگاکە بەپێ ی یاسا باس وخوازەکانی باری کەسایەتی دەبینێ.

دووەم: دادوەری موسڵمانی دادگای سەرەتایی بەقازیی دادگای باری کەسایەتی دادەنرێ ئەگەر قازیی یەکی تایبەتیی خۆی نەبوو.

## لقی پێنجەم
## دادگای تاوان(الجنايات)

**ماددەی بیست وچوارەم:**

یەکەم: لەمەڵبەندی هەر پارێزگایەکدا دادگایەکی تاوان پێکدەهێنرێ وئەو داوا سزاییانە دەبینێ کە بەپێی حوکمی یاسا بۆی دیاری کراون.

دووەم: دەشێ زیاتر لەیەک دادگای تاوان لەپارێزگایەکدا پێک بهێنرێ کە بە بەیاننامەیەکی وەزیری داد رادەگەیەنرێ وتیادا تایبەتکاریی جۆرەکی وشوێنەکی(النوعي والمكاني) ومەڵبەندی کۆبوونەوەی دیاری دەکرێن.

سێ یەم: دەشێ دادگای تاوان لەسەرپێشنیازی سەرۆکی دادگای تاوان وبەیاننامەیەک کەسەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوە دەریدەکا لەدەرەوەی مەڵبەندی پارێزگادا کۆببێتەوە.

**ماددەی بیست وپێنجەم:**

یەکەم: دادگای تاوانی مەڵبەندی دادگای تێ هەڵچوونەوە بەسێ دادوەر کۆدەبێتەوە وبەسەرۆکایەتیی سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوە یا یەکێک لەجێگرەکانی وئەندامێتیی دووی تر لەجێگرەکانی یا یەکێکیان ودادوەرێک یا ئەندامێتیی دوو دادوەر کە دەبێ پۆلی هەریەکەیان لە پۆلی دووەم کەمتر نەبێ.

دووەم: دادگای تاوان لە پارێزگاکانی تردا بەسەرۆکایەتیی جێگری سەرۆک لەمەڵبەندی پارێزگادا ودوو دادوەر کە پۆلەکەیان لەپۆلی دووەم کەمتر نەبێ کۆدەبێتەوە.

سێ یەم: ناوی سەرۆک وئەندامە ئەسڵی وئیحتیاتەکانی دادگای تاوان بە بەیاننامەیەک رادەگەیەنرێ کەوەزیری داد لەسەر پێشنیاری سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوە دەری دەکا.

## لقی شەشەم
## دادگای کەتن(الجنح)

**ماددەی بیست وشەشەم:**

یەکەم: دادگایەکی کەتن یا زیاتر لەهەر شوێنێکدا پێکدەهێنرێ کە دادگای سەرەتایی تێدا بێ وئەو داوایانە دەبینێ کەبەپێ ی یاسا بۆی دیاری دەکرێن.

دووەم: دادگای کەتن بەیەک دادوەر کۆدەبێتەوە.

سێ یەم: دادوەری دادگای سەرەتایی بەدادوەری دادگای کەتن دادەنرێ ئەگەر دادوەری

تایبەتیی خۆی نەبوو.

مـاددەی بیـست وحـەوتەم: وەزیری داد بۆی هەیە لەسـەر پێـشنیـاری دادگـای تێ هەڵچوونەوە دادگای کەتن بۆ بینینی جۆرێک یازیاتر لەداوا پێک بهێنێ.

## لقی حەوتەم
## دادگای هەرزەکاران (الاحداث)

**ماددەی بیست وهەشتەم:**

یەکـەم: دادگـای هەرزەکـاران بەدەسـتـەیەک کۆدەبێـتـەوە کـەبە سـەرۆکـایەتی دادوەری دادگای هەرزەکـاران وئەندامەتیی دوو ناوبژێکار (محکم) دەبێ بەپێ ی یاسای هەرزەکاران داوای تاوان دەبینێ وحوکمی تێدا دەدا.

دووەم: ناوی سـەرۆکی دەسـتـە وناوبژێکارە ئەسـڵی وئیـحـتـیـاتەکان بەبەیاننامەیەک رادەگەیەنرێ کەوەزیری داد لەسەر پێشنیـازی سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوە دەری دەکا.

سێ یەم: سەرپێچی (المخالفە) وکەتن بەپێی حوکمی یاسای هەرزەکاران تەنیا لەلایەن دادوەری هەرزەکـارانەوە دەبینرێ. بەڵام دەشێ لەقـەزاو ناحـیـەکـاندا لەلایەن دادوەرانی دادگای کەتنەوە ببینرێ.

## لقی هەشتەم
## دادگای کار (العمل)

**ماددەی بیست ونۆیەم:**

یەکەم: دادگای کار لەمەڵبەندی هەر پارێزگایەکدا پێکدەهێنرێ.

دووەم: دادگای کار بەیەک دادوەر کۆدەبێتەوە.

سێ یەم: دادگـای کـار ئەو داواو کـاروبارانە دەبینێ کـەبەپێی حـوکـمی یاسـا لەچوارچێوەی تایبەتکاریی ئەو دان.

## لقی نۆیەم
## دادگای لێکۆڵینەوە (التحقیق)

**ماددەی سی یەم:**

یەکـەم :دادگـایەکی لێکۆڵینەوە یازیاتر لەهەر شـوێنێکدا پێکدەهێنرێ کـە دادگـای سـەرەتایی تێـدا بێ بەپێ ی حـوکـمی یاسـا لێدەکۆڵێـتـەوە وئەگـەر دادوەرێکی تایبـەتیی بۆ دیاری نەکـرابوو دادوەری دادگـای سـەرەتایی دەبێـتـە دادوەری لێکۆڵینەوە.

دووەم: وەزیری داد لەسەر پێشنیازی سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوە بۆی هەیە دادگای لێکۆڵینەوە بۆ جۆرێک یاچەند جۆرێکی دیاریکراو لەتاوان تەرخان بکا.

سێ یەم: وەزیری داد بۆی هەیە دەستەیەک بەسەرۆکایەتیی یەکێک لەدادوەران بۆ لێکۆڵینەوەی تاوانێک یا چەند تاوانێکی دیاریکراو پێکبێنێ ودەستەکە دەسەڵاتی دادوەری لێکۆڵینەوەی دەبێ.

## دەروازەی سێ یەم
## خزمەتی دادوەری (الخدمة القضائية)

### بەشی یەکەم
### ئەنجوومەنی دادوەری (مجلس القضاء)

**ماددەی سی ویەکەم:**

یەکەم:

أ- ئەنجوومەنی دادوەری بەسەرۆکایەتیی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق وئەندامێتیی پێشینترین دوو جێگر لەجێگرانی سەرۆک وئەگەر لەکایەدا نەبوون پێشینترین دوو دادوەری دادگای پێداچوونەوە و سەرۆکی دەستەی پشکنینی داد (التفتيش العدلي)و بەڕێوەبەری گشتیی داد ویەکێک لەدادوەرانی دادگای پێداچوونەوە وسەرۆکی دیوانی تۆماری یاسایی (ديوان التدوين القانوني) وسەرۆکی داوای گشتی(الادعاء العام) وبەڕێوەبەری گشتیی تۆماری موڵکایەتی (التسجيل العقاري).

ب- ئەگەر سەرۆک ئامادەنەبوو پێشینترین دوو جێگرەکەی جێگەی دەگرنەوە و ئەگەر ئەوانیش ئامادە نەبوون پێشینترین ئەندامانی دادگای تێ هەڵچوونەوە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەن دەکا.

دووەم: ئەنجوومەن بەلایەنی کەمەوە لەمانگێکدا جارێک کۆدەبێتەوە وسەرۆکیش بۆی هەیە لەکاتی پێویستیدا داوای کۆبوونەوەی بکاو کۆبوونەوەی بەبێ ئامادەبوونی سەرۆک یا ئەوەی لەکاتی ئامادەنەبوونیدا جێگەی دەگرێتەوە وبەلایەنی کەمەوە سێ لەچوار بەشی ئەندامانی پێک نایەت وبڕیارەکانیش بەزۆربەی

ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەن دەدرێن.
سێ یەم: ئەنجوومەن سکرتێرێکی لەوەرگرانی باوەڕنامەی بەکالۆریوسی لەیاسادا دەبێ کە ڕێکخستنی کاروباری ئەنجوومەن وئامادەکردنی بەرنامەی کاری وپوختە کردنی ئەو کێشانەی دەخرێنە بەردەمی وراگەیاندنی بڕیارەکانی لەئەستۆ دەبێ.

**ماددەی سی ودووەم:**

ئەنجوومەن ئەم ئەرکانە بەجێ دێنێ:

١- لێکۆڵینەوەی نەخشەی سەرەتایی وەزارەت وپێشکەشکردنی تێبینی لەبارەیەوە.

٢- لێکۆڵینەوە لەو کێشانەی وەزیر بۆیانی دەنێرێ.

٣- تێڕوانینی پلەبەرزی وگواستنەوەو بەخواستندان(الترفیع والنقل والاعارە)ی دادوەران ولێکۆڵینەوە لەرەوشت ورەفتار و لێهاتووییان و سەرپەرشتی کردنی پاراستنی سەربەخۆیی دادوەری(استقلال القضاء).

٤- دەرکردنی بڕیاری پالاوتنی ئەوانەی تەواوی مەرجەکانی دامەزراندنیان بەدادوەر تێدایە وئەگەرداواکارانی دامەزراندن پتر لەپێویست بوون ئەوا ئەنجوومەن دەیانخاتە بەر تاقیکردنەوەیەکەوە وئەوسا بڕیاری پالاوتنی سەرکەوتووترینیان دەدا.

٥- لیژنەیەک بەناوی (لیژنەی کاروباری دادوەران)ەوە لەسێ ئەندام پێک دەهێنێ کە ئەنجوومەن لەسەرەتای هەرساڵێکدا لەئەندامانی خۆی هەڵیاندەبژێرێ وئیشی تێڕوانینی کاروباری دابینکردنی ڕێک وپێکی (الامور الانضباطیە)ی دادوەران دەبێ وبڕیاری لیژنەکەش دەشێ لەلای دەستەی فراوانی دادگای پێداچوونەوە لەلایەن وەزیر وئەو دادوەرەوە کە بڕیارەکەی لەدژ دەرچووە لەماوەی سێ ڕۆژدا لەڕۆژی پێراگەیاندنی یەوە تانووتی لێ بدرێ وبڕیارەکەی لەم بارەیەوە ئیتر بنبڕ(بات) دەبێ.

## بەشی دووەم
## دامەزراندنی دادوەران (تعیین الحکام)

**ماددەی سی وسێ یەم:**

ئەوەی بەدادوەر دادەمەزرێ دەبێ ئەم مەرجانەی تێدابن:

١- عێراقی بێ وزمانی کوردی بزانێ وئەهلی یەتی مەدەنیی تەواوی هەبێ.

٢- تەمەنی لەسی ساڵ کەمتر نەبێ وخاوەن هاوسەر بێ.

٣- حوكم نەدرابێ بەتاوانێکی ناسیاسی یا کەتنێکی (جنحە) لەکەدارکەری شەرەف.
٤- رەوشتی جوان بێ وناوبانگی باش بێ وبەدەستپاک وبێ لایەن ناسرابێ.
٥- مەرجەکانی رێک وپێکیی جەستەی تێدابن وکەم ئەندام نەبێ.
٦- باوەڕنامەی بەکالۆریۆسی لەیاسادا یا ئەوەی هاوتای بێ وەرگرتبێ.
٧- أ- دوای دەرچوونی لەکۆلیژی یاسا بەلایەنی کەمەوە دە ساڵ پارێزەری یا وەزیفەیەکی شێوە دادوەریی کردبێ یا لەپەیمانگای دادوەری دەرچووبێ.
ب- ماوەی کارکردنی لەو وەزیفانەی برگەی(أ) دا پێنج ساڵ دەبێ ئەگەر باوەڕنامەی ماجستێری لەیاسادا وەرگرتبێ و سێ ساڵ دەبێ ئەگەر باوەڕنامە لە دکتۆرای وەرگرتبێ ئیتر ئەو کارکردنەی لەپێش وەرگرتنی باوەڕنامەکەدا بووبێ یالەدوای.
ج- ماوەی کارکردن لەپارێزەری وئەو وەزیفەیەی لەبرگەی(أ) دایە بۆ مەبەستی دامەزراندن لەیەک دەدرێن.
د- دەبێ لەتاقیکردنەوەیەکدا بەنووسین بێ یا بەدەمی سەرکوتووبێ.

**ماددەی سی وچوارەم:**

١- خواستی دامەزراندن بەدادوەر لەگەڵ باوەڕنامەی خوێندن وئەو باوەڕنامانەی تر کە لەمەرجەکانی دامەزراندندا دەخوازرێن ودەدرێن بەوەزارەتی داد ووەزارەتیش دەبێ خواستەکانی دامەزراندن لەگەڵ باوەڕنامەکان دا ئەگەر بەپێ ی یاسا مەرجەکانیان تەواوبوون لەگەڵ راپۆرتێکدا لەبارەی هەر یەکێکیانەوە لەرووی پوختەی خزمەت ورەوشت ولێهاتوویی یەوە بنێرێ بۆ ئەنجوومەنی دادوەری.
٢- ئەنجوومەنی دادوەری لەگەڵ رەچاوکردنی برگەی چوارەمی ماددەی سی ودووەمدا پەسەندترین خواستەکانی دامەزراندن هەڵدەبژێرێ وبریاری دامەزراندنیان دەنێرێ بۆ وەزارەت بۆ دەرکردنی فەرمانی هەرێمی بە دامەزراندن.

**ماددەی سی وپێنجەم:**

یەکەم: وەزیری داد دوای دەرکردنی فەرمانی هەرێمی بەدامەزراندن ئەو دادگایە دیاری دەکا کە دادوەرەکە کاری تێدا دەکا.
دووەم: دادوەر تا ئەم سوێندە لەبەردەم سەرۆکی هەرێمدا نەخوا کارەکەی دەست پێ ناکا: (سوێند بەخودا دەخۆم کەلەنێوان خەڵکیدا دادپەروەرانە حوکم بدەم وبەئەمانەت و بەدەسپاکی وبێ لایەنی یەوە یاسا جێبەجێ بکەم).

**ماددەی سی وشەشەم:**

١- سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە لەنێوان جێگرانی سەرۆک یاپێشینترین دادوەرانیدا دادەمەزرێنرێ ئەگەر ماوەی خزمەتە دادوەری یەکەی لەبیست وپێنج ساڵ کەمتر نەبوو.

٢- جێگری سەرۆک لەنێوان دادوەرانی پێداچوونەوە دا دادەمەزرێنرێ ئەگەر خزمەتی دادوەری یەکەی لەبیست ودوو ساڵ کەمتر نەبوو.

٣- دادوەر لەدادگای پێداچوونەوەدا لەوانەی پۆلی یەکەم یا لەوانە دادەمەزرێنرێ کە ماوەی خزمەتی دادوەری یەکەیان لەبیست ساڵ کەمتر نییە.

٤- سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە وجێگرەکەی ودادوەرانی دادگای پێداچوونەوە بەفەرمانێکی هەرێمی لەسەر بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران دادەمەزرێنرێت.

**ماددەی سی وحەوتەم:**

یەکەم: پلە(درجە) ومووچەی دادوەران وزیادەی ساڵانە وپلەبەرزیان (العلاوە والترفیع) بەم جۆرە دەبێ:

| پلە | سنووری مووچە بەدینار | زیادە | ماوەی پلە بەرزی |
|---|---|---|---|
| أ | ٥٢٠ ـ ٥٩٠ | ١٤ | ـــــ |
| ب | ٤٦٠ ـ ٥٠٠ | ١٢ | ٥ ساڵ |
| ج | ٣٨٠ ـ ٤٣٥ | ١٠ | ٥ ساڵ |
| د | ٣١٠ ـ ٣٧٠ | ٨ | ٥ ساڵ |

دووەم:

أ- سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە پلەی وەزیر دەبێ ومووچە وسەرمووچە (مخصصات)ی وەزیری دەدرێتێ.

ب- مووچەی جێگری سەرۆک ودادوەری دادگای پێداچوونەوە (١٠٠٠) دینار دەبێ.

سێ یەم: دادوەر دوای ئەوەی ساڵێک خزمەت تەواو دەکا زیادەیەکی ساڵانەی لەخۆوە(تلقائی)ی لەرادەی خوارەوە (الحد الادنی) بۆ ڕادەی سەرەوە(الحد الاقصی)ی هەر پلەیەکی بەو پێ یەی لەبڕگەی(یەکەم)ی ئەم ماددەیەدایە دەدرێتێ.

چوارەم:

أ- دادوەران ولەگەڵیاندا جێگری سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە ودادوەرانی ئەم سەرمووچە دادوەری یانە وەردەگرن:

| مووچه | لەقەزاو ناحیەکان دا | لەمەڵبەندی پارێزگاکاندا |
|---|---|---|
| ٥٢٠ـ٥٩٠ | ٨٠٪ی مووچه | ٧٠٪ی مووچه |
| ٤٦٠ـ ٥٠٠ | ٩٠٪ی مووچه | ٨٠٪ی مووچه |
| ٣١٠ـ ٤٣٥ | ١٠٠٪ی مووچه | ٩٠٪ی مووچه |

ب- مەرجە ئەوانەی سەرمووچە بەپێی رێژەکانی برگەی(أ) وەردەگرن لەشوێنی کارەکانیاندا نیشتەجێ بن وبەپێچەوانەوە کەمترین رێژەی ئەو سەرمووچەیەی نێوان شوێنێ نیشتەجێ وشوێنی کارەکەیان وەردەگرن.

پێنجەم:

أ- دادوەران ولەگەڵیاندا جێگری سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە و دادوەرەکانی وداواکارە گشتی یەکان (المدعون العامون) وجێگرەکانیان (٣٠٠) سێ سەد دینار وەک سەرمووچەیەکی براوە(مقطوع) لەبری کرێ خانوو وەردەگرن.

ب- ئەگەر دادوەر چووە خانوویەکی میری یەوە دەبێ فەرمانگەکەی ئەو پارەیە برگەی(أ)ی سەرەوە وەک کرێ بدا بەو لایەنەی خاوەنی خانووەکەیە.

ج- ئەوەی لەشوێنی کارەکەیدا خانووی خۆی هەبێ یا ئەوەی لەشوێنی کارەکەیدا نیشتەجێ نابێ لەسەر مووچەی کرێی خانوو بێ بەش دەکرێ.

شەشەم: دادوەران و لەگەڵیاندا جێگری سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە ودادوەرانی داواکارانی گشتی وجێگرەکانیان ئەم سەرمووچە برایەوانە وەردەگرن:

أ- پۆلی یەکەم ١٠٠٠هەزار دینار
ب- پۆلی دووەم ٨٠٠ هەشت سەد دینار
ج- پۆلی سێ یەم ٦٠٠ شەش سەد دینار
د- پۆلی چوارەم ٤٠٠ چوار سەد دینار

حەوتەم: سەرۆکی داوای گشتی وسەرۆکی دیوانی تۆماری یاسایی وتۆمارکارە یاسایی یەکان وبەڕێوەبەری گشتیی تۆماری موڵکایەتی وسەرپەرشتکارانی داد ئەگەر دادوەر نەبوون ئەو سەرمووچە دادوەرەی وسەرمووچە براوەوەی کرێی خانوویان دەدرێتێ کەلەم ماددەیەدا هەن.

هەشتەم: سەرمووچەی دادوەری و سەرمووچەی کرێی خانوو یائەو سەرمووچەی برایەوانەی بەپێ ی ئەم ماددەیە دەدرێن، ناکەونە بەر حوکمی هیچ یاسایەک کەلەگەڵیدا ناکۆک بن.

## بەشی سێ یەم
## پلەبەرزی وپۆلەبەرزی دادوەران
## (ترفيع الحكام وترقيتهم)

**ماددەی سی وهەشتەم:**

یەکـەم: دادوەر لەپلەیەکـەوە بۆ پلەیەکی بەرزتر بەبڕیاری ئەنجـوومـەنی دادوەری دوای بەسـەربردنی ئەو مـاوەیەی لەبڕگـەی(یەکـەم)ی مـاددەی(٣٧)ی ئەم یاسـایەدا دیاری کراوە بەرزدەکرێتەوە.

دووەم: ئەنجوومەنی دادوەری لەبەرزکردنەوەی پلەی هەر دادوەرێکدا راپۆرتی سەرۆکی تێ هەڵچـوونەوە و سەرپەرشتکاری داد لەبارەی لێهـاتوویی و هەڵسـووڕاندنی کارەکـەیەوە بەباشی ورای وەزارەتی داد لەبارەی رەوشت ورەفتـاری یەوە رەچاو دەکا.

سێ یەم: ئەنجـوومـەنی دادوەری ئەگـەر بۆی سـەلماند ئەو دادوەرە بۆ بەرزکـردنەوەی پلەکەی لێهاتووە بڕیاری بۆ دەداو وەزارەتی داد فەرمانی بۆ دەردەکا.

چوارەم: ئەنجـوومـەنی دادوەری بۆی هەیە بەبڕیارێکی هۆدار(مـسـبب) بەرزکـردنەوەی پلەی دادوەر مـاوەیەک کـەلەسێ مـانگ کـەمـترو سـاڵێک زیاتر نەبێ بۆ زیاتر لەیەک جاریش دوابخا ئەگەر وای بۆچوو کەشیاوی نییە.

پێنجـەم: ئەگـەر دادوەرێک زیاتر لەدووجـاری یەک لەدوای یەک لەهەمـان پلەدا بەرزکردنەوەی دواخرا دەشێ لەسەر پێشنیـازی وەزیری دادو بڕیاری ئەنجوومەنی دادوەری وبەفـەرمانێکی هەرێمی کۆتـایی بەخزمەتی بهێنرێ یا بگوێزرێتـەوە بۆ کارێکی شارستانی(مەدەنی).

**ماددەی سی ونۆیەم:**

یەکەم: پۆلەکانی (أصناف) دادوەران وسنووری مووچەی هەر پۆلێک بەم جۆرە دەبێ:

| پۆل | مووچە بەدینار |
|---|---|
| یەکەم | ٥٢٠ـ٥٩٠ |
| دووەم | ٤٦٠ـ٥٠٠ |
| سێ یەم | ٣٨٠ـ٤٣٥ |
| چوارەم | ٣١٠ـ٣٧٠ |

دووەم: دادوەری لەپۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر لەسـەر خـواستێـک کـەدەیدا بەوەزیری داد وبەبڕیـاری ئەنجـوومـەنی دادوەری بەرزدەکـرێتـەوە بەمـەرجـێک کـەمـووچەکـەی

گەیشتبێتە ڕادەی هەرەنزمی ئەو پۆلەی بۆی بەرزدەکرێتەوە.

سێ یەم: دەبێ وەزارەتی داد لەکاتی پێشکەشکردنی خواستی پۆلەبەرزی یەکدا ڕای هەریەکێ لەدادگای پێداچوونەوە و سەرۆکایەتیی دادگای تێهەڵچوونەوەو سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتکارانی داد لەبارەی لێهاتوویی دادوەرەکەوشیانی بۆ پلەبەرزی وەربگرێ.

چوارەم: وەزارەتی داد خواستەکە لەگەڵ ئەو ڕایەدا کەلەبڕگەی(سێ یەم)ی ئەم ماددەیەدا باسکراوەو لەگەڵ ڕای خۆیشی دا دەدا بە ئەنجوومەنی دادوەری.

پێنجەم: ئەنجوومەنی دادوەری لەهەڵسەنگاندنی شیانی دادوەرەکە بۆ پلەبەرزی پشت دەبەستێ بەو ڕایانەی لەبڕگەی (سێ یەم وچوارەم)ی ئەم ماددەیەدا دیاری کراون وراپۆرتەکانی ساڵانەی سەرۆکەکانی و راپۆرتەکانی سەرپەرشتکارانی دادو ئەو حوکمانەی دادوەرەکە لەدەرکردنیاندا کۆششێکی باشی نواندووە یا بیروڕای یاسایی ئەوتۆی تێدا دەربڕیوون دەریدەخەن کە دەیخوێنێتەوە وئاگاداری چالاکیی یاسا زانی ودادوەری یەو ئەوسا ئەگەر پەسندکرا بڕیاری پۆلەبەرزیی بۆ دەردەکا وبەپێچەوانەشەوە پۆلە بەرزیی یەکەی بۆ ماوەیەک کە لەشەش مانگ کەمتر نەبێ بەبڕیارێکی هۆداری بنبڕ (مسبب وبات) کەدەبێ پێیڕا بگەیەنرێ دوا دەخا.

## بەشی چوارەم
## پلەکانی دادوەری(المناصب القضائیة)

**ماددەی چلەم:**

یەکەم: جێگری سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە ودادوەرانی بەبڕیاری ئەنجوومەنی دادوەری وبە پاڵاوتن لەلایەن سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوەوە لە نێوان دادوەرانی پۆلی یەکەم ودووەمدا دیاری دەکرێن.

دووەم: سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە بەبڕیاری ئەنجوومەنی دادوەری وبەپاڵاوتن لەلایەن وەزیری دادەوە لەنێوان دادوەرانی پۆلی یەکەم ولەجێگرانی دادگاکانی تێ هەڵچوونەوە دادەمەزێنرێ.

سێیەم: دادوەری دادگای پێداچوونەوە بەفەرمانێکی هەرێمی ولەسەر پێشنیازی وەزیری داد لەنێوان دادوەرانی پۆلی یەکەمدا دادەمەزرێنرێ لەوانەی بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ یەکێ لەم وەزیفانەی دیبێ:

أ- سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە.

ب- جێگری سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوە.
ج- دادوەری دادگای تێ هەڵچوونەوە.
د- سەرۆکی دیوانی تۆماری یاسایی وتۆمار کارە یاساییەکان.
هـ- سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتکارانی داد.
و- سەرۆکی داوای گشتی وجێگری داواکاری گشتی.
ز- بەڕێوەبەری گشتی داد.

چوارەم: جێگری سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە بەفەرمانێکی هەرێمی ولەسەر پێشنیازی وەزیری داد لەو دادوەرانەی دادگا دادەمەزێنرێ کەبەلایەنی کەمەوە سێ ساڵی تێدا بەسەر بردبێ.

**ماددەی چل ویەکەم:**

پێشینترەیی (القدم)ی دادوەران بەپێی پایەو پلەو ڕۆژی دامەزراندنیان دەبێ وئەگەر چونیەکی تێکەوت پێشینترین بەو جۆرە دەبێ کە وەزیری داد بڕیاری لەسەر دەدا.

## بەشی پێنجەم

## مۆڵەت ومافی خانەنشینی(الأجازات والحقوق التقاعدية)

**ماددەی چل ودووەم:**

یەکەم: دادوەر مافی مۆڵەتی ئاسایی(الأجازه الاعتیادیه)ی بەپێوانەی یەک ڕۆژ لەبەرامبەر هەشت ڕۆژی ماوەی خزمەتکردنیدا بەمووچەی تەواوی هەیە.

دووەم: دادوەر دەبێ لەهەر ساڵێکدا بەلایەنی کەمەوە سی ڕۆژی مۆڵەتەکانی ساڵانەی وەربگرێ وئەگەر وەری نەگرت لەو هەندەی زیاتر بۆ کەڵەکە ناکرێ کە لە سی ڕۆژەکە زیاترە.

سێ یەم: دەشێ ئەم مۆڵەتە ئاساییانەی بەپێی برگەی(دووەم)ی ئەم ماددەیە بۆی هەڵدەگیرێن بۆی کەڵەکە بکرێن بەمەرجێک لە( ١٨٠ ) ڕۆژ زیاتر نەبێ.

چوارەم: ئەو مۆڵەتانەی دادوەر لەئەنجامی خزمەتەکانی پێشووی دا بوونەتە مافی خۆی بۆی هەڵدەگیرێن.

**ماددەی چل وسێیەم:**

یەکەم: وەزیری داد بۆی هەیە مۆڵەتی خوێندن بۆ دەرەوەی عێراق یا ناوەوەی بۆ ماوەی دوو ساڵ بە مووچەی تەواو بۆ تایبەتکاری(تخصص)لەباسێکدا کە پەیوەندی بەکارمەندیی دادوەری ودادگەری و وەرگرتنی باوەڕنامەی ماجستیر ودکتۆراوە هەبێ بەو دادوەرە بدا کەسێ ساڵی لەبواری دادوەریدا بەسەربردبێ وبۆیشی هەیە ئەو مۆڵەتە بۆ ماوەی یەک ساڵی تر درێژە پێ بدا.

دووەم: دەشێ بۆ ماوەی دوو ساڵ بەمەبەستی وەرگرتنی باوەڕنامەی دوکتۆراو وهەرلەوباسانەدا کەلەبڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا ناوبراوون بۆ دووەم جارمۆڵەتی خوێندن بدرێ بەو کەسەی مۆڵەتی یەکەمی خوێندنی تەواو کرد وباوەڕنامەی ماجستێری وەرگرت ئەویش دوای ساڵێک لە دەست بەکارکردنیەوە لە فەرمانەکەی دا ووەزیری داد بۆی هەیە بۆ ماوەی یەک ساڵی تر درێژە بەم مۆڵەتەش بدا.

سێیەم: مۆڵەتی خوێندن بۆ وەرگرتنی باوەڕنامەی ماجستێر بەوانە نادرێ کەتەمەنیان لەچل ساڵ تێپەڕیوە وبەوانەشی کە دەیانەوێ باوەڕنامەی دکتۆرا وەربگرن ئەگەر لەچل وپێنج ساڵ تێپەڕیبوون.

چوارەم: مۆڵەتی خوێندن بەخزمەتی دادوەری دادەنرێ وئەوەی باوەڕنامەی دکتۆرا وەردەگرێ پێشینترینێکی (قدم) دووساڵە و ئەوەی باوەڕنامەی ماجستێر وەردەگرێ پێشینترینێکی یەک ساڵەی بۆ مەبەستی پلە بەرزی وزیادەی ساڵانەی دەدرێتی.

**ماددەی چل وچوارەم:**

١- دادوەر تا تەمەنی شەست وسێ ساڵی پر نەکاتەوە خانەنشین ناکرێ وموچەکەشی بەمەرجێ پارێزەری نەکا گشت ئەو مووچەو سەرمووچانە دەبێ کەلەکاتی خانەنشینکردنیدا وەری دەگرتن.

٢- ئەگەر دادوەر لەکاتی خزمەتکردنیدا مرد مووچەی خانەنشینیەکەی (ئەگەر هەقی هەبوو) گشت ئەو مووچەو سەرمووچانە دەبێ کە وەری دەگرتن.

٣- دەشێ دادوەر پێش تەواو کردنی ئەوتەمەنەی بەپێی برگە(١)ی ئەم ماددەیە دیاری کراوە لەسەر خواستی خۆی بەپێی حوکمی یاسای خانەنشینی شارستانی(قانون التقاعد المدنی) خانەنشین بکرێ یا لەبەر هۆی تەندروستی بکرێ کەحوکمی برگە(٢)ی سەرەوەی بەسەردا دەدرێ.

٤- ئەودادوەرەی خانەنشین دەکرێ مووچەی گشت مۆڵەتە ئاساییەکانی خۆی دەدرێتی لەسەر بنچینەی کۆی هەموو ئەو مووچە مانگانەیەی وەری دەگرت بەمەرجێ لە(١٨٠) ڕۆژ زیاتر نەبێ.

**ماددەی چل و پێنجەم:**

دادوەر بۆی هەیە هەرکاتێ ئارەزووی کرد واز لەکار بهێنێ «استقالە بدات» و لەم بارەشدا مافی وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی و یاخود «اکرامیەی» دەمینێ کە بەپێی یاسای ڕاژەی شارستانیی «خدمەی مدنی» دەی کەوێت و مافی ئەو مۆڵەتانەیشی

لەدەست نادات کە ماویەتی.

**ماددەی چل وشەشەم:**

ئەو داوایانەی سەبارەت بەماف بەهۆی ئەم یاسایەوە دێنە کایەوە لەلای لیژنەی کاروباری دادوەران دەکرێن وبڕیارەکانی لەم داوایانەدا دەشێ لەلایەن وەزیری دادو ئەو دادوەرەی بڕیارەکەی لەدژ دەرچووە لەماوەی سێ ڕۆژدا لەڕۆژی پێراگەیاندنەوە لەلای دەستەی فراوانی دادگای پێداچوونەوە تانووتیان لێ بدرێ وبڕیارەکەی لەم بارەیەوە بنبڕدەبێ.

**ماددەی چل وحەوتەم:**

لەو کاروبارانەدا کەلەم یاسایەدا نین حوکمی یاسای خزمەتی شارستانی(قانون الخدمه المدنیه) ویاسای خانەنشینی شارستانی(قانون التقاعد المدنی) کارپێدەکرێن بەمەرجێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک نەبن.

## بەشی شەشەم
## گواستنەوە وسپاردن(النقل والانتداب)

**ماددەی چل وهەشتەم:**

یەکەم:

أ- ناشێ دادوەر بەبێ ڕەزامەندیی خۆی بەنووسین بۆ وەزیفەیەکی نادادوەری بگوێزرێتەوە.

ب- دەشێ دادوەرانی پۆلی یەکەم ودووەم ولەگەڵیاندا دادوەرانی دادگای پێداچوونەوە بە ڕەزامەندیی خۆیان بەنووسین وبەفەرمانی وەزیری داد بۆ فەرمانی راوێژکاری یاسایی (مستشار قانونی) لە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمدا یا بۆ سەرۆکایەتیی یەکێ لەفەرمانگەکانی مەڵبەندی وەزارەتی داد ودام ودەزگاکانی یا بۆ دەرس وتنەوە لە زانکۆدا بسپێرردرێن (انتداب) بکرێت بەمەرجێ سیفەتی دادوەری وئەومافانەیان بمێنێ کەسیفەتەکە دەیانداتێ.

دووەم: دەبێ ئەو ماوەی سپاردنەکە لەبرگەی(یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا لەسێ ساڵ پتر نەبێ ودەکرێ بۆیەک ساڵی تر درێژەی پێ بدرێ.

سێیەم: دەشێ دادوەر ئەگەر بەرژەوەندیی گشتی پێویستی کرد بەفەرمانی سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوە بسپێردرێ بۆ کارکردن لەدادگایەکی تردا. بەڵام سپاردن لەدادگایەکی تێ هەڵچوونەوەوە بۆ یەکێکی تر بەفەرمانی وەزیری داد دەبێ

بەمەرجێ ماوەی سپاردنەکە لەساڵێک زیاتر نەبێ.

**ماددەی چل ونۆیەم:**

گـواسـتـنەوەی دادوەران لەمـانگی تەمـووزی هەر سـاڵێکدا دەبێ ودەشێ ئەگـەر بەرژەوەندیی گشتی پێویستی کرد لەمانگەکانی تریشدا بکرێ. گواستنەوەش لەسەر پێشنیاری وەزیری داد وبەبڕیاری ئەنجوومەنی دادوەری دەکرێ.

## بەشی حەوتەم
## ئەرکەکانی دادوەر

**ماددەی پەنجایەم:**

یەکەم: دادوەر دەبێ ئەم ئەرکانە بەجێ بێنێ:

١ــ پاراسـتنی شکۆمـەندیی دادوەری بەوەی بێ لایەن وپاک بێ و، بەدووربێ لەهەر کارو کردارێک کە ببێتە هۆی گومان لێکردنی لەرووی سەر راستیەوە.

٢ــ ئاشکرا نەکردنی ئەوکاروبارو زانیـاری وباوەڕنامـانەی بەهۆی کـارەکـەیەوە ئاگاداربیان لێ پەیدا دەکا وئـەوانەشی پەیوەندییـان بەدامودەزگاکانی هەرێم وکەسانەوە دەبێ. ئەم ئەرکەشی تەنانەت دوای کۆتایی هاتنی خزمەتەکەی هەر لەئەستۆی دەبێ.

٣ــ نەکردنی بازرگانی یا هەرکارێک کە لەگەڵ ئیشی دادوەریدا ناگونجێ.

٤ــ لەبەرکردنی پۆشاکی تایبەتی لەکاتی دادبینیدا(المرافعة) بەپێی ئەو رێنماییەی وەزیری داد دەری دەکا.

٥ــ نیشـتـەجێبـوون لە مـەڵبـەندی شـوێنی کـارەکەیدا لەو حـاڵەتەدا نەبێ کـە وەزیری داد لەبەر بارودۆخـێکی تـایبـەتی رێگەی دەدا لەشـوێنێکی تـردا نیشتەجێ ببێ.

دووەم: چالاکی سیـاسی لەدادوەر قەدەغەیە ونابێ خۆی بۆ ئەنجـوومـەنی نیشـتـمـانیی ودەستە ناو خۆیەکان ورێکخراوە سیاسییەکان بپاڵێوێ دوای وازهێنانی نەبێ لەکارەکەی.

**ماددەی پەنجاو یەکەم:**

نابێ ئەو دادوەرانەی پەیوەندیی ژنخـوازی یاخـزمـەتیـیـان تا رادەی چوارەم لەنێـواندا

هەیە لەیەک دەستەی دادوەریدا پێکەوە بەشدار بن ونابێ دادوەر تانووتدان لەحوکمێک ببینێ کە دادوەرێکی تر بینیبێتی وئەو جۆرە پەیوەندییەی لەگەڵیدا هەبێ.

## بەشی هەشتەم
## سەرپەرشتی کردنی ئیشی دادوەران وکاروباری رێکوپێکی

## لقی یەکەم
## سەرپەرشتی کردنی دادوەران

**ماددەی پەنجاو دووەم:**

یەکەم:

أ ــ وەزیری داد مافی سەرپەرشتی وچاودێری کردنی بەسەر گشت دادگاودادوەران وئەو فەرمانبەرو دەستەو لیژنانەدا هەیە کەدەسەلاتی دادوەرییان دراوەتێ.

ب ــ سەرپەرشتی وچاودێری کردن بەهۆی سەرپەرشتکاریی داد یا بەهۆی ئەو دادوەرانەوە دەبێ کە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکرێن.

جـ ــ سەرپەرشتی لەسەرکارەکانی دادگای پێداچوونەوە دادوەرانی لەلایەن سەرۆکەوە دەکرێ بەمەرجێ راپۆرتێکی سالانە لەبارەی کارەکانی دادگاوە بەوەزیری داد وئەنجوومەنی دادوەری بدا.

دووەم:

أ ــ سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە مافی ئەوەی هەیە سەرپەرشتی گشت دادگاکانی ناوچەکەی بکا وبیانپشکنی ورێنوێنییان بکاو سەبارەت بەو سەرپێچییانەی (مخالفات) لەبواری ئەرکەکانی فەرمانبەری وبەڕێوەچوونی کاروباری ئیداری و، ژمێریارییەوە روودەدەن سەرنجیان رابکێشێ ودەبێ راپۆرتی ساڵانەش بدا بە وەزارەتی داد وئەنجوومەنی دادوەری لەبارەی دادوەرانی ناوچەکەیەوە وتێبینیی خۆی لەرووی رەفتارو لێهاتوویی وکاروباری دادگاکانیانەوە رابگەیەنێ.

ب- سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە بۆی هەیە یەکێک لە جێگرەکانی بۆ پشکنینی هەر یەکێ لەدادگاکانی ناوچەکەی بنێرێ.

**ماددەی پەنجاو سێیەم:**

یەکەم: دەبێ دەستەکانی پێداچوونەوە ودەستەکانی دادگاکانی تێ هەڵچوونەوە ودادگاکانی تاوان راپۆرتی وەرزی(فصلي) رێک بخەن و تیایاندا ئەوحوکم وبریارانە دیاری بکەن کە دادوەر لەئەنجامی نەزانییەوە سەبارەت بەبنەما یاساییە سەرەتاییەکان( الجهل بالمبادئ القانونية الاولية) یاغافڵبوونی لەچەند رووداوێک کەلەکاتی پێداچوونەوەی حوکم و بریارەکانیدا دەردەکەوون هەڵەیەکی قەبە(خطأ فاحش)ی کردووە وێنەیەکیان بنێرن بۆ وەزارەتی دادو ئەنجوومەنی دادوەری بۆ هەڵگرتنیان لە فایلی خودی دادوەرەکاندا تا لەکاتی باسکردنی پلەبەرزی وپایە بەرزی یاندا رەچاوبکرێن.

دووەم: وەزارەتی دادو ئەنجوومەنی دادوەری ودادگای پێداچوونەوە ودادگاکانی تێ هەڵچوونەوە ودادگاکانی تاوان بەپێی رێنماییەک کە وەزیری داد دەری دەکا ئەو هەڵانە لەدەفتەری تایبەتیدا تۆمار دەکەن.

**ماددەی پەنجاو چوارەم:**

یەکەم: وەزیری داد بۆی هەیە سەرنجی دادوەر بۆ ئەو هەڵە یاسایی وئیدارییانە وبۆ هەرکارو کردەوەیەکی پێچەوانەی ئەرک وخواستی فرمانەکەی رابکێشێ کە لە ئەنجامی پشکنینی کارەکەیەوە دەردەکەون.

دووەم: سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە و، سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە بۆیان هەیە سەرنجی دادوەر بۆ ئەو هەڵە یاساییانە رابکێشن کەلەکاتی ووردکردنەوەی پێداچوونەوەدا(التدقيقات التمييزية) دەردەکەون.

سێیەم: سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوە بۆی هەیە سەرنجی دادوەر لە ناوچەیەکەدا بۆ هەر کردەوەیەکی پێچەوانەی ئەرکەکانی فرمانەکەی رابکێشێ.

چوارەم: سەرنج راکێشان بە نووسراوێک دەبێ کە ئاراستەی دادوەر دەکرێ و، وێنەیەکی بەوەزارەتی داد وئەنجوومەنی دادوەری رادەگەیەنرێ و، وێنەیەکیشی دەخرێتە ناو فایلەکەی خۆیەوە.

## لقی دووەم

## کاروباری دابینکردنی رێکوپێکی(الانضباط)

**ماددەی پەنجاو پێنجەم:**

لیژنەی کاروباری دادوەران کە بەپێی ئەم یاسایە پێکهاتووە لەو داوای دابینکردنی رێک وپێکییەدا(الدعوي الأنضباطية)کە دژ بەدادوەرێک دەکرێ یەکێ لەم سزایانە دەدا:

یەکەم: ئاگادارکردن کە ئەنجامەکەی دواخستنی زیادەو پلە بەرزیی دادوەر دەبێ بۆ ماوەی شەش مانگ.
دووەم: دواخستنی پلەبەرزی یا زیادە یا هەردووکیان بۆماوەیەک کەلە ساڵێک کەمتر نەبێ ولەسێ ساڵ زیاتر نەبێ لە رۆژی بڕیارەکەوە، ئەگەر ماوەی یاسایی پلەبەرزی تەواو کردبێ و، ئەگەر نا لە رۆژی تەواو کردنییەوە.
سێیەم: کۆتایی پێهێنانی خزمەت: ئەم سزایە وەختێک بەسەر دادوەردا دەدرێ کەحوکمێکی بنبڕ(بات) بەسزادانی لە دادگایەکی پەیوەندیدارەوە دەرکرابێ سەبارەت بە کردارێکی کە لەگەڵ شەرەفی فرمانی دادوەریدا نەگونجێ، یا ئەگەر لەئەنجامی دادگایی کردنیدا لەلایەن لیژنەکەوە سەلمێنرا کە ئەو دادوەرە بەکەڵکی بەردەوام بوون لە خزمەتی دادوەریدا نایەت.

**ماددەی پەنجاو شەشەم:**

یەکەم: ئەنجوومەنی دادوەری بۆی هەیە خزمەتی دادوەری پۆلی چوارەم بە بڕیارێکی هۆدار، بەوەی بەکەڵکی دادوەری نایەت و، بەفەرمانێکی هەرێمی کۆتایی پێ بێنێ یا بیگوێزێتەوە بۆ فرمانێکی شارستانی(مدنی).
دووەم: ئەوەی بەپێی ئەم یاسایە کۆتایی بەخزمەتی دەهێنرێ ناگەرێتەوە بۆ دادوەری، بەڵام دەکرێ لە فرمانێکی شارستانیدا دابمەزرێنرێ.

**ماددەی پەنجاو حەوتەم:**

یەکەم: داوای رێکوپێکی(الدعوي الأنضباطية) دژ بەدادوەر وسپاردنی بەلیژنەی کاروباری دادوەران بە بڕیاری وەزیری داد دەکرێ و، دەبێ ئەو رووداوە باس بکا کە دراوەتە پاڵی و،ئەو بەڵگانەش پشتگیریی لێ دەکەن وئەم بڕیارەش دەدرێ بەهەردوولا دادوەرەکە وداواکاری گشتی.
دووەم:
أ- لیژنەی کاروباری دادوەران لەکاتی بینینیدا و، کە دیاری دەکاو بەوەزیری داد وسەرۆکایەتی داواکاری گشتی ودادوەرەکەی رادەگەیەنێ.
ب - دادگایی کردن بەنهێنی دەبێ وبڕیارەکە بەئاشکرا رادەگەیەنرێ.
ج - دادگایی کردن بەئامادەبوونی نوێنەری وەزیری داد وسەرۆکی داواکاریی گشتی یاهەر یەکێ لەو داواکارە گشتییەکان کە لەبری خۆی دەینێرێ ودادوەرەکە کە دەبێ خودی خۆی ئامادەی بێ دەکرێ و، بۆیشی هەیە پارێزەری لەگەڵدا بێ.

د ــ لیژنە بۆی هەیە بەخودی خۆی هەرچی لێکۆڵینەوەیەک بەباش دەزانێ بیکا.

هـ ــ لیژنە دوای تەواو کردنی لێکۆڵینەوە وگوێ گرتن لە قسەی نوێنەری وەزیری دادو داواکاریی گشتی وبەرگریی دادوەرەکە بیروڕای خۆی لەسەرداواکە دەردەبڕێ وبڕیارەکەشی بەوەزیری داد وسەرۆکی داواکاریی گشتی ودادوەرەکە رادەگەیەنێ.

وــ لیژنە لە هەڵسووراندنی کارەکەیدا پەیڕەوی ئەو بنەمایانە دەکا کە لە یاسای ئوسوڵی دادگایی کردنی سزاییدا هەن.

**ماددەی پەنجاو هەشتەم:**

یەکەم: ئەگەر لیژنەی کاروباری دادوەران سەیری کرد ئەو کارەی دراوەتە پاڵ دادوەرەکە تاوانێک یا کەتنێک پێکدەهێنێ بڕیاردەدا بیداتە دادگای پەیوەندیدار ودوای ئەوەی وەزیر بەپێی یاسای رێکوپێکیی فەرمانبەرانی دەوڵەت دەستی لەکار دەکێشێتەوە ئەوراقەکانی بۆ دادگاکە دەنێرێ.

دووەم: ئەگەر دادگای پەیوەندیدار بڕیاری بێگوناهی(براءه) یامەرەخەسکردن(افراج)ی دادوەرەکەیدا یا هەر بڕیارێک کەداوا سزاییەکە بەکۆتایی بگەیەنێ دەبێ بەپێی ئەم یاسایە لەسەربینینی داوا رێکوپێکییەکە (الدعوي الأنضباطية)بەردەوام بێ.

سێیەم: ئەگەر دادگا بڕیاری گوناهبارکردنی دادوەرەکەی دا لیژنە دەبێ بەپێی ماددەی (٥٥)ی ئەم یاسایە سزایەکی رێکوپێکیی گونجاو، لەگەڵ ئەو کارەدا کە دراوەتە پاڵی بەسەریدا بدا.

**ماددەی پەنجاو نۆیەم:**

وەزیری داد وسەرۆکی داواکاریی گشتی ودادوەرەکە مافی ئەوەیان هەیە لەماوەی سێ رۆژدا لە رۆژی راگەیاندنەوە لەلای دەستەی فراوانی دادگای پێداچوونەوە تانووت لە بڕیارەکەی لیژنەی کاروباری دادوەران بدەن ودەستەی فراوانیش بۆی هەیە ئەگەر پێویستی کرد نوێنەری وەزیری دادو نوێنەری سەرۆکی داواکاریی گشتی ودادوەرەکە بانگ بکا بۆ گوێ گرتن لە قسەیان وئەوسا بڕیاری پەسەندکردنی بڕیارەکەی لیژنە یا هەڵوەشاندنەوەی یاگۆڕینی دەدا وبڕیارەکەی لەم بارەیەوە بنبڕ(بات) دەبێ.

## دەروازەی چوارەم

## چەند حوکمێکی جۆراوجۆر

**ماددەی شەستەم:**

یەکەم: ئەگەر سەرۆکی دادگایەک یا سەرۆکی دەستەیەک ئامادەنەبوو یا شوێنی

فرمانەکەی چۆڵ بوو یاهەر کۆسپێک ڕێگەی چوونە سەر کارەکەی لێ گرت
پێشینترینی جێگرانی یا ئەندامان کارەکەی بەڕێ دەکا.

دووەم: ئەگەر زیاتر لەیەک دادوەر لەیەک دادگادا هەبن پێشینترینیان بەرپرسیار دەبێ
لەبەڕێوەبردن ودابەشکردنی ئیشوکار لە نێوانیانداو وەزیری داد بۆی هەیە
یەکێکی تر دیاری بکا.

**ماددەی شەست ویەکەم:**

نابێ دادوەر بەبێ ڕێ پێدان لەلایەن وەزیری دادەوە بگیرێ یا هیچ کردارێکی سزایی لە دژی بکرێ تەنیا لە حاڵەتی کردنی تاوانێکدا نەبێ کەدەم ودەست لێی ببینرێ.

**ماددەی شەست ودووەم:**

١ــ لەسەر پاڵاوتن لەلایەن وەزیری دادەوە وبەپێشنیازی ئەنجوومەنی دادوەری فەرمانێکی هەرێمی دەردەکرێ بۆ گەڕاندنەوەی ئەو دادوەرانەی پێش دەرچوونی ئەم یاسایە خانەنشین کراون و، مەرجەکانی برگەی(٣)ی ماددەی (٣٦)ی ئەم یاسایەیان تێدایە تا بەپێی بەڵێننامە(عقد) لەنێواندا ببنە ئەندامی دادگای پێداچوونەوە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی خۆیان بە نووسین.

٢ــ ماوەی خزمەتکردنی ئەوانەی بەپێی برگە(١)ی ئەم ماددەیە دەگەڕێنرێنەوە بۆ دادوەری سێ ساڵ دەبێ و، وەزیری داد بۆی هەیە پێشنیاز بکا کە پێشتر کۆتایی بە خزمەتەکەیان بهێنرێ.

٣ــ هەریەکێ لەوانەی بەپێی برگە(١)ی ئەم ماددەیە دەگەڕێنرێتەوە مانگانە(١٥٠٠)هەزار وپێنج سەد دیناریان وەک سەرمووچەیەکی دابڕ(مخصصات مقطوعە) دەدرێتێ.

**ماددەی شەست وسێیەم:**

وەختی دەوام کردن لە دادگاکاندا بەپێی وەرزەکان بە بڕیاری ئەنجوومەنی دادوەری دیاری دەکرێ بەمەرجێ ماوەی دەوام کردن ڕۆژانە لەپێنج سەعات کەمتر نەبێ و،دەشکرێ وەختێکی تایبەتی دەوامکردن بۆمانگی ڕەمەزان دیاری بکرێ بەمەرجێ لەچوار سەعات کەمتر نەبێ.

**ماددەی شەست وچوارەم:**

وەزیری داد بۆی هەیە ڕێنمایی بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکا.

**ماددەی شەست وپێنجەم:**

کاربەهیچ دەقێکی تر ناکرێ کە لەگەڵ ئەم یاسایەدا ناکۆک بێ.

**ماددەی شەست وشەشەم:**

دەبێ وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی شەست وحەوتەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا کاری پێ دەکرێ.

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**و/سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**«هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە»**

دوای پێکهاتنی وەزارەتی داد لە هەرێمدا ودەرکردنی یاساکەی دەبوو یاسایەکی تایبەتی بۆ دەسەڵاتی دادوەری دەربکرێ کە دامودەزگاکانی دادگاکان و، بنیاتنانی دەزگایەکی دادوەری پێشکەوتوو دیاری بکا کە بتوانێ بچێتە ژێر بارییەوە رۆڵی خۆی لە سەپاندنی یاساکان و، بەدیهێنانی دادگەری ببینێ بەشێوەیەک کەلەگیانی بنەمای سەروەریی یاساو، سەربەخۆییی دادوەرییەوە هەڵقوڵابێ لەبەر ئەوهۆیانە ئەم یاسایە دەرکرا.